رووداو
RÛDAW
ژمارە (507) دووشەممە 2018/5/28 - 7ی جۆزەردان 2718 (750) دینار

وەزارەت رازی نییە

# کامبریج: هەموو قوتابخانەکانی کوردستان دەکەینە نموونەیی

**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی کامبریج لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، بیرۆکەیەکیان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان بکەنە ئەهلی و نموونەیی، بە مەرجێک ساڵانە بڕە پارەیەک لە هەر خوێندکارێک وەربگرن، بەڵام وەزارەتی پەروەردە پرۆژەکە ڕەتدەکاتەوە.

هەڵگورد شێخ نەجیب بە (رووداو)ی گوت کە ماوەی چەند ساڵێکە بیرۆکەی ئەوەیان هەیە ناوەندەکانی خوێندنی حکومی لە کوردستان لە ڕێگای پڕۆژەیەکەوە بە ئەهلی بکەن، بۆ ئەو پڕۆژەیەش ساڵانە بڕە پارەیەکی کەم لە هەر خوێندکارێک وەردەگرن کە ساڵانە تەنیا بڕی 200 دۆلارە.

گوتیشی: "دەکرێت سەرەتا وەک نموونە چەند قوتابخانەیەک ڕادەستی ئێمە بکرێت و بیرۆکەکەی تێدا جێبەجێ بکەین، ئەگەر سەرکەوتوو بوو، کار لەسەر ناوەندەکانی دیکەش دەکەین".

بەڵام سامان سیوەیلی، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە ڕایگەیاند، وەزارەت هەموو پڕۆژەیەک ڕەتدەکاتەوە کە تێیدا خوێندن بکرێت بە پارە. ئەو قسانەی گوتەبێژەکەی وەزارەتی پەروەردە لەکاتێکدایە کە دەڵێت خەرجیی هەر قوتابییەک لە هەرێمی کوردستان لەسەر حکومەت ساڵانە 400 — 420 دۆلار دەکەوێت.

«2



زریان رۆژهەڵاتی

## شۆکی دراو، شۆکی سیاسەت!

19

جەهەپە:

## بە چوار ساڵ پرسی کورد چارەسەر دەکەین

4

## "هاوپەیمانێتی مەزڵومەکان" سەردەگرێ؟

3

# یەکێتی لەجیاتی کۆنگرە پلینیۆم دەبەستێ

کۆنگرە بکرێ یان پلینیۆم
هەر مام جەلال سکرتێرە

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی

3



کۆمەڵایەتی 13

لەژێر نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت دەمرێ



ڕاپۆرتەهەواڵ 2

سەدام هۆکاری ڕووداوەکەی گرتووخانەی زرکا بوو

شرۆڤە 14

هۆکارەکانی دارمانی لیرەی تورکی



هونەری 10

زوبێر ساڵح بۆ (رووداو):

دەگەڕێمەوە کۆبانێ و منداڵان فێری موزیک دەکەم



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (507) - دووشەممە 2018/5/28



## گورگێک پەلاماری منداڵێک دەدات

**ڕووداو – هەولێر**

لە گوندی لێری سەر بە شارۆچکەی شێروان مەزن لە قەزای مێرگەسۆر، گورگێک پەلاماری منداڵێک دەدات و برینداری دەکات، کەسوکارەکەی داوا دەکەن ئەو ئاژەڵە دڕندانە لەنێوببرێن و لە گوندەکەیان دووربخرێنەوە. بارزان عەبدوڵڵا، کەسوکاری ئەو منداڵە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی (2018/5/26) گورگێک هێرشیکردە سەر منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ و برینداریکرد، گورگەکە بۆ دووری 100 مەتر لەگەڵ خۆی بردووە و دواتر ڕزگارکراوە. منداڵەکە ناوی (هاکان ڕزگار حاجی)یە و بەگوتەی کەسوکارەکەی، دوای ئەوەی منداڵەکە بانگی کەسوکاری کردووە توانیویانە لە چنگی گورگەکە ڕزگاری بکەن و دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کردووە و ئێستا تەندروستی جێگیرە.

## وەزارەتی پەروەردە پڕۆژەکە ڕەتدەکاتەوە

# کامبریج پێشنیاز دەکات هەموو قوتابخانەکان بکاتە ئەهلی و نموونەیی

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو– هەولێر**

بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی کامبریج لە هەرێمی کوردستان دەڵێت بیرۆکەیەکیان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی لەڕووی ئیدارییەوە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان بە (ئەهلی) بکەن، بۆ ئەوەش پێویستیان بەوەیە ساڵانە بڕە پارەیەک لە هەر خوێندکارێک وەربگرن، بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە پڕۆژەکە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "هەموو پڕۆژەیەکی لەو جۆرە ڕەتدەکەینەوە، چونکە ناکرێت بۆ خوێندن پارە لە قوتابی وەربگیرێ".

هەڵگورد شێخ نەجیب، بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی کامبریج لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت ماوەی چەند ساڵێکە بیرۆکەی ئەوەیان هەیە ناوەندەکانی خوێندنی حکومی لە کوردستان لە ڕێگای پڕۆژەیەکەوە بە ئەهلی بکەن و گوتی: "بیرۆکەکە بەو جۆرەیە کە ناوەندەکانی خوێندنی حکومی لەڕووی ئیدارییەوە بدرێتە دەست ئێمە بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە قوتابی بەهەمان ئاستی قوتابخانە ئەهلییەکان پێبگەیەنین".

بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی کامبریج لە هەرێمی کوردستان باسی ئەوەشی کرد کە بۆ ئەو پڕۆژەیە ساڵانە بڕە پارەیەکی کەم لە هەر خوێندکارێک وەردەگیرێ. ئەو دەڵێت: "ئەگەر ئەو بیرۆکەیە بکرێتە پڕۆژە و جێبەجێ بکرێ. بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە هەر خوێندکارێک ساڵانە تەنیا بڕی 200 دۆلاری لێوەردەگیرێ، ئەوەش بۆ ساڵێکی خوێندن بەو ئاستە بەرزە بڕە پارەیەکی زۆر نییە".

کرێی خوێندنی ساڵانە لە قوتابخانە ئەهلییەکانی کوردستان لە نزیکەی 1000 دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو نزیکەی هەشت هەزار دۆلار. یەکێک لە قوتابخانە ئەهلییەکانی کوردستان کامبریجە کە زنجیرەیەک قوتابخانەی لە کوردستان هەیە.

هەڵگورد شێخ نەجیب، ئاماژەی بەوەدا کە پێشتر ئەو بیرۆکەیەیان بە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە گەیاندووە، سەبارەت بە وەڵامەکەی،

> **بۆ ئەو پڕۆژەیە ساڵانە تەنیا 200 دۆلار لە قوتابی وەردەگرین**
> بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی کامبریج

هەڵگورد شێخ نەجیب گوتی: "وەزارەتی پەروەردە بیرۆکەکەی پێ خراپ نەبوو، بەڵام کاریان لەسەر نەکرد، ئێستاش ئەگەر ئامادەبن کاری لەسەر بکەن، ئامادەین بیرۆکەکە بکەینە پڕۆژەیەکی باش و فراوان، دەکرێت سەرەتا وەک نموونە چەند قوتابخانەیەک ڕادەستی ئێمە بکرێت و بیرۆکەکەی تێدا جێبەجێ بکەین، ئەگەر سەرکەوتوو بوو دەکرێت کار لەسەر ناوەندەکانی دیکەی خوێندن بکەین".

لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن هەر لە باخچەی منداڵانەوە تاوەکو زانکۆ بەخۆڕاییە، واتە قوتابی نزیکەی 16 ساڵ دەخوێنێ، بەبێ ئەوەی یەک دینار بداتە حکومەت.



لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن هەر لە باخچەی منداڵانەوە تاوەکو زانکۆ بەخۆڕاییە

وەزارەتی پەروەردە هەموو پڕۆژەیەک ڕەتدەکاتەوە کە تێیدا خوێندن بکرێت بە پارە. سامان سیوەیلی گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بە (ڕووداو)ی گوت، ئەوان وەک وەزارەت سیاسەتی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ ئیدارەدانی ناوەندەکانی خوێندن، ئامادەنین لەهیچ کاتێکدا ئەو کارە ڕادەستی ڕێکخراو یان ناوەندێکی ئەهلی بکەن و گوتیشی: "بەپێی دەستوور و یاسای وەزارەتی پەروەردەش، خوێندن لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەبێ بەرامبەرە، بۆیە هەموو ئەو پڕۆژانە ڕەتدەکەینەوە کە خوێندنی حکومی بکاتە پارە".

ئەو قسانەی گوتەبێژەکەی وەزارەتی پەروەردە لەکاتێکدایە کە دەڵێت خەرجیی ساڵانەی هەر قوتابییەک لەسەر حکومەت 400 — 420 دۆلارە.

> **خەرجیی ساڵانەی هەر قوتابییەک لەسەر حکومەت 420 دۆلارە**
> گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە

گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە دەشڵێت لە ماوەی ڕابردوودا ڕێکخراوی یونیسێف پڕۆژەیەکی بۆ ئابووریی سەربەخۆی قوتابخانەکان پێشکەش کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو پڕۆژەیەدا بڕی 10 بۆ 15 هەزار دینار لە خوێندکار وەردەگیرا، ئەوان پڕۆژەکەیان قبووڵ نەکردووە. سیوەیلی گوتی: "هەرچەندە ئەو پڕۆژەیە خراپ نەبوو کە ناوەندەکانی خوێندن ببنە خاوەنی ئابووریی سەربەخۆی خۆیان و ئەو پارەیەی کۆدەکرێتەوە لە بانکەکاندا مامەڵەی بازرگانیی پێوە بکرێت، یاخود لە پڕۆژەیەکی بازرگانیدا بەکاربهێنرێ، دواتریش قەزانجەکەی بۆ سوودی قوتابخانەکە و پێگەیاندنی خوێندکاران خەرج بکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشنیازی دەکرد کە پارە لە خوێندکار وەربگیرێ، ڕەتمانکردەوە".

## گیراوەکان بەدەم هاواری ئەڵاهوئەکبەرەوە هێرشیان بردبوو

# سەدام هۆکاری ڕووداوەکەی گرتووخانەی زرکا بوو

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

هەوڵی ڕاکردنی چەند بەندکراوێکی گرتووخانەی زرکا لە دهۆک، هەر لەلایەن خودی بەندکراوەکانەوە شکستی پێهێنرا، بەڵام کارەساتێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا کە حەوت کوژراو و 12 برینداری لێکەوتەوە. زۆربەی ئەوانەشی بوونەتە قوربانی، بەپێی ماددەکانی تایبەت بە تیرۆر و سیخوڕی سزادرابوون.

هەوڵەکە کاژێر 12:30ی ڕۆژی 2018/5/26 لەلایەن بەندکراوێکی گرتووخانەکەوە بەناوی سەدام جابر دەستپێکرد، کاتێک ویستی پەلاماری پاسەوانێکی بەندیخانەکە بدات. دواتر چەند گیراوێک لەگەڵ سەددام ویستیان دەرگای بەندیخانەکە بشکێنن، بەڵام لەلایەن گیراوەکانی دیکەوە ڕێگرییان لێکرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وردەکاری ڕووداوەکەی گێڕایەوە و گوتی: "سەدام کەسێکی زۆر خراپ بوو، عەرەبێکی خەڵکی نەینەوا بوو، سێ جار سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو. شەڕەکەی زرکاش هەر لەسەر دەستی ئەو دەستپێکرد".

به گوتەی ئەو سەرچاوەیە، نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەدام پەلاماری پاسەوانێکی بەردەم هۆڵەکەیانی داوە. دواتر ڕەوشەکە لەلایەن پاسەوانەکانی دیکە و بەڕێوەبەری گرتووخانەکەوە کۆنترۆڵ کراوە. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "دواتر سەددام بانگی گیراوانی هۆڵی تیرۆری کرد کە نزیکەی 30 گیراوی تێدایە، هەموویان بەدەم تەکبیر لێدان و گوتنی دەولەت ئەلئیسلام باقیە هاتنە دەرەوە و هێرشیان برد".

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، کاتێک گیراوەکانی دیکەی بەندیخانەکە گوێیان لە دەنگی "اللە اکبر" دەبێ، دێنە دەرەوە. سەرچاوەکە دەڵێت: "سەدام و گیراوەکانی دیکەی هۆڵی تیرۆر هێرشیان کرد و دەرگای هۆڵەکەیان شکاند، بەڵام گیراوەکانی دیکە بە تایبەتی کوردەکان کاتێک گوێیان لە تەکبیر و دروشمەکانی داعش دەبێ، لەگەڵ پاسەوانەکانی زیندان بەرگری دەکەن و دەیانخەنەوە هۆڵەکەی خۆیان".



لە ڕووداوەکەی زرکادا حەوت بەند کراو کوژران و 12ی دیکەش بریندار بوون

### هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە چی بوو؟

بارودۆخەکە هێور دەکرێتەوە، بەڵام دواتر دووکەڵێکی ڕەش لە هۆڵی تیرۆر دێتە دەرەوە. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "هێرشکارەکان کاتێک زانییان پلانی ڕاکردنیان لە زیندان شکستی هێنا، دەرگای هۆڵەکەیان داخست و شووشەی پەنجەرەکانیان شکاند، پاشان ئاگریان لە هۆڵەکە بەردا، ناچار بووین دەرگای هۆڵەکە بشکێنین، کە چووینە ژوورەوە چەند بەندکراوێک سووتابوون، هەندێکیشیان بە دووکەڵی ئاگرەکە تەنگەنەفەس بووبوون".

ئەوانەی لەو ڕووداوەدا بوونەتە قوربانی، بە تاوانی تیرۆر و سیخوڕی سزادرابوون، زۆربەیان عەرەبی پارێزگای نەینەوا بوون، تەنیا یەکێکیان نەبێ کە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بوو، ئەو بە تاوانی سیخوڕی سزادرابوو، تەنیا هەشت مانگ لە حوکمەکەی مابوو.

ئەگەرچی بەندیخانەکەی دهۆک لە ساڵی 2009 لەسەر سیستمی بەندیخانەکانی ئەمریکا دروستکراوە، بەڵام ئەوە دووەمین هەوڵی ڕاکردنی گیراوەکانە لەو گرتووخانەیە. پێشتریش لە ساڵی 2012دا 11 زیندانی لە ڕێگەی لێدانی تونێلێکەوە لە زیندانەکە هەڵاتن و تەنیا دوو کەسیان دواتر خۆیان تەسلیم کردەوە.

ئەوانەی لە ڕووداوەکەی ڕۆژی 26ی ئەم مانگەدا بوونە قوربانی، بریتین لە سادق محەممەد فەیاز، کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، بە تاوانی سیخوڕی سزا درابوو. نایف فەتحی محەممەد، بە تاوانی تیرۆر، ئیبراهیم ئەلجبووری بە تاوانی تیرۆر، فەرحان حامد شممەری بە تاوانی تیرۆر، محەممەد ئیبراهیم حەدیدی بە تاوانی تیرۆر، تەها ساڵح ئیسماعیل بە تاوانی سیخوڕی، محەممەد ڕاشع بە تاوانی تیرۆر سزا درابوون.

جگە لەوانەی لەو ڕووداوەدا مردن، 12 بەندکراو و فەرمانبەرێک و بەڕێوەبەری گرتووخانەکەش بریندار بوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کران.

سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی سووتاوی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، چوار لە بریندارەکان جەستەیان سووتابوو، ئەوانی دیکەش تەنگەنەفەس و برینی سووک بوون، هەموویان چارەسەر کران و زۆربەیان گەڕێندرانەوە زیندان، تەنیا سێ لە سووتاوەکان لە نەخۆشخانە ماون".

دوای ڕووداوەکە، فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: "ڕەوشی چاکسازی کۆنترۆڵ کراوە و لێژنەیەک پێکهاتووە بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕووداوە".

پارێزگاری دهۆک ڕەتیکردەوە بەڕێوەبەری چاکسازیی دهۆک هۆکاری ئەو ڕووداوە بووبێ و گوتی: "هیچ کەسێک هۆکار نەبووە، پێشتریش ئێمە ڕامانگەیاندبوو کە ئەو چاکسازییە شوێنی ئەو هەموو تاوانبار و تۆمەتبارانەی تێدا نابێتەوە، بەڕێوەبەری چاکسازی یەکێک لە باشترین بەڕێوەبەرەکانە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق.

د.نەوزاد ئامێدی، بەڕێوەبەری چاکسازیی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "ژمارەی ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە حەوت کەس، تەرمەکان و دۆسیەکانیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کراوە و هیچ پەیوەندیان بە ئێمەوە نەماوە".

# چالاکڤانێکی دهۆک بێسەروشوێنە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

دوو ڕۆژە چالاکڤانێکی خەڵکی دهۆک بێسەروشوێنە، ئەو چالاکڤانە بەردەوام لە تۆڕە کۆمەڵایەکاندا ڕەخنەی لە دەسەڵاتی سیاسی و لە پارتی دەگرت، بۆیە گومان دەکرێت لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرابێ، برایەکی چالاکڤانەکە دەڵێت براکەی دوو مۆبایلی پێیە، بەڵام هەردووکیان داخراون و هیچ لەبارەی چارەنووسی نازانن. سەرچاوە ئەمنییەکانیش بێ ئاگایی خۆیان لە ونبوونی ئەو کەسە دەردەبڕن.

لە ئێوارەی ڕۆژی 2018/5/26ەوە ڕۆژنامەڤان و چالاکڤان مستەفا بامەڕنی کە لە چایخانەیەکی شاری دهۆک بووە، بێسەروشوێنە و کەسوکارەکەی دەڵێن نازانن لە کوێیە.

هاوڕێیەکی مستەفا کە ئەوکاتە لە چایخانەکە بووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "چوار کەسی مەدەنی هاتن و داوایان لە مستەفا کرد لەگەڵیان بچێ، ئەویش لەگەڵیان ڕۆیشت". ئەو هاوڕێیەی مستەفا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گومان دەکات چوار کەسەکە سەر بە هێزە ئەمنییەکان بووبن.

سەبارەت بە هۆکاری بردنەکەی، هاوڕێکەی مستەفا گوتی: "مستەفا چەند ساڵێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەخنە لە دەسەڵات و پارتی دەگرێ، بەتایبەتی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زۆر شتی نووسیبوو، بۆیە گومان دەکەین لەبەر ئەوە دەستگیرکرابێ".

مەتین سدیق کە برای مستەفا بامەڕنییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەلایەن هاوڕێکانییەوە ئاگادار کراینەوە کە مستەفا لەلایەن چەند کەسێکەوە لە چایخانەیەک بردراوە. دوو تەلەفۆنی پێیە، هەردووکیان داخراون، هەتا ئێستا هیچ لەبارەی چارەنووسی نازانین".

مستەفا سدیق بامەڕنی هەتا چوار ساڵ لەمەوبەریش کادرێکی لقی 18ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دواتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستی بە ڕەخنەگرتن لە پارتی کرد، ساڵێک پێش ئێستا لە کەناڵێکی دهۆک پرۆگرامێکی هەبوو، دواتر وازی لەو پرۆگرامەش هێنا.

> **هەردوو ژمارە مۆبایلەکەی داخراون**
> برای مستەفا بامەڕنی

هەرچەندە گومان دەکرێ ئەوانەی مستەفایان دەستگیرکردبێ سەر بە هێزە ئەمنییەکان بووبن، بەڵام سەرچاوەیەکی ئەمنی لە دهۆک بێئاگایی خۆی دەربڕی و گوتی: "وەکو پۆلیس ئێمە ئاگاداری دەستگیرکردنی نین، هیچ کەسێکیش نەهاتووە سکاڵا تۆمار بکات و بڵێ ئەو کەسە ون بووە". ئەو سەرچاوەیەی پۆلیس کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی: "ئەگەر ئەو کەسە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرابێ، تەنیا بە مەبەستی لێکۆڵینەوەیە و دواتر ئازاد دەکرێ".

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند، سەلامەتی گیانی ڕۆژنامەڤان مستەفا ساڵح بامەڕنی لە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکانە.

لە ڕاگەیێندراوێکدا، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند، ئێوارەی 26-5-2018 هێزێکی مەدەنی لە گەڕەکی نەورۆزی شاری دهۆک ڕۆژنامەڤان مستەفا ساڵح بامەڕنی، پەلکێشی ناو ئۆتۆمبێلێک دەکەن و تاوەکو ئێستا چارەنووسی نادیارە. میترۆ داوا لە لایەنە ئەمنییەکانی شاری دهۆک دەکات "دەستبەجێ چارەنووسی ڕۆژنامەنووس مستەفا ساڵح ئاشکرابکەن و سەلامەتی گیانیشی لە ئەستۆی ئەو هێزانەیە".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (507) - دووشەممە 2018/5/28



## خەسرۆ گۆران: ئاراستەیەک هەیە عەبادی و مالیکی نەبنە سەرۆکوەزیران

**رووداو- هەولێر**

خەسرۆ گۆران، ئەندامی شاندی پارتی بۆ بەغدا دەڵێت، لە بەغدا ئاراستەیەک هەیە کە پۆستی سەرۆکوەزیرانی جارێکی دیکە بە عەبادی، مالیکی نەدرێتەوە. دەشڵێت، ئەگەر سەرۆکایەتی کۆمار بەر کورد بکەوێت و ژمارەی کورسی پێوەربێت "بێگومان پۆستی سەرۆککۆمار ئیستحقاقی پارتییە". خەسرۆ گۆران لەبارەی کاریگەری چوونی شاندە کوردییەکان بەجیا بۆ بەغدا و بۆچوونی لایەنەکان لەسەر کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق، بە (رووداو)ی رایگەیاند "لە بەغدا لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆبووینەوە، بۆچوونی هەموو لایەک ئەرێنی بوو بەرامبەر بە بەشداریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەت و کورد بە گشتی لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق".

### بەهۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوەیە

# یەکێتی لەجیاتی کۆنگرە پلینیۆم دەبەستێ

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتی لەو بڕوایەدا نین بتوانن بە بڕیارێکی کۆتایی بگەن لەبارەی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکەیان لەماوەی ئەمساڵدا، ئەویش بەهۆی هاتنە پێشەوەی هەڵبژاردنێکی دیکە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە و بڕیارە لە 30ی ئەیلولی داهاتوو بەڕێوەبچێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێ لە دۆخێکی وادا پلینیۆم جێگرەوەی کۆنگرەیە و دەتوانین پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بیبەستین. ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیش دەڵێت: "زۆربەی کادرانی یەکێتی کۆنگرەیان دەوێ، بەڵام ئەگەر بڕیار لە پلینیۆم بدرێ، ئەرکی ئێمە ئاسانتر دەکات".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت هێشتا رۆژی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دیاری نەکراوە تاوەکو بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە ئاخۆ کۆنگرە دەبەستن یان پلینیۆم.

بەڵام بەدووری دەزانێ ئەمساڵ یەکێتی کۆنگرە ببەستێ و دەڵێت "بەهۆی دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 30ی ئەیلولی داهاتوو ئەستەمە بتوانین لەو ماوە کەمەدا کۆنگرە ببەستین".

لە ماوەی 8 ساڵی رابردوودا، زۆر پرس و کێشەی جیاواز ئاستەنگیان بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکێتی ناوەتەوە. تەنانەت ئەگەر بارودۆخی نێوخۆی هەرێمی کوردستانیش ئاسایی و هێور بووبێت، کێشە نێوخۆییەکانی ئەو حیزبە دەرفەتیان نەداوە لەبارەی وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەم بە ئەنجامێک بگەن.

فەرید ئەسەسەرد، بابەتی پێڕانەگەیشتن بە بەستنی کۆنگرە لەو دۆخەی ئێستادا نابەستێتەوە تەنیا بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە کە ئێستا کۆمسیۆن دەرگای تۆمارکردنی ناوی قەوارە و لیستەکانی خستووەتە سەرپشت "بەڵکو ئێستا گفتوگۆی چڕوپڕیش لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق هەیە. کۆنگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە و ئامادەکاری و پەیڕەوێکی ناوخۆی تازەشی دەوێ، بەهۆی هەموو ئەوانەوە زەحمەتە بتوانین ئەمساڵ کۆنگرە ببەستین".

بەڵام وەک ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی باسی دەکات، دەرچەی دیکەیان هەیە "لەبەر ئەوەی جێگرەوەمان هەیە، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە هەموو حاڵەتێکدا بڕیار لەسەر بەستن و نەبەستنی کۆنگرە دەدات. یەکێک لە جێگرەوەکان پلینیۆمە".

لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا سەرکردەکانی یەکێتی مزگێنی ئەوەیان دەدایە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەیان کە دوای ئەو هەڵبژاردنە کۆنگرە دەبەستن، بۆ ئەوەی متمانەی کادر و لایەنگرانیان لە هەڵبژاردنەکەی مانگی ئەیلول لەدەست نەدەن، ئێستا هەوڵێک هەیە بۆئەوەی ئەگەر کۆنگرەش نەبێ، پلینیۆم ببەستن.

بەڵام بەستنی پلینیۆم ناتوانێ لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا گوڕوتین بداتە ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی بۆ ئەوەی بە جۆش و خرۆشەوە بەشداریی دەنگدان بکەن. چونکە چەند جارێک بەڵێنی کۆنگرە دراوە و نەبەستراوە. بەپێی زانیارییەکان دوو بۆچوونی جیاواز لە نێو سەرکردایەتی هەیە، هەندێک داوا دەکەن هەرچۆن بووە پێش هەڵبژاردن کۆنگرە ببەستن و بۆچوونی دووەم وای دەبینن کە تەنیا پلینیۆمیان پێدەبەسترێ.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێت: "پلینیۆم وەک کۆنگرە گۆڕانکاری دروستناکات و لەئاستی کۆنگرەدا نییە، بەڵام دەتوانێ سێیەکی ئەندامانی سەرکردایەتی بگۆڕێ و هەموو دەسەڵاتێکی هەیە جگە لە گۆڕینی سکرتێری گشتی و بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ".

رۆژی 2018/2/4 لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی ساز کرد. دیارترین ئەندامانی ئەو لیژنەیە قادر حەمەجان، رەفعەت عەبدوڵڵا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دلێر سەید مەجید، بەرپرسی مەکتەبی دارایی یەکێتی و د.یوسف گۆران بوون.

د.یوسف گۆران، ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی، دەڵێ سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیار دەدات لەسەر بەستنی کۆنگرە و رۆژەکەی "ئێمە لیژنەیەکی هونەرین، ئەگەر سەرکردایەتی بڕیار بدات ئێمە کاری خۆمان دەکەین و پێشمانوایە کۆنگرە زۆر پێویستە".

بەڵام بڵێسە جەبار فەرمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی رەتیکردەوە سەرکردایەتی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بڕیار لەسەر کۆنگرە بدات "لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە رۆژێک بۆ کۆنگرە دیاری دەکەن و ئەو رۆژە دەهێنرێتە سەرکردایەتی و لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی تەنیا تاوتوێی ئەو رۆژە دەکرێت نەک بڕیاری لەسەر بدرێ، واتە رۆژەکە لیژنەی ئامادەکار دیاری دەکەن و سەرکردایەتی تەنیا هەڵیدەسەنگێنن".

بەپێی پەیڕەو، پلینیۆم و کۆنگرە دوو شتی جیاوازن، کۆنگرە هەڵبژاردنی تێدایە و پلینیۆم هەڵبژاردنی تێدا نییە. د.یوسف دەڵێت "زۆربەی کادرانی یەکێتی کۆنگرەیان پێباشترە لە پلینیۆم".

رۆژی 2013/10/10 لە قەڵاچوالان یەکێتی پلینیۆمێکی بەست کە ماوەی کەمتر لە کاژێرێکی خایاند. لەوێ جگە لەوەی تەمەنی سەرکردایەتی درێژ کرایەوە، بڕیار درا رۆژی 2014/1/31 کۆنگرەی چوارەم ببەسترێ. بەڵام سەرکردەکانی یەکێتی تا ئەم ساتەش دڵنیا نین لەوەی ئاخۆ لەماوەی ئەمساڵدا دەتوانن کۆنگرەی چوارەم ببەستن یان نا.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "پلینیۆم ببەسترێ یان کۆنگرە، مام جەلال وەک سکرتێری گشتیی یەکێتی دەمێنێتەوە و کەس لە شوێنی ئەو دانانرێ. ئەگەر پلینیۆم ببەسترێ، کۆسرەت رەسوڵ وەک جێگری سکرتێری گشتی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر کۆنگرە ببەسترێ، دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتی دیاری دەکرێ بە هەڵبژاردن و دوو جێگر دیاری دەکرێن بۆ سکرتێری گشتی و گۆڕانکاریش لە هەندێک ئۆرگانەکانی یەکێتیدا دەکرێ".

بەڵام فەرید ئەسەسەرد، باس لە رێگای سێیەم دەکات جگە لە کۆنگرە و پلینیۆم "فۆرمێکی دیکەیە و نزیکە لە کۆنگرە و هێشتا گەڵاڵە نەبووە، بەڵام قسەی لەسەر دەکرێ و بیری لێدەکرێتەوە. شێوازێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی ئێستای یەکێتی و کوردستان، بەڵام چارەسەری مامناوەندی پلینیۆمە".

ئەسەسەرد نەیدرکاند ئەو چارەسەری سێیەمە چییە کە نە کۆنگرەیە و نە پلینیۆم و دەشتوانێ بنکەی جەماوەریی یەکێتی رازی بکات.



چوار ساڵ بەسەر وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی تێپەڕیوە (فۆتۆ: رووداو)

> زۆربەی کادرانی یەکێتی کۆنگرەیان پێ باشترە لە پلینیۆم
>
> ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە

> کۆنگرە یان پلینیۆم بکرێ هەر مام جەلال سکرتێرە
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی

### فراکسیۆنی هاوبەش بۆ پەرلەمانی عێراق و لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو

# "هاوپەیمانێتی مەزڵومەکان" سەردەگرێ؟

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

هەرچەندە دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بە بڕیارێک کۆتایی بە چاوەڕوانی هێنا و داواکاریی ئەو لایەنانەی رەتکردنەوە کە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نارازی بوون، بەڵام هێشتا چوار حیزبە نارازییەکەی هەرێمی کوردستان سوورن لەسەر ئەوەی لانیکەم کۆمیسیۆن رێوشوێنێک بگرێتەبەر بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان بکرێ. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، سەرقاڵی گفتوگۆی نێوان خۆشیانن بۆ ئەوەی لەبارەی بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی یان چوونەوە بەغدا و دروستکردنی لیستی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەک هەڵوێستیان هەبێ.

هێشتا چوار لایەنەکە نەگەیشتوونەتە رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعی دوای هەڵبژاردن و تانەکانیان بکەن، کۆمیسیۆنەکەی کوردستان دەرگای تۆمارکردنی ناوی قەوارە و هاوپەیمانییەکانی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کردەوە. بەوجۆرە، لایەنە نارازییەکان دەبێ لە یەک کاتدا ئەنجامەکانی هەڵبژاردنێک رەتبکەنەوە و خۆیان بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە ئامادە بکەن.

عوسمان کاروانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو دەڵێت دروستکردنی لیستی هاوبەش و بەرەی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە وا بڕیارە لە 30ی ئەیلولی داهاتوو بەڕێوەبچێ "ئەگەرێکی بەهێزە، بەڵام پێویستی بە لێکتێگەیشتنە". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە دووری نازانێ چوار لایەنەکە بۆ دروستکردنی لیستی هاوبەش بەئەنجام بگەن و دەڵێت: "بەردەوامین لە دانوستاندن و گفتوگۆ و دەبێ هەرلایەک بەوردی تاوتوێی بارودۆخی نێوخۆی بکات بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەین".

چوار لایەنەکە بایکۆتی پرۆسەی سیاسی عێراق دەکەن یان نا و ئاخۆ لیستی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دروستدەکەن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە هەر یەک لەو چوار حیزبە سەرقاڵی راوێژی نێوخۆیین.

لەو رووەوە یەکگرتووی ئیسلامی فۆرمێکی راپرسی دابەشکردووە بەسەر بەرپرس و ئەندامانی مەڵبەند و لق و مەکتەبەکانیدا و دوو پرسیاری لێکردوون: ئایا پرۆسەی سیاسی عێراق بایکۆت بکەن یان نا؟ ئایا لیستی هاوبەش دروستبکەن بۆ هەڵبژاردنی کوردستان یان یەکگرتوو بەتەنیا بچێتە نێو هەڵبژاردنەوە؟

عوسمان کاروانی، دەڵێ هێشتا هەموو فۆرمەکانیان بەدەست نەگەیشتووەتەوە "بەڵام بۆچوونی زاڵ لەناو یەکگرتوو ئەوەیە بایکۆتی پرۆسەی سیاسی عێراق بکەین، هەرچەندە ئەوەش یەکلایی نەبووەتەوە و دەبێ لەگەڵ سێ لایەنەکەی دیکە بڕیار بدەین".

رۆژی 12ی مانگی رابردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەچوو. هەر دوای داخستنی بنکەکانی دەنگدان، هەریەک لەو لایەنانە رایانگەیاند کە هەڵبژاردنەکە ساختەکاریی زۆری تێدا کراوە و ئەنجامەکانیان رەتکردەوە. دوو کاژێر دواتر لە گردی زەرگەتە کۆبوونەوەیەکی باڵایان رێکخست بۆ تاوتوێکردنی ئەنجامەکان و گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ رەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن. بەڵام دوای سەردانەکەی برێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە عێراق بۆ سلێمانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردەکانیان، هەڵوێستی توندی لایەنەکان نەرم بووەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە بەرپرسێکی نێو هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری دەستیکەوتوون، بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی هاوپەیمانی بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی عێراق بە "هەڵە" دەزانن و داوایان لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو کردووە بیر لە بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی نەکەنەوە "دەبێ فراکسیۆنێکی هاوبەش دروستبکەین کە 11 کورسییە و بەو 11 کورسییەوە بچینە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان".

ئەو بەرپرسەی هاوپەیمانی دەڵێت: "دەمانەوێ لە بەغدا سیاسەت بکەین، مەرج نییە ئێمە بچینە نێو هاوکێشەی پێکهێنەری حکومەتەوە، دەتوانین ئۆپۆزیسیۆن بین، ئێمە بڕیارمانداوە یەکێتی و پارتی بخەینە دەرەوەی ئەو گفتوگۆیانەی لە بەغدا دەیکەین".

سەبارەت بە دروستکردنی لیستی هاوبەش بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەرپرسەکەی هاوپەیمانی دەڵێت: "ئەگەر بۆ بەغدا بڕیاری هاوبەش دروستنەکەین، لیستی هاوبەشیشمان پێ دروستناکرێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئەو دوو پرسە لەڕووی سیاسییەوە بۆ ئێمە پێکەوە گرێدراون، دەبێ کە گوتمان کاری هاوبەش، بۆ هەموو شتەکان بە هاوبەشی کار بکەین".

بزووتنەوەی گۆڕان رۆژی 26ی ئەم مانگە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی ساز کرد، بەڵام لە راگەیێندراوی کۆبوونەوەکەدا بڕیاری نەدا و پرسی چوون و نەچوونی بۆ بەغدا بە کراوەیی هێشتەوە.

نزار مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "پێویستە بەیەکەوە ئەو بڕیارە بدەین، بۆیە بەشێوەی تاکلایەنە لە کۆبوونەوەکەدا هیچ بڕیارێک لەوبارەوە نەدرا".

گوتیشی: "لە کۆبوونەوەکەی جڤاتدا زۆربەی ئەندامان رایان لەگەڵ ئەوە بووە بایکۆتی پرۆسەی سیاسی عێراق بکرێ".

بەڵام ئەندامێکی دیکەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، رەتیکردەوە تاوەکو ئێستا چوار لایەنەکە گەڵاڵەی هیچ شتێکیان کردبێ "لەسەر بابەتێکی کۆنکرێتی رێکنەکەوتوون و تەنانەت لەناو ئێمەش رای جیاواز هەیە، بەشێک لەگەڵ ئەوە نین بایکۆت بکرێ".

لەماوەی رابردوودا بزووتنەوەی گۆڕان سێ جار داوای یەکێتی رەتکردووەتەوە بۆ گفتوگۆ. ئەوە وێڕای ئەوەی پارتیش دەڵێ، ئەو چوار لایەنە بەدەم داوای دروستکردنی هاوپەیمانێتی یان کاری هاوبەش بۆ بەغدا ناچن. بەڵام بەرپرسانی چوار حیزبەکە پێیانوایە ئەگەر ئەوان پرۆسەی سیاسی لە بەغدا بایکۆت بکەن، رەنگە ئەوکات گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی و پارتی بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان هەڵپەسێرن.

هەر بەپێی زانیارییەکان، چوار حیزبەکە بڕیاریانداوە لە رۆژانی داهاتوودا شاندێک بنێرنە بەغدا بۆ بینینی نوێنەرایەتییەکانی وڵاتان و نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان و لایەنە پێوەندیدارەکان بە پرسی هەڵبژاردن.

عوسمان کاروانی، دەڵێ ئەوەی ئێستا نیمچە مسۆگەرە لەنێوان ئەواندا "بڕیارمانداوە هیچ لایەکمان تاکلایەنە هیچ بڕیارێک نەدەین و کاری هاوبەش بکەین، ئەگەر بۆ بەغداش نەگەیشتینە کاری هاوبەش و بڕیاری هاوبەش، دەتوانین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لیستی هاوبەش دروستبکەین".



چوار حیزبەکە بڕیاریانداوە لە رۆژانی داهاتوودا شاندێک بنێرنە بەغدا (فۆتۆ: رووداو)

> بەرپرسێکی هاوپەیمانی
>
> بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی عێراق بە هەڵە دەزانین

> بەرپرسێکی یەکگرتوو
>
> رای زۆرینەی یەکگرتوو لەگەڵ بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی عێراقە

> بەرپرسێکی گۆڕان
>
> بەشێکی گۆڕان دژی بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی عێراقە



## کۆمیسیۆن: تەنیا داتاکانی دەنگدانی کەرکووک پشتڕاستنەکراونەتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2018/5/27 ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕایگەیاند "کارمان لەسەر ئەو سێرڤەرانە کردووە کە بەهیچ تۆڕێکی ناوخۆیی و دەرەکی پەیوەست نین، داتاکانی دەنگدان دەبێت لەڕێگەی فلاشێکەوە کە بە ئامێرێکەوە بەندن بگوازرێنەوە". ئەنجوومەنەکە هەروەها دەڵێ "ئەو فلاشانە هەموو داتاکانی دەنگدان و وێنەی دەنگدانەکانی تێدایە، ئەمانەش هەموویان شیفرەیان بۆ دانراوە و لەنێو سێرڤەری جیاواز هەڵگیراون، دواتر بەراورد لەنێوان ئەو داتایانە و داتاکانی دیکە کراوە، هەموویان 100% دروست بوون، ئەو پرۆسەیەش بۆ دەنگدانی هەموو پارێزگاکان جگە لە کەرکووک کراوە، بەهۆی ئەوەی لایەنگرانی هەندێک حیزب دەستیان بەسەر کۆگا و بنکەکانی دەنگداندا گرتووە".

## داعش گوللەبارانی کردوون و ڤیدیۆکەی بڵاوکردووەتەوە

# چارەنووسی خاڵ و خوشکەزایەک دوای 5 مانگ لە ڕفاندنیان ئاشکرا بوو

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەرکان ڕۆستەم، تەمەنی 50 ساڵ، لەگەڵ نوور بەهجەتی خوشکەزای کە تەمەنی 19 ساڵە، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە کە جلوبەرگی هێزە عێراقیەکانیان لەبەر بووە ڕفێندران، دوای پێنج مانگ لە ڕفاندنیان، کەسوکاریان لە پێگەکانی داعشەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت وێنە و ڤیدیۆی کوشتنی ئەو خاڵ و خوشکەزایەیان بینی و لە چارەنووسیان دڵنیابوونەوە.

ئەرکان لە بنەماڵەیەکی کاکەیی شاری کەرکووکە و خاوەنی چەندین شەهید و ئەنفالن. کەسوکارەکەی دانیشتووی سویدن، ئەرکان خۆیشی وڵاتینامەی سویدی هەبوو، ماوەی چەند ساڵێک بوو گەڕابووەوە کوردستان و لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی نیشتەجێ بوو. ئەو بۆ جاری دووەم هاوسەرگیری کردبوو، خاوەنی کوڕێک بوو بەناوی عەلی. ئەرکان غەسالەی چەو و لم و حەوزی ماسیشی لەنێوان گوندی کۆبانی (عەرەب کۆی پێشوو) و تۆپزاوای سەر بە قەزای داقوق لە باشووری کەرکووک هەبوو.

ئالان ڕۆستەم، برای ئەرکانە و لە سوێد نیشتەجێیە. دوای زانینی هەواڵی کوژرانی برا و خوشکەزاکەی، لە سوێد پرسەی بۆ دانان. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "برا و خوشکەزاکەم بوونە قوربانیی ئایین و مەزهەبەکەیان کە کاکەیین. ئەوانیش وەکو چەندین هاووڵاتیی دیکەی کاکەیی بەهۆی ئاینەکەیان بەدەستی چەکدارانی داعش کوژران".



وێنەی ئەرکان و خوشکەزاکەی کە داعش پێش گوللەبارانکردنیان گرتوویەتی

پێشتر باس لەوە دەکرا کە ئەرکان بەهۆی شیعەبوونییەوە ڕفێندراوە، بەڵام ئالان ئەو دەنگۆیە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ئەو قسانە دوورن لەڕاستییەوە. ئێمە بە بنەماڵە کاکەیین و لەسەر ئایینی خۆمانین". گوتیشی: "باوکم بە دەستی ڕژێمی بەعس لەسێدارە درا، برام ئەنفالە، ئەمانیش کاروانێکی دیکەن لە قوربانیەکانی بنەماڵەی ئێمە کە بەهۆی کاکەییبوونمانەوە بەسەرمان هاتووە".

ئالان لەبارەی ڕفاندنی براکەی گوتی: "براکەم کاسب بوو، هیچ کێشەیەکی نەبوو، ڕۆژی 25ی مانگی 12ـی ساڵی ڕابردوو، داعش ئەرکانی برام و نووری خوشکەزام و کەسێکی دیکەی بەناوی نزار عومەر کە هاوبەشی براکەم بوو، لەسەر کارەکەیان ڕفاند، بەڵام نزار چونکە سوننە بوو، داعش دوای ڕۆژێک ئازادی کرد، کەچی بەهۆی ئەوەی برا و خوشکەزاکەم کاکەیی بوون، هێشتیاننەوە".

خێزانی ئەرکان و نوور ماوەی پێنج مانگە لە پرسە و شیوەن گێڕاندان. ئێستاش بە بینینی وێنە و ڤیدیۆی گوللەبارانکردنیان باری دەروونییان زۆر خراپتر بووە. بنەماڵەکە لەو ڕۆژەی ئەرکان و نوور ڕفێندراون، شوێن نەماوە رووی تێنەکەن بۆ ئازادکردنیان، بەڵام بێسوود بووە و لە ڕۆژی ڕفاندنیانەوە تاوەکو ڕۆژی بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدیۆی گوللەبارانکردنیان هیچ پەیوەندییەکیان بە خانەوادەکەیانە نەماوە.

نوور بەهجەت کە ماوەی چەند هەفتەیەک بوو بۆ سەردان بۆ لای خاڵی لە هەرێمی کوردستان گەڕابووەوە، ئەو ڕۆژە لەگەڵ خاڵیدا دەچێتە شوێنی کارەکەی و دەکەونە تەڵەی چەکدارانی داعشەوە.

ڕەجەب عاسی کاکەیی، چالاکڤان و سەرۆکی ڕێکخراوی میترا بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی یارسان لەبارەی چۆنیەتی ڕفاندنی خاڵ و خالۆزاکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەرکان لە بنەماڵەیەکی کاکەییە، چەند چەکدارێکی داعش بە جلی پۆلیسی ئیتیحادی عێراقی هاتوون بۆ لای حەوزی ماسییەکەی کە شوێنی کاری بووە، چەکدارەکان داوای خواردنیان لێکردووە، پێیانگوتبوون دەبێت بێن لەگەڵمان، ئیتر ڕفێندراون".

ڕەجەب کاکەیی گوتیشی: "ڕاستە ئەرکان کاکەیی بووە، بەڵام ئەو مەزهەبی خۆی گۆڕیبوو ببووە شیعە، تەنانەت چەندینجار ئەرکان خۆیشی گوتوویەتی کە من شیعەم. زانیاریشم هەیە کە ئەمڕۆ دووشەممە حەشدی شەعبی لە ناوچەی تازە خورماتوو کە ناوچەیەکی تورکمانی شیعە مەزهەبن، وەک وەفایەک پرسە بۆ ئەرکان دادەنێن".

ڕەجەب کاکەیی لە حکومەت و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان نیگەرانە و دەڵێت: "ئەوەی جێی دڵگرانی ئێمەیە ئەم سنوورەی داقوقە کە پێشتر لە دوانزە گوندی کاکەیی پێکهاتبوو، ئێستا زۆربەیان چۆڵکراون، هەروەها لەدوای نەمانی پێشمەرگە و فەوجی کاکەییەکان و تەنانەت پەکەکەش کە لەوێبوون، ئارامی تێدا نەماوە و ژیانی خەڵکی ناوچەکە بەتەواوی لەمەترسیدایە، چونکە حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان ناتوانن خەڵکی ئەم سنوورە لە مەترسی و هەڕەشەی چەکدارانی داعش بپارێزن، بۆیە داوامان لە یوئێن کردووە بەهانای دانیشتووانی ئەم سنوورەوە بێت و مەترسی داعشیان لەسەر نەهێڵێت".

(ڕووداو) هەوڵی دا پەیوەندی بە نزار عومەر، هاوبەشەکەی ئەرکان ڕۆستەمەوە بکات کە بەیەکەوە ڕفێندرابوون، بەڵام بەهۆی پرسەی هاوڕێکەی و خراپیی باری دەروونی و مەترسی لەسەر ژیانی ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک بکات.

## جەهەپە:

# بە چوار ساڵ پرسی کورد چارەسەر دەکەین

**ڕووداو- ئەنقەرە**

سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری تورکیا "جەهەپە" حکومەتی ئاکپارتی بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەوە تۆمەتبار کرد کە بە 16 ساڵ نەیتوانیوە پرسی کورد لە تورکیا چارەسەر بکات. ئەو گوتی کە جەهەپە بە چوار ساڵ چارەسەری دەکات. ئەو پەیامەی جەهەپە لە چوارچێوەی پرۆگرامی ناساندنی کاندیدەکانی بۆ هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران ڕاگەیەنرا.

جەهەپە لە ئەنقەرە کارنامەی فراکسیۆنەکەی بۆ هەڵبژاردنی 27ـەمین خولی پەرلەمان بڵاوکردەوە. کەمال کلچداروغڵو لە باسی کارنامەکەدا گوتارێکی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند "ئاکپارتی بە 16 ساڵ نەیتوانی پرسی کورد چارەسەر بکات. جەهەپە بە چوار ساڵ چارەسەری دەکات. چونکە ئێمە کاتێک دەست بەچارەسەرکردنی ئەم پرسە دەکەین، لەو ڕوانگەیەوە سەیری ناکەین ئاخۆ دەنگەکانمان کەم دەکات یان زیاد. هەروەها بەڵێنێک نادەین ئەگەر توانای جێبەجێکردنیمان نەبێت. هیچ شتێک لە گەل ناشارینەوە و ناوە ناوە زانیاری ورد و دروست لەبارەی پێشهاتەکان بە خەڵک ڕادەگەیێنین".

پرسی کورد لە سەردەمی ئاکەپەدا هەنگاوی باشی بڕی، پرۆسەی چارەسەری ڕاگەیەنرا، قەدەغەی سەر زمانی کوردی هەڵگیرا، بەڵام پرۆسەکە هەر لەلایەن ئاکپارتی و بەبیانووی چالاکییەکانی پەکەکە ڕاگیرا و بۆ دواوە پاشەکشەی کرد.

هەڵبژاردنی پێشوەختەی تورکیا کە بڕیارە بۆ پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار لە 24ی حوزەیران بەڕێوەبچێ، جارێکی دیکە پرسی کوردی هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام ئەوەی ئەمجارە زۆرتر باسی ئەو پرسە دەکات، گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیایە کە ئەویش جەهەپەیە.

کارنامەی جەهەپە تیشکی زیاتری خستووەتە سەر ڕەهەندی ئابووری و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستەمی ئێستای ئابووریی تورکیا ڕیشەکێش دەکەن و سیستەمێکی نوێ دادەڕێژن بگونجێت لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی تورکیا و ببێتە ژێرخانێکی باش بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە.

کلچداروغڵو پێیوایە "تورکیا دیلی ژێر دەستی لۆبی فائیز بووە و تەواوی کۆمەڵگە بێزارن لە هەڵاوسانی هەمیشەیی بازاڕەکان و گرانبازاڕی و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و زۆربوونی ژمارەی بێکاری".

سەرۆکی جەهەپە گوتی: "بایەخێکی تایبەت بە مامۆستا دەدەین. ساڵانە 180 هەزار مامۆستا دادەمەزرێنین. یاسایەکی تایبەتیان بۆ دادەڕێژین. مووچەکانیان لە سەرووی هێڵی هەژارییەوە دەبێت، نەوەک لەژێرەوەی. لە بری گرتووخانە قوتابخانە دروست دەکەین. خۆسەری زانستی و بەڕێوەبردن بە زانکۆکان دەدەین. سیاسەت لە سیستەمی پەروەردە دەهێنینە دەرەوە. هەموو مامۆستایانی زانکۆ و کەسایەتییەکانی ئەکادیمی نێو زیندانەکان ئازاد دەکەین. چونکە شوێنی ئەکادیمییەکان خوێندنگا و زانکۆیە نەک زیندان".

هەروەها گوتیشی "میدیاکان ئازاد دەکەین. وەک ئەوەی ئێستا نابێت، کەس بوێری نەکات هەواڵێک دابڕێژێت. شتێک نابێت بەناوی میدیای سێبەر. میدیا پیشەییانە دەبێت. ڕەخنە و گلەیی و گازندە و سەرکۆنەی هەمووان دەکەن و نابنە کۆیلەی سیاسەتوانان".

ئەردۆغان تۆپراک، ڕێکخەری هەڵبژاردنەکانی جەهەپە لەدوای ڕاگەیاندنی کارنامەی جەهەپە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەبێ لە چوارچێوەی تورکیا هەر کەسێک بە ناسنامەی خۆیەوە بژی، کورد و تورک وەک یەک مافیان هەبێ و زمانی خۆیان بەکاربهێنن. ئێمە بە تەنیا دەتوانین کێشەی کورد چارەسەر بکەین.

جەهەپە لە کاتی ڕاگەیاندنی کارنامەکەیدا 600 کاندیدی خۆی بە خەڵک ناساند کە 10 لەو کاندیدانە کوردبوون، جەهەپە هەروەها ڕایگەیاند ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست، ئەوە جەژنی نەورۆز بە فەرمی دەناسێنن و ئەو ڕۆژە (21ی ئادار) دەکەنە پشوو.



جەهەپە بەڵێنی داوە جەژنی نەورۆز بە فەرمی بناسێنێ و ئەو ڕۆژەش بکاتە پشوو (فۆتۆ: AFP)

محەممەد شەریف دوگرو، بەربژێری جەهەپە لە ئامەد دەڵێت "چاوەڕوانییەکانی گەل لە جەهەپە زۆرن، ئێمە ئاگاداری ئەوەین، بە تایبەتی موحەڕەم ئینجە بەربژێری جەهەپە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار ڕایگەیاند، ئێمە دەبێ ئاشت ببینەوە، دەبێ هەنگاوی بوێرانە بهاوین بۆ چارەسەری پرسی کورد".

# تورکیا 9 کتێب لەبارەی کورد قەدەغە دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی تەرکیا قەدەغەی لەسەر نۆ کتێب دانا کە لەبارەی مێژووی کوردەوەن، هەموو کتێبەکان بەزمانی تورکی نووسراون و حکومەت دەستی بە کۆکردنەوەیان لە کتێبخانەکان کردووە.

عەبدوڵڵا کەسکین، خاوەنی دەزگای چاپی ئاڤێستا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کتێبانەی کە قەدەغەیان لەسەر دانراوە بە کوردی نەنووسراون، بەڵکو بە زمانی تورکین. بڕوا ناکەم حکومەتی تورکیا بیەوێ بە قەدەغەدانان لەسەر کتێبە کوردییەکان شەرعییەتی کتێبەکان بەرز بکاتەوە".

لەپاش هەوڵی کودێتای 2016ەوە دۆخی ئاوارتە لە تورکیا ڕاگەیێنراوە، لەو ماوەیەشدا نزیکەی 30 دەزگای چاپ و ژمارەیەکی زۆر ناوەندی کولتووری و فێرکردنی زمانی کوردی داخراون. بەشی زۆری ئەو ناوەندانە لەسەر مەلەفی "تیرۆر" کلۆم دراون کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بیانوویەکی سەرەکیی حکومەتی ئەنقەرە بۆ سنووردارکردنی چالاکییە کولتوورییە کوردییەکان بووە.

> **بەرپرسی دەزگای ئاڤێستا**
>
> **تاوەکو ئێستا 20 کتێبی دەزگاکەمان قەدەغەکراون**

کەسکین لەوبارەیەوە گوتی، حکومەتی تورکیا تاوەکو ئێستا 15 بۆ 20 کتێبی دەزگای ئاڤێستای قەدەغە کردووە کە زۆرینەیان بە زمانی تورکی نووسراون. ئامارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا ژمارەی کتێبە کوردییە چاپکراوەکانی تورکیاش دابەزیوە.

کتێبەکان بەپێی یاسای دژەتیرۆری تورکیا قەدەغەیان لەسەر دانراوە. لە نێوان کتێبە قەدەغەکراوەکاندا دوو کتێب لەسەر ژیاننامە و خەباتی مەلا مستەفا بارزانین و کتێبێک لەبارەی هەڵمەتی ئەنفال لە باشووری کوردستان و کتێبێکی دیکەش لەسەر بڕوا و ئاینی کوردی ئێزدی بەرچاو دەکەون.

یەکێک لەو کتێبانەی کە قەدەغەکراوە ئەمە ناونیشانەکەیەتی: "کۆمەڵکوژی لە عێراق: هەڵمەتی ئەنفال لەدژی کورد"، ئەم کتێبە بە هاوکاریی ڕێکخراوی چاودێری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چاپکراوە و باسی هەڵمەتی ئەنفالی ڕژێمی بەعس لە دژی کورد دەکات.

"کۆماری کوردستان: ڕوئیا یان ڕاستی"، ناونیشانی کتێبێکی دیکەیە لەو کتێبانەی کە قەدەغەی لەسەر دانراوە و باس لە دۆخی سیاسی کورد لە ململانێی زلهێزەکان لە ساڵانی 1941 بۆ 1947 دەکات.

حکومەتی تورکیا بە مێژووی نوێی کوردەوە نەوەستاوە و کتێبێکی لەسەر شەڕی چاڵدێران و ڕۆڵی کورد لەو شەڕەدا قەدەغە کردووە، کتێبەکە لە ژێر ناونیشانی "شەڕی چاڵدێران لە نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان و کورد" چاپ کرابوو.

لە ناو کتێبە قەدەغەکراوەکاندا دوو کتێبی دوو نووسەری کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەرچاو دەکەون، کە یەکێکیان کتێبی بۆرزوو ئەلیاسییە لەبارەی هەوڵی گەنجانی کورد بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ گەنجانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان. کتێبەکەی دیکەشیان هی خالید خەیاتی، ئاکادیمیسیەن و لێکۆڵەرە لەسەر کێشەکانی شوناس و هاووڵاتیبوونی دیاسپۆرای کورد.

تاوەکو ئێستا بڕیاری دادگا بۆ قەدەغەکردنی ئەو کتێبانە بەشێوەیەکی نووسراو بڵاونەکراوەتەوە، بۆیەش دیار نییە کام بڕگە یان پەرەگراف لەو کتێبانە دەچێتە خانەی "لایەنگری لە تیرۆریزم".

لە ناو ئەو نۆ کتێبەی کە قەدەغەکراون تەنیا یەک کتێبیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی کورد لە تورکیا و باکووری کوردستانەوە هەیە، ئەویش کتێبەکەی ڕۆبەرت ئۆڵسن، لێکۆڵەری ئەمریکییە، لەژێر ناونیشانی "خوێن، بڕوا و پسووڵەی دەنگدان: ئیدارەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا".

خاوەنی دەزگای ئاڤێستا جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەتەکانی پێشووی تورکیا هەرگیز بەو ڕێژەیە کتێبیان قەدەغە نەدەکرد کە حکومەتی ئێستای تورکیا دەیکات.

## کراوەتە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا

# ناتالی.. دۆست یان نەیاری کوردە؟

**رووداو- هەولێر**

دێنیس ناتالی بە شارەزای کاروباری کورد ناسراوە، ساڵانێکی زۆر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا وانەی گوتووەتەوە، تەنانەت نامەی دکتۆراکەشی لەسەر پرسی کورد و دەوڵەتە. کۆتایی هەفتەی رابردوو، ناتالی بۆ پۆستی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ شەڕ و گەڕاندنەوەی سەقامگیری دەستنیشان کرا. بەپێی سیڤییەکەی وا چاوەڕێ دەکرێ کە پشتیوانێکی سەرەکیی دۆزی کورد بێ، بەڵام ناتالی لە چەند ساڵی رابردوودا رەخنەگرێکی سەرسەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کوردستان بووە.

ناتالی بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژییە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە ستراتیژییە نیشتمانییەکان (INSS)کە سەر بە زانکۆی بەرگریی نیشتمانییە. ناتالی لە ساڵانی 2005 بۆ 2010 لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی کوردستاندا وانەی دەگوتەوە، لەوانەش زانکۆی کوردستان ـ هەولێر و زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی. یاریدەدەرە نوێیەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە ئینگلیزی و فەرەنسی قسە دەکات و شارەزایی لە کوردی و فارسیشدا هەیە. بۆ ماوەی دوو دەیە لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا خەریکی لێکۆڵینەوە بووە و لە پاش ئەوەش خەریکی هاریکاری مرۆیی و گەڕاندنەوەی سەقامگیری لەدوای شەڕ بووە. بەرهەمی ئەو ساڵانەشی لە نامەی دکتۆراکەیدا رەنگ دەداتەوە کە دواتر وەکو کتێبێک لە ژێر ناوی "کورد و دەوڵەت: پەرەسەندنی شوناسی نەتەوە لە عێراق، تورکیا و ئێران" بڵاوکرایەوە.

کرۆکی بیرکردنەوەی ناتالی لەو کتێبەدا ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر شوناسێکی نەتەوەیی سروشتی و خۆڕسک دانەمەزراوە، بەڵکو بەرهەم و لێکەوتەی دروستبوونی دەوڵەت ـ نەتەوەکانی ناوچەکەیە، بەو پێیەش گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیستی لە پارچەکانی کوردستان بەستراوەتەوە بەو گۆڕانکارییانەی لە گۆڕەپانی سیاسی هەرکام لە وڵاتەکان و ناوچەکەدا روودەدەن.




دێنیس ناتالی خاوەنی پەرتووکی "کورد و دەوڵەت: پەرەسەندنی شوناسی نەتەوە لە عێراق، تورکیا و ئێران"ـە

ناتالی چەندین بابەتی رەخنەگرانەی لەسەر نوخبەی سیاسیی کورد، پشتگیرییەکانی ئەمریکا لە کورد و خولیای سەربەخۆیی کوردستان نووسیوە. 10 رۆژ دوای هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، دێنیس ناتالی لە وتارێکدا لە ماڵپەڕی (War on the Rocks) نووسینێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە "سەرکردەکانی کورد دەبێ لۆمەی خۆیان بکەن بۆ ئەو دۆخە سەختەی ئێستا، نەک ئەوەی سەرزەنشتی ئەمریکا بکەن".

ئەو داوای پێداچوونەوەش بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "پێویستە ئەمریکا وەکو بەشێکی تەواوکەری عێراق و بەپێی دەستووری عێراق درێژە بە یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات".

لە کاتی هێرشی هێزە عێراقییەکان بۆ سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گازندەی ئەوەیان لە ئەمریکا هەبوو کە لەبەرامبەر میلیشیا شیعەکانی نزیک لە ئێران پشتی کوردی بەرداوە. یاریدەدەرە نوێیەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە "پاڕانەوە و هەڵگرتنی نازی بەرپرسانی کورد سیاسەت نییە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەرەوپێش نابات".

ناتالی لە بەشێک لەو وتارەی ماڵپەڕە ئەمریکییەکەدا نووسیویەتی: "ئەگەر واشنتن بە دوای هاوبەشێکی سەقامگیردا لە هەولێر دەگەڕێ وەکو بەشێک لە عێراق، ئەوە دەبێ واز لە رێگەخۆشکردن بۆ هەڵسوکەوتی خراپ بهێنێ و مەرج لەسەر پشتگیرییەکانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابنێ، لەوانەش چاکسازی دامەزراوەیی و کۆتاییهێنان بە هاوکاریی سەربازی و دارایی بۆ هەرێم".

لە دوای 2003 وە، هەرێمی کوردستان بە سەقامگیرترین ناوچەی عێراق لەڕووی ئەمنی، ئابووری و سیاسییەوە ناسراوە، کە تێیدا پەرە بە بیرۆکە سێکولارەکان دەدرێ. بەڵام ناتالی لە رۆژی 31ی ئۆکتۆبەری پارساڵ، لە گۆشەیەکدا لە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) باسی خاڵە لاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەنووسێ: "هەرێمی کوردستان کە لەسەر هیچ دەریایەک نییە، ماوەیەکی زۆرە لەڕووی ئابوورییەوە ناسەقامگیرە، دامەزراوەکانی لاوازن و لەڕووی سیاسیشەوە پارچەپارچەیە".

لەدوای گشتپرسییەکەی ئەیلولی 2017، گەمارۆیەکی ئابووری، سیاسی و ئاسمانی لەسەر هەرێمی کوردستان دانرا، سوپا و پۆلیسی عێراق بە هاوکاریی میلیشیا شیعەکانی نزیک لە ئێران هێرشیان کردە سەر ناوچە کێشەلەسەرەکان، جیا لەمە ناکۆکییەکی گەورەش لە نێوان هێزە کوردییەکان لەسەر هۆکارەکانی کەوتنی کەرکووک سەریان هەڵدا.

ناتالی لە وتارەکەیدا هۆکاری رووداوەکانی دوای گشتپرسییەکەی ئەیلول بۆ "هەڵە ستراتیژییەکان"ی سەرکردایەتیی کورد دەگەڕێنێتەوە و دەنووسێ: "بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی کورد ئامادە نین بەرپرسیارێتی شکستی گشتپرسیی و لێکەوتەکانی هەڵگرن. ئەم کۆمەڵە کەسە چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێ درێژە بە یاریکردن بە کارتی قوربانییەوە بدەن، بۆ کەموکوڕیی دامەزراوەکانیان لۆمەی خیانەتکاران بکەن، بەردەوام باسی هەڕەشە دەرەکییەکانی وەکو ئێران و میلیشیاکانی بکەن، لەبری ئەوەی ئاوڕ لە کێشە نێوخۆییەکانیان و چاکسازیی دامەزراوەکانیان بدەنەوە".

بەڵام رەخنەی دێنیس ناتالی لە کورد بۆ ساڵانێکی زووتر دەگەڕێتەوە و کێشەکەش تەنیا چاکسازیی دامەزراوەیی و بەرەنگاربوونەوەی نوخبەی باڵادەستی سیاسی لە هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا کێشەی لەگەڵ بیرۆکەی سەربەخۆیی یان فراوانبوونەوەی مافی ئیداری لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەیە، چونکە بە بۆچوونی ناتالی ئەمە باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا تێکدەدات .نیسانی 2012، لە وتارێکدا هەر لە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) لە ژێر ناونیشانی "هەڵگرتنی نازی کورد" هۆشداری دەدات کە "لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێگەی خۆی لە دەوڵەتی عێراقدا بەهێز دەکات، کۆمەڵگای کوردی لە تورکیا، ئێران و سووریاش داواکانی خۆیان بۆ هەمان ماف بەرز دەکەنەوە، ئەمەش گوشارێکی نوێ بەدرێژایی سنوورەکان دروست دەکات بۆ داواکردنی مافی ئۆتۆنۆمیی زیاتر بۆ (کۆمەڵگا کوردییەکان)".

لە بەشێکی دیکەی هەمان وتاردا، یاریدەدەرەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت: "حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ ئەوە بزانێ کە چیدی قوربانی عێراقی پاش سەدام نییە، ئەگەریش دەیانەوێ بەری فیدراڵیزمی عێراق هەڵگرنەوە، ئەوە ئەوانیش دەبێ سازش بکەن و دەرگای نوێ روو لە باشوور (واتە حکومەتی عێراق) بکەنەوە و بەپێی یاساکانی یارییەکە یاری بکەن". ناتالی پێیوایە "تاوەکو ئەو کاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمریکای لە پشت بێ، بەرژەوەندی خۆی لەوەدا نابینێ کە بەدوای ئەو ئامانجە گەورانەوە بێ".

هەرچەندە بانگەوازی ناتالی بۆ چاکسازیی نێوخۆیی گرنگ و نیازپاکانەیە، بەڵام بۆچوونی لەبارەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد لەگەڵ بۆچوونی زۆر کەسدا یەک ناگرێتەوە کە پێیانوایە پەیوەندیی بەهێزی نێوان کورد و ئەمریکا پەیوەندییەکی بەهادارە.

پرسیارێک کە لە مانگەکانی داهاتوودا وەڵامەکەی دەردەکەوێ، ئەوەیە ئاخۆ بۆچوونەکانی ناتالی چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی دەبێ سەبارەت بە پشتگیرییەکانی لە رۆژئاڤای کوردستان، لەکاتێکدا لەژێر گوشارێکی زۆری تورکیا و دیمەشقدایە؟

جیا لەمە، کوردی ئێران دەکرێ رۆڵێکی سەرەکییان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی نوێی ئەمریکا لەدژی ئێران هەبێ. لە چەند هەفتەی داهاتوودا دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش گەرمتر دەبن، لەو پرۆسەیەشدا کورد یەکێکە لەو لایەنانەی کە ئەمریکا دەکرێ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی ئێران لە عێراق پشتی پێ ببەستێ. ئاخۆ ئاراستەی بیرکردنەوەی ناتالی چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم پرسانە دەبێ؟

# تویتەر دەبێتە مینەری کەمپینی دەمیرتاش

**رووداو- هەولێر**

لە هەڵبژاردنەکانی چوار ساڵ لەمەوبەردا، سەلاحەدین دەمیرتاش شار بە شار دەگەڕا، بۆ ئەوەی دەنگدەرانی تورکیا قایل بکات بەوەی دەنگدان بە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) زامنی دیموکراسی و قۆناغێکی نوێی سیاسی لە تورکیا دەبێت. بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمجارەی تورکیا، دەمیرتاش جارێکی دیکە بەربژێری هەدەپەیە، بەڵام ئەمجارەیان لە پشت دیوارەکانی گرتووخانەی ئەدرنەوە لە تورکیا، نە دەتوانێ سوود لە میدیا ببینێ و نە دەشتوانێ سەرپەرشتی میتینگی گشتی بکات، بۆیەش رووی لە تویتەر کردووە و لەوێوە رای گشتی دەجولێنێ.

دەمیرتاش لە ساڵی 1998ەوە وەکو پارێزەری کەیسەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و کەمینەکان لە دادگاکانی تورکیا کاری دەکرد، تەنانەت لە نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا نێوەندگیری کردووە. لە ساڵی 2007یشەوە بە کردەوە لە پارتە سیاسییە کوردییەکاندا پلەوپایەی هەبووە.

ئەم ئەزموونە یاسایی و سیاسییە نەک هەر شارەزاییەکی زۆری بە دەمیرتاش داوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەت و سیستەمی دادوەریی تورکیادا، بەڵکو رەنگدانەوەی زۆریشی لەسەر شێوازی دەربڕین و زمانی سیاسیی دەمیرتاش هەبووە کە کاریگەرییەکەی بەڕوونی لە تویتە لوغزاوی و هەندێکجار گاڵتەئامێزە سیاسییەکانی ئەمدواییەی دەمیرتاشدا دەردەکەوێ.

دەمیرتاش، تەمەن 45 ساڵ، لە تویتێکی رۆژی یەکشەممەیدا نووسیویەتی: "بەیانیتان باش، کەستان نەڵێ ئەمڕۆ یەکشەممەیە و رۆژی پشووە. تکایە با لەسەر کارەکانمان بەردەوام بین. هەر کاتێک لایەنگرانی پارت و بەربژێرەکانی دیکەتان بینی، بە گەرموگوڕییەوە سڵاویان لێ بکەن. چونکە هەوڵەکانمان بۆ تەبایی وڵاتە".

> ئەگەر
> پەرینچەک بووە
> سەرۆک کۆمار،
> بەڵێن بێت هەدەپە
> دادەخەین

دەمیرتاش پێشتر دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیای بەوە تۆمەتبار کردبوو کە مافەکانی ئەویان پێشێل کردووە، لەبەر ئەوەی پێنج بەربژێرەکەی دیکەی سەرۆکایەتیی تورکیا دەتوانن لە رێگەی میدیاکانەوە کەمپین بکەن، پارێزەکانیشی داوایان لە دەزگای دادوەریی تورکیا کردووە دەمیرتاش ئازاد بکەن. دادگای تورکیا یەکەمجار داواکەیانی رەتکردەوە، بەڵام پارێزەرەکان سەرلەنوێ داواکەیان ئاراستەی دادگا کردووەتەوە و تاوەکو ئێستا وەڵامەکەی دیار نییە.

دەمیرتاش کە بە "ئۆبامای کورد"یش ناسراوە، لە تویتێکی رۆژی شەممەیدا بە توانجەوە نووسیویەتی: "پرسیارێکم لە دەستەی باڵای هەڵبژاردن هەیە، ئەگەر لێرە دەسەڵاتی گرتووخانە بۆ بانگەشەی سیاسیی هەڵبژاردنەکان بەکاربهێنم سزا نادرێم؟ بەمە مافی بەربژێرەکانی دیکە ناخۆم؟ ئەمە پێشێلکاری نییە؟ بۆیە ئەو پرسیارە دەکەم، چونکە ئێوە زۆر دادپەروەرن و بڕواتان بە دادپەروەری هەیە".

لە هەندێک لە تویتەکانیدا، هاوسەرۆکی پێشووی (هەدەپە) زەمینەیەکی خەیاڵی دروست دەکات و لەوێدا هەوڵی خستنەڕووی کێشە هەنووکەییەکانی تورکیا و چارەسەرەکانی دەدا.

لە یەکێک لەوجۆرە تویتانەیدا هاتووە: "ئەمڕۆ فڕۆکەیەک بەسەر ئاسمانی گرتووخانەکەماندا تێپەڕی، دەستم بەرز کردەوە و سڵاوم لێکردن، سەرنشینەکان لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە بە ئاماژەی دەست سڵاویان لێدەکردمەوە و لەوە دەچوو بڵێن: ئەوەتا سەلاحەدین دەمیرتاش. منیش بە دەنگی بەرز هاوارم کرد: ئەگەر بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرێم، باجی سووتەمەنی لە جووتیاران وەرناگرم". قەیرانی ئابووری تورکیا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر نرخی سووتەمەنی لە تورکیا داناوە کە بەشێکی بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی باجی سەر سووتەمەنی دەگەڕێتەوە.

> ژوورەکەی
> من شەش
> ملیۆن کەسی
> تێدایە



لە تشرینی دووەمی 2016ەوە، دەمیرتاش لەگەڵ 11 پەرلەمانتاری دیکەی (هەدەپە) بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ (پەکەکە) دەستگیرکراوە

لەدوای هەوڵی کودێتاکەی 2016ەوە حکومەتی تورکیا دۆخی ئاوارتەی راگەیاند، لە دوو ساڵی رابردووشدا هەزاران کەس بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی فەتحوڵڵا گولەن و جووڵانەوەی چەکداریی باکووری کوردستان دەستگیرکراون. دەمیرتاش و دەیان سەرۆکی شارەوانیی شارە کوردییەکان هەر لەو قۆناغەدا دەستگیرکران و چاوەڕێی بڕیاری کۆتایی دادگا دەکەن. بۆیەش سەیر نییە سەلاحەدین دەمیرتاش لە یەکێک لە تویتەکانیدا (کە زەمینەکەی خەیاڵییە) دۆخی ژیانی کرێکارانی تورکیا بە زۆربوونی ژمارەی گرتووخانەکانی تورکیا و گیراوەکانەوە دەبەستێتەوە.

لە تویتەکەی دەمیرتاشدا هاتووە: "لە بەشی کۆتایی گرتووخانەکەماندا کاری بیناسازی دەکرێ، گرتووخانەکە گەورەتر دەکەن، منیش ئەو هەلەم قۆستەوە و بە دەنگێکی بەرز بە کرێکارەکانم گوت ئەگەر بە سەرۆککۆماری تورکیا هەڵبژێردرێم ژیانتان ئاسوودە دەکەم، کاتی کارکردنتان کەم دەکەمەوە، هەقدەستان بۆ زیاد دەکەم، زامنی گیان و مافەکانتان دەکەم. کەمترین مووچەخۆر 3000 لیرەی پێدەدەم".

لەدرێژەی تویتەکەشدا تانە لە دۆخی ئەمنیی ئێستای تورکیا دەدا و دەنووسێ: "پێمگوتن (واتە بە کرێکارەکان)، گرتووخانە دروستناکەین، قوتابخانە دروست دەکەین. نازانم گوێیان لێم بوو یان نا، بەڵام بۆ ماوەیەک دەستیان لە کارکردن هەڵگرت. بێدەنگییەکی کاتی زۆر خۆشە، ژیان مانای بۆ گەڕایەوە".

لە تشرینی دووەمی 2016ەوە، دەمیرتاش لەگەڵ 11 پەرلەمانتاری دیکەی (هەدەپە) بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ (پەکەکە) دەستگیرکراوە. هەدەپە و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی تورکیا و ئەوروپا سیستەمی دادوەری تورکیا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە.

سەلاحەدین دەمیرتاش شارەزاییەکی باشی لە سیستەمی دادوەریی تورکیا و کەموکوڕییەکانی بەپێی ستانداردی وڵاتە پێشکەوتووەکان هەیە. بۆیەش لە یەکێک لە تویتەکانی رۆژی شەممەیدا بە تەشەرەوە نووسیویەتی: "ئەگەر ببمە سەرۆککۆماری تورکیا دادگاکان بێلایەن و سەربەخۆ و دادپەروەر دەکەم. بێتاوانەکان لە زیندان نابن، بەندکراوە نەخۆشەکانیش ئازاد دەکەم".

لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیادا لە حوزەیرانی 2015 پارتەکەی دەمیرتاش زیاتر لە شەش ملیۆن دەنگی هێنا، بۆ یەکەمجاریش پارتێکی کوردی توانی بەربەستی هەڵبژاردن کە 10%یە، ببڕێ و وەکو لیست بچێتە نێو پەرلەمانەوە. بەشێکی گەورە لەو سەرکەوتنەی (هەدەپە) بۆ هەوڵ و کەسایەتی دەمیرتاش دەگەڕێنرایەوە، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی پارتە کوردییەکە توانیبووی ژمارەیەکی زۆر دەنگدەری غەیرە کورد بۆ لای خۆی رابکێشێ.

دەمیرتاش لە یەکێک لە تویتەکانیدا ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی 2015 بیری لایەنگرانی خۆی لە تویتەر دەخاتەوە، سەرکەوتنێک کە (هەدەپە) دەیەوێ لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ئەمساڵدا دووبارەی بکاتەوە. لە تویتەکەدا هاتووە "لەو کاتەدا (واتە کاتێک لەگەڵ بەندکراوەکانی دیکە قسەی دەکرد)، بۆ سەرژمێری هاتن. سەرژمێریی ئێمە کاتی زۆر دەبات، چونکە لە ژوورەکەی ئێمەدا شەش ملیۆن کەس هەن".

دەمیرتاش هەر لە رێگەی تویتەرەوە وەڵامی بانگەشەی کاندیدەکانی دیکەش دەداتەوە. لە دۆغو پەرینچەک ، بەربژێری پارتی وەتەن بۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا پرسیار کرا، ئەگەر بەسەرۆککۆمار هەڵبژێردرایت یەکەم کارت چی دەبێت؟ لە وەڵامدا گوتبووی: "هەدەپە دادەخەم". سەلاحەددین دەمیرتاش لە تویتێکدا بەتەنزەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: "ئەگەر تۆش بەسەرۆککۆمار هەڵبژێردرایت، بەڵێن بێت هەدەپە دادەخەین".





## هەدەپە: ئامانجمان دوو ملیۆن دەنگە لە ئیستانبوڵ

**ڕووداو – ئیستەنبوڵ**

پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" لە ئیستەنبوڵ نووسینگەی هەڵبژاردنی کردەوە، پەروین بولدان هاوسەرۆکی ئەم پارتەش لە گوتارێکدا ڕایگەیاند "هیچ لایەنێک تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە هەدەپە لە دەنگدەرانی بێبەش بکات. ئامانجمان بەدەستهێنانی دوو ملیۆن دەنگە لە ئیستانبوڵ". هەدەپە بانگەشەی هەڵبژاردنی لەبەردەم گرتووخانەی سزا قورسەکانی پارێزگای ئەدێرنە دەستپێکرد، کە سەلاحەدین دەمیرتاش بەربژێری ئەم پارتە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار ماوەی 19 مانگە تێیدا زیندانیکراوە. دووەم وێستگەی بانگەشەکەشیان لە ئیستانبوڵ بەڕێوەچوو. پەروین بولدان ڕایگەیاند "ئیستەنبوڵ، ئەو شارە مەزنەی کە لە ریفراندۆمی ساڵی ڕابردوودا بەدەسەڵاتدارانی ئاکپارتی گوت نەخێر، ئەمڕۆش باوەش بۆ هەدەپە دەکاتەوە. بەڵێن بە سەلاحەدین دەمیرتاش دەدەین بەسەرۆککۆمار هەڵیبژێرین".

### بۆ کەمکردنەوەی نفووزی ئێرانە

# سعودیە بۆ نزیکبوونەوە لە بەغدا بەستەڵەکی مەزهەب دەشکێنێ

**ڕووداو – هەولێر**

پاش زیاتر لە چارەکە سەدەیەک، سعودیە لە ساڵی 2016 باڵیۆزخانەی خۆی لە بەغدا کردەوە، لەو کاتەشەوە هەوڵی دروستکردنی کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ هێزە عێراقییەکان دەدات، بەڵام هەوڵەکانی ئەمجارەی لە ڕێگەی هێزە عەرەبە سوننەکانەوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو هێزە سیاسییە شیعانەوەیە کە ئێرانیش هیوای لەسەر هەڵچنیون. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکدا باس لە پاڵنەرەکانی سعودیە و قازانجی عێراق لەو پەیوەندییە دەکات.

لایەنە عێراقییەکان سەرقاڵی دانوستاندنن لەسەر پێکهاتەی حکومەتی داهاتوو، ئەمە دەرفەتێکی زێڕینی بە سعودییەکان داوە بۆ ئەوەی کارتەکانی خۆیان بۆ سەرکەوتنی ئەو هێزانە بخەنەکار کە لە ڕیازەوە نزیکن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی "ستراتیژی سعودیە بریتییە لەوەی کار لەسەر هەستی نەتەوەیی بکات، وەبەرهێنانی ئابووری لە عێراق بکات و لەگەڵ هەموو پێکهاتە و نەتەوەکان پەیوەندی دروست بکات". ڕاپۆرتەکە هۆشداریش دەدات کە "جڵەوکردنی نفووزی ئێران لە عێراق لای ژمارەیەکی زۆری عێراقییەکان وەکو هێڵی سوورە، چونکە پێیانوایە ئەم هەوڵە وڵاتەکەیان دەکاتە مەیدانی شەڕ و ململانێ".

### ڕوئیای سعودیە

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سعودیە لە نزیکبوونەوەی لە عێراق سنووردانانە بۆ نفووزی ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵام بەرپرسانی سعودی دەشزانن کە ناتوانن لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بن، بۆیە کاربەدەستێکی باڵای ڕیاز بە گرووپی قەیران دەڵێ، ئێستا نفووزی شانشین لە کەمترین ئاستدایە، بەڵام تموحیان ئەوەیە دەسەڵاتی خۆیان لە عێراق بگەیەننە 70 % و تەنیا 30 %ی بۆ ئێران بهێڵنەوە.

بەرپرسەکەی سعودیە بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاندووە کە بۆ ئەو ئامانجە فۆکەسیان لەسەر عەرەبە شیعەکانە، چونکە ئەوان لە حکومەتدان و چەند ساڵیشە سعودیە کێشەی لەگەڵ ئەوان هەیە، نەک سوننەکان. لەو چوارچێوەیەشدا سعودییەکان زیاتر پشت بە پەیوەندیی تاکەکەسی دەبەستن نەک دروستکردنی هێڵ و کاناڵی دامەزراوەیی لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بۆ ئەوەش هەوڵەکان لەسەر عەبادی چڕکراونەتەوە، چونکە وەک بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دەڵێ، بەرپرسانی واشنتن و نەتەوە یەکگرتووەکان لە 2014 وە لە هەوڵدان سعودییەکان بگەیەننە ئەو بڕوایەی عەبادی وەکیلی ئێرانییەکان نییە.

بەگوتەی ژمارەیەک بەرپرسی سعودی و نەتەوە یەکگرتووەکان، عەبادی خۆی قەناعەتی بە سعودییەکان هێناوە کە مل بۆ داواکارییەکانی ئێران نادات. یەکێک لەو بوارانەش کە عەبادی هەوڵیداوە خۆی تێدا بسەلمێنێ بواری ئەمنی و دەسەڵاتی حکومەتە بەسەر هێزەکانی حەشدی شەعبیدا. بەپێی ڕاپۆرتەکە، عەبادی بۆ ڕازیکردنی وڵاتانی کەنداو لە هەوڵدایە ژمارەی چەکدارانی حەشد کەم بکاتەوە و چەکە قورسەکانیان بهێنێتە ژێر ڕکێفی حکومەت.

گرووپی قەیران لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسی باڵای حکومەتەکانی کەنداو قسەی کردووە، هەموویان بە ئاستی جیاواز لەسەر ئەوە کۆک بوون کە "لەناو کاندیداکاندا، عەبادی باشترین پێگەی هەیە بۆ ئەوەی عێراق بەڕێوەبەرێ".

هەرچەندە ئیماراتییەکان پێیانوایە سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق باشترینی ناو بژارە خراپەکانە.

ڕاپۆرتەکە لەسەر زاری بەرپرس و دیپلۆماتە عێراقییەکانەوە ئاشکرای دەکات کە ڕیاز کاناڵی پەیوەندی لەگەڵ قاسم ئەعرەجی، وەزیری نێوخۆی عێراق و ئەندامی باڵای ڕێکخراوی بەدر دروستکردووە. هەندێک لە بەرپرسە باڵاکانی عێراق پێیانوایە نزیکبوونەوەی سعودیە لە ئەعرەجی بۆ ئەوەیە بەرژەوەندی و وەبەرهێنانەکانی خۆیان لە عێراق گەرەنتی بکەن، جگە لەمەش دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەستە یەکێک لە ئەندامە باڵاکانی ڕێکخراوی بەدر لە تاران دووربخەنەوە.

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لەسەر زاری دیپلۆمات و بەرپرسانی عێراق و کەنداو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سعودییەکان پێیانوایە زۆرینەی شیعەکانی عێراق شوناسی نەتەوەییان لە شوناسی مەزهەبی پێ گەورەترە، زۆربەشیان پەیڕەوی لە قوتابخانە ئاینییە بێ کێشەکانی نەجەف دەکەن، نەک ویلایەتی فەقیە کە حکومەتی ئێران کاری پێدەکا و سعودییەکان بەهەڕەشەی دەبینن. بەرپرسێکی یەکێک لە دەوڵەتانی کەنداو دەڵێت ڕیاز بۆ ئەم ئامانجە پشت بە موقتەدا سەدر دەبەستێ کە لیستەکەی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاردا زۆرترین کورسی هێناوە.

پەرلەمانتارێکی ڕەوتی سەدر بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاندووە کە سەدر لە سەردانەکەی تەمووزی 2017ی خۆی بۆ سعودیە کۆمەڵێک ئۆفەری بۆ سعودییەکان خستووەتەڕوو، لەوانەش وەبەرهێنانی گەورەی سعودیە لە عێراق، بەشداریکردن لە بۆنەکانی حکومەتی عێراقدا، نزیکبوونەوە لە هۆزەکانی عێراق، دانانان بە شیعەگەرایی وەکو ڕێچکەیەکی ڕەسەنی ئیسلام، سەدر داواشی لە سعودییەکان کردبوو کونسوڵخانەیەک لە نەجەف بکەنەوە.

سعودیە هەر بە سەدر نەوەستاوە و بەڵکو داوای لە عەممار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمەش کردووە سەردانی شانشین بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەی بە زانا ئاینییە سعودییەکان داوە پەیوەندی نافەرمی لەگەڵ زانایانی نەجەف دروست بکەن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیران، وڵاتانی کەنداو نەجەفێکی میانڕەو لە بەرژەوەندی ئەمنیی خۆشیاندا دەبینن. چونکە سیستانی، سەرەڕای دژایەتییەکانی لەگەڵ شێوازی مامەڵەی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ شیعەکان، هەموو کات دژی بەکارهێنانی توندوتیژی بووە.

### چەکی ئابووری

وەبەرهێنان گەورەترین ئامرازی نفووزی سعودییەکانە لە عێراق و دوای پازدە ساڵ حکومەتی سعودیە پەیی بەوە بردووە کە باشترین ڕێگە بۆ بەرپەرچدانەوەی نفووزی ئێران پەرەپێدانی بازرگانییە، بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە ژێرخانی ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق بەهۆی زیاتر لە ساڵانێکی درێژ لە شەڕ و گەمارۆوە وێران بووە. سعودییەکان بیر لەوەش دەکەنەوە شوێن بە کاڵاکانی ئێران و تورکیا لەق بکەن. دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی بە گرووپی قەیرانی ڕاگەیاندووە کە سعودییەکان دەیانەوێ باجی سەر کاڵاکانیان کەم بکەنەوە.

ڕیاز بەنیازە لە ڕێگاکانی سەر سنووری نێوان عێراق و سعودیە، لە ژێرخانی ئابووری، کشتوکاڵ و پێترۆکیمیایی عێراقدا وەبەرهێنان بکات. شارەزایەکی ئابووری نزیک لە حکومەتی عێراقیش ئاشکرای کردووە حکومەتەکانی کەنداو بۆ خێراترکردنی پرۆسەکە و ڕێگری لە گەندەڵی لە هەوڵدان لەگەڵ ئۆفیسی سەرۆکوەزیرانی عێراقدا پەیوەندی دروستبکەن، نەک وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

### ڕوانگەی بەغدا

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لەگەڵ ژمارەیەک زۆر لە بەرپرسان و دیپلۆماتەکانی عێراق قسەی کردووە، هەموویان جەختیان لەو ڕوانگەیە کردووەتەوە کە حەز ناکەن سعودیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران بێتە عێراق. حاڵی حازر بەرپرسانی عێراقی دەیانەوێ فۆکەسی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سعودیە لەسەر بنەمای ئابووری و ئاوەدانکردنەوە بێ. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەمە سەقامگیرترین جۆری پەیوەندییە کە ئێستا سعودییەکان بتوانن لەگەڵ عێراقییەکاندا دروستی بکەن.



قاسم ئەعرەجی و باڵیۆزی سعودیە لە عێراق دەست لەنێو دەست لە شەقامەکانی بەغدا دەسووڕێنەوە

# بڕیارەکانی بەغدا ژیانی ئاوارە ئێزدییەکانی سەختتر کردووە

**پۆڵ ئیدن**
**ڕووداو– دهۆک**

نزیکەی چوار ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژی و هێرشی داعشدا لە ناوچەی شنگال تێدەپەڕێ کە کوژران، ونبوون و ئاوارەبوونی دەیان هەزار کوردی ئێزدی لێکەوتەوە. لە چەند مانگی ڕابردوودا کوردە ئێزدییە ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان بەدەست زۆر کێشەوە ناڵاندوویانە، لەوانە کەمیی دەرمان و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان.

دکتۆر نەمام غەفووری، سەرۆکی ڕێکخراوی ناحکومیی "هاریکاریی هاوبەش بۆ کوردستان" کە سەرپەرشتی بنکەیەکی تەندروستی لە کەمپی باجید کەندالی دوو لە دهۆک دەکات، ستافی ئەو بنکەیە ماوەی چوار ساڵە لە کەمپەکەدا کار دەکەن و زۆر جار بۆ ماوەی چەندین مانگ بێ وەرگرتنی مووچە کاریان کردووە. لە پاڵ ئەمەدا منداڵانی کەمپەکەیان فێری زمانی ئینگلیزی کردووە.

دکتۆر نەمام بۆ ڕاگرتنی ڕێکخراو و ستافەکەی پشت بە هاریکاریی نێودەوڵەتی دەبەستێ لەڕووی دەرمان و دابینکردنی خەرجی، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەو هاریکارییانە بەشێوەیەکی بێوێنە کەمبوونەتەوە و ئەم کەمپەی ئەوان کاری تێدا دەکەن مانگی یەکجار کەلوپەلی پزیشکی و هەفتەی یەکجار پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ دێ.

دکتۆر نەمام لەبارەی دۆخی کەمپەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "دۆخەکە هیچکات هێندە خراپ نەبووە، ئەو ڕەوشە ناخۆشەش لە پایزەوە دەستیپێکرد، کاتێک خۆبەخشەکان بەهۆی قەدەغەی گەشتی نێودەوڵەتییەوە چیدی نەیاندەتوانی بێنە کوردستان. لەو ماوەیەدا هیچ هاریکارییەکمان بۆ نەهات". دکتۆر نەمام بایی 10 هەزار دۆلار دەرمانی لە دەرمانخانەیەکی زاخۆ کڕیوە و تاوەکو ئێستا پارەکەی نەداوە.

هەزاران کوردی ئێزدی تاوەکو ئێستاش لە خێوەتەکانی ئەو کەمپانەدا دەژین کە سەرەتا وەکو کەمپی کاتی دروستکرابوون. خێوەتەکان دژە–ئاگر و دژە– ئاو نین، بۆیەش ئەگەر بارانێکی زۆر بباری کەڵکی ئەوەیان نامێنێ لە ژێریاندا بژین. لەکاتی لێزمە بارانەکەی مانگی ئایاردا لافاوێکی زۆر لە کەمپی باجید کەندال هەڵسا و دانیشتووانی کەمپەکە بە لێشاو ڕوویان لە بنکە تەندروستییەکەی دکتۆر نەمام کرد.

ئادام بۆت یەکێکە لە خۆبەخشە بیانییەکان کە هەموو هاوینێک وانەی ئینگلیزی بە دانیشتووانی کەمپەکە دەڵێتەوە. بۆت لە پۆستێکی فەیسبووکدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕووداوەکانی کاتی لێزمە بارانەکەی مانگی ئایار "کارەساتێکی سروشتی نەبوو، بەڵکو ئەنجامی چاوەڕوانکراوی پشتگوێخستنی سیستەماتیکی ئاوارە ئێزدییەکان بوو کە ماوەی چوار ساڵە لە کەمپەکاندا بە کەمترین پێداویستی ژێرخانییەوە دەژین. ئەوانە لەلایەن ئەو حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەوە پشتگوێ خراون کە هەموو کات ئامادەن کوردە ئێزدییەکان بۆ پڕوپاگەندە بەکاربهێنن".

دکتۆر نەمام باسی ئەوەش دەکات کە بەغدا کاری ئەوان و زۆر ڕێکخراوی ناحکومیی دیکەی سەختتر کردووە و دەڵێ "لە دوای گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان لە مانگی ئەیلولی ڕابردوو، حکومەتی عێراق ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستانی ناچار کردووە لە بەغدا ناو تۆمار بکەن. بەغدا دەیەوێ ئەو هاریکارییە داراییانەی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان دێن، لە ڕێگای بەغدا یان مووسڵەوە بێن. ئەمەش وایکردووە ڕێکخراوەکان لێرە بڕۆن".

ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی کەمپەکە بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی و دەروونی پێویستیان بەوەیە سەردانی نەخۆشخانە و بنکەکانی دەرەوەی کەمپەکە بکەن، بەڵام ئێستا بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق ئەو ئافرەتانە بۆ وەرگرتنی چارەسەر ڕەوانەی ئەو ناوچانە دەکرێن کە شوێنی یادەوەری هێرشەکانی 2014ی داعشن. بە گوتەی دکتۆر نەمام ئەو ئافرەتانە بۆ نەخۆشخانەکانی مووسڵ و تەلەعفەر دەنێردرێن، کاتێکیش دەگەڕێنەوە کەمپەکان ئەزموونە ترسناکەکانی هێرشی داعشیان بیردێتەوە.

کێشەیەکی دیکەی کوردە ئێزدییەکان لەڕووی دابینکردنی پێداویستیی پزیشکی لەدوای هێرشەکانی ئۆکتۆبەری 2017 وە سەریهەڵداوە. وەکو سەرۆکی ڕێکخراوی هاوکاری هاوبەش بۆ کوردستان دەڵێ "سیستەمی تەندروستیی شنگال لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا زۆر لاواز بووە، تێکڕای تێچوونی پشکنینی پزیشکی 3000 دینارە، لە کاتێکدا هەمان پشکنین لە کوردستان تەنیا 500 دیناری تێدەچێ".

دکتۆر نەمام لە هەوڵدایە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کڕینی مەولیدەیەکی کارەبا کە بایی 12 هەزار دۆلارە و تاوەکو ئێستا تەنیا 2000 دۆلاری پێ کۆکراوەتەوە. ئامانج لە کڕینی ئەو مەولیدەیە دابینکردنی کارەبای بەردەوامە بۆ کەرەستە کارەباییەکانی بنکە تەندروستییەکە و دابینکردنی کارەبا و ئاو بۆ 6000 دانیشتووی کەمپەکە.

ڕۆژی 18ی نیسانی ئەمساڵ جەژنی سەری ساڵی ئێزدییەکان یان چوارشەممە سۆر لە کەمپی باجید کەندال بەڕێوەچوو. منداڵانی کەمپ بە ڕەنگکردنی هێلکە پێشوازییان لە ساڵی نوێ کرد و دانیشتووانی دیکەی کەمپەکەش دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت سەردانی لالش بکەن.

دۆخەکە هەم بۆ ستافی بنکەکە و هەمیش بۆ هەزاران ئاوارەی کەمپەکە سەختە، بەڵام دکتۆر نەمام و هاوکارەکانی هەوڵدەدەن ورەی خۆیان بەرز ڕابگرن. ئەوان تیمێکی تۆپانێی کچانیان بە جلوبەرگ و پێداویستییە وەرزشییەکانەوە دروستکردووە. تیمەکە زۆرجار لەگەڵ تیمەکانی کەمپەکانی دیکە یان یانەکانی هەرێمی کوردستان یاری دەکات.

ساڵی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی کەمپەکانی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ بەرپرسی تەندروستیی پارێزگای دهۆک، زۆربەی نوێنەرەکان باسی دۆخی سەختی کەمپەکانیان کرد، بەڵام دکتۆر نەمام بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تیمەی خستەڕوو، بەبۆچوونی ئەو، تیمەکە دەتوانێ شتێکی ئەرێنی بە منداڵانی کەمپەکە ببەخشێ و دەکرێ لە داهاتووشدا بەرهەمێکی هەبێ. وەکو دکتۆر نەمام دەڵێ، هەر ئەوەش تاکە دەستکەوتی هەموو کۆبوونەوەکە بوو.

> **بایی 10 هەزار دۆلار دەرمانم بە قەرز بۆ ئاوارەکان کڕیوە**
>
> بەرپرسی ڕێکخراوی هاوکاریی هاوبەش بۆ کوردستان



بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق ئافرەتانی ئێزدی بۆ وەرگرتنی چارەسەر ڕەوانەی ئەو ناوچانە دەکرێن کە شوێنی یادەوەری هێرشەکانی 2014ی داعشن



بەختیار مام شێخ، جێگری سەرۆکی شارەوانیی کێنزینگتن و چێڵسی بۆ (ڕووداو):

# خودی تێریزا مەی داوای کرد ئەو پۆستە وەربگرم

**لە ناوچەیەکی هەستیار، پۆستێکی هەستیاری وەرگرتووە، ئەویش جێگری سەرۆکی شارەوانیی کێنزینگتن و چێڵسییە کە خێزانی شاهانەی ئینگلتەرا لەو ناوچەیە دەژین. تەنانەت دەیڤید کامیرۆن، سەرۆکوەزیرانی پێشووی بەریتانیا کە لەو ناوچەیە دەژی، ئەگەر کێشەیەکی هەبێ، دەبێ لە ڕێگەی بەختیار مام شێخەوە داوای بکات. بەختیار مام شێخ کە کوڕی گوندێکی هەژارنشینی وەکو بیرکۆتی شاری هەولێرە، لە ساڵی 1997ەوە لە بەریتانیا نیشتەجێیە. ئەو لە ڕێگەی پارتی کارەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووە، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەسەر لیستی ئەو پارتە بووە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی، بەڵام هەفتەی ڕابردوو لەلایەن پارتە ڕکابەرەکەی (پارتی پارێزگاران)ەوە بە جێگری سەرۆکی شارەوانیی کێنزینگتن و چێڵسی دەستنیشان کرا. مام شێخ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت، دەستنیشانکردنی بۆ ئەو پۆستە لەسەر داوای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بووە.**

**هەڤپەیڤین:**
**کوردستان حەسەن**
**ڕووداو - کینگستۆن**

**ڕووداو: لای زۆربەی لەندەنییەکان کەسێکی ناسراوی، دەمەوێ خوێنەرانی (ڕووداو) باشتر بتناسن، تۆ خەڵکی چ ناوچەیەکی باشووری کوردستانی؟**

**بەختیار مام شێخ:** من ناوم بەختیار مام شێخە، خەڵکی گوندی بێرکۆتم لە شاری هەولێر، هەرچەندە خۆم لە بێرکۆت لەدایک نەبووم، بە شانازییەوە دوو کەڵەپیاوی گەورە لەو گوندەدا هەڵکەوتوون. عەزیز محەممەدی ئامۆزا و مام کە ساڵی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر کە بیرمەند و گەورە پیاوی کوردە و ڕەنگە نزیکترین هاوڕێم بێت.

**ڕووداو: کەی کوردستانت جێهێشت و لە بەریتانیا گیرسایتەوە؟**

**بەختیار مام شێخ:** من کۆتایی ساڵی 1997 گەیشتمە بەریتانیا.

**ڕووداو: ئەی کەی تێکەڵ بە کاری سیاسی بووی لە بەرتانیا؟**

**بەختیار مام شێخ:** ئەڵبەتە بە چەند قۆناغێک. لە ساڵی 2002 بوومە ئەندامی پارتی کار، زۆربەی ئەو کوردانەی لە ناوچە هەژارەکانەوە ڕوو لە بەریتانیا دەکەن، دەبنە ئەندامی پارتی کار یان سۆزیان بۆ پارتی کار هەیە. چونکە ئەم پارتە هەمیشە لە خەمی خەڵکی کەمدەرامەتدایە و لە کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، پشتی فەلەستینییەکان دەگرێ. هەروەها بەرگری لەو خەڵکانە دەکات کە مافیان خوراوە.

**ڕووداو: تۆ لەسەر لیستی پارتی کار سەرکەوتی لەو هەڵبژاردنە، بەڵام چۆن لەلایەن پارتی پارێزگارانەوە دەستنیشانکرای بۆ جێگری سەرۆکی شارەوانی کینگستۆن و چێڵسی؟**

**بەختیار مام شێخ:** ئەوە لەسەر داخوازیی پارتی پارێزگاران (پارتی دەسەڵاتدار) بوو. خودی تێریزا مەی بۆ خۆی داوای کرد. منیان لە مەیدان بینیبوو، دەیانزانی چی دەکەم و چیم پێدەکرێ، بۆیە پێیانوابوو ڕەنگە بتوانم ئاسانکاری بۆ ئەوان بکەم.

**ڕووداو: گرنگیی پۆستی جێگری سەرۆکی شارەوانی چییە بۆ کوردێک کە لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا وەریبگرێ؟**

**بەختیار مام شێخ:** شارەوانییەکان وەک بەرەی شەڕ وایە. سیاسییەکان لە پایتەخت شەڕ بەڕێوەدەبەن و سەربازەکان لە خەتی پشتەوە، بەڵام هێڵی یەکەمیشە، شارەوانییەکان واتە هێڵی بەرگری و هێرشبردنیشە. ئێمە هەر کارێک دەکەین، لە سەرکردایەتی یان لە پەرلەمان، چاوەڕێی کارەکانی ئێمەن و بە چاک و بە خراپ بەسەر ئەواندا دەشکێتەوە، بەهەمان ئەندازەش خراپەکانی ئەوانیش بەسەر ئێمەدا دەشکێتەوە. ئێمە لە ڕۆژئاواین و دەبێ بزانین کە ڕۆڵی شارەوانییەکان زۆرە. هەر ئەندامانی شارەوانییەکانن سبەی دەچنە پەرلەمان. لەهەمانکاتدا هێڵی پەیوەندی هەیە لە نێوان پەرلەمان و شارەوانییەکان.

**ڕووداو: لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر کورد لە بەریتانیا دەژین، لە هەڵبژاردندا یەک کورد لە پەرلەمان دەبینینەوە، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو سوید پێنج کورد دەبنە پەرلەمانتار، ئەمە پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟**

**بەختیار مام شێخ:** پەرلەمان زۆر سەختە. چونکە ئەگەر بتەوێ ببیتە ئەندامی پەرلەمان، دەبێ ئەو بازنە هەڵبژاردنەی پارتەکەتی لێیە،

> **حیزبەکانی ئێمە ڕۆڵێکی زۆر خراپیان بینیوە لە لەتوپەتکردنی کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوە**

ئەوان تۆیان پەسەند بێت ببیتە پاڵێوراو، ئەوە قۆناغێکە و بەبێ لۆبیکردن نابێ و پاڵپشتی دەرەکیشی دەوێ. من یەک دوو ساڵ هەوڵم دا لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و گوتم بۆ ئەوەی پرسی کورد ببەینە پێش، دەبێ شتێکی وا بکەین و بەرنامەیەکمان هەبێ. گوتم دەبێ دەزگایەک یان بەرنامەیەکمان هەبێ کە خەڵک پێبگەیێنێ و بیگەیێنێتە پەرلەمان، بەڵام وەڵام نەبوو. ئەگەر بەرنامە و پاڵپشتی هەبێت ئەوە قورس نییە.

**ڕووداو: وا دەردەکەوێ پارتی کار زۆرتر لە هەموو پارتە سیاسییەکانی بەریتانیا بایەخ بە پرسی کورد و ڕەوەندی کوردی بدات؟**

**بەختیار مام شێخ:** ئەوە ڕاستە. جێرمی کۆربن، سەرۆکی پارتەکە کورد باش دەناسێ و ئاگاداری باشی کێشەی کوردە. زۆربەی ئەوانەشی لە کوردستان لەنێو پەرلەمان و حکومەت و پارتە سیاسییەکانن، جێرمی کۆربن دەناسن و پەیوەندییان لەگەڵی هەیە. لە هەمانکاتدا ئەو شوێنەی کۆربن لێی دەژی، کوردێکی زۆری لێیە. لێرە سیاسەت وا دەکرێ. ئەگەر من بەرژەوەندی خەڵکی گەڕەکەکەی خۆم و ناوچەکەی خۆم نەپارێزم، ئەوان چوار ساڵی دیکە دەنگم پێنادەن.

> **سەرۆکی پارتی کار پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد هەیە**

**ڕووداو: بەڵام تۆ بەرێزێری پارتی کرێکاران بوویت و پارتی دەسەڵاتدار داوای لێکردیت پۆستی گرنگی ئەم ناوچەیە وەربگری؟**

**بەختیار مام شێخ:** من لە چوار ساڵی ڕابردوودا زۆر چالاک بووم. لە گەڕەکەکەی خۆم دەیڤید کامیرۆنی سەرۆکوەزیرانی پێشوو دەژی. ئەگەر کامیرۆن کێشەیەکی هەبێت ئێستا من نوێنەری ئەوم و لەڕێگای منەوە داوای دەکات.

**ڕووداو: ئەگەر هەڵە نەبم، ئەوە دووەمجار یان سێیەمجارە خۆت بۆ شارەوانییەکان هەڵدەبژێری، ئەمە لەسەر داواکاری خۆت بوو یان حیزبەکەت؟**

**بەختیار مام شێخ:** ڕاستیت پێبڵێم ڕەنگە لەناو حیزبەکەی خۆشم کەسانێک هەبن کە پێیان ناخۆش بێ ئەو پۆستەم وەرگرتووە. دوای چوار ساڵ ئەندامێتی شارەوانی لە پێنجەمین ساڵدا هەڵبژێردراوم بۆ جێگری سەرۆکی شارەوانی، واتە جێگری پارێزگار. من حەز دەکەم خزمەتی خەڵک بکەم. لەدوای ڕووداوەکەی گرین فیڵد، ئەو باڵاخانەیەی لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوو سووتا و 79 کەس بوونە قوربانی، زۆر چالاک بووم و بەدەم لێقەوماوانەوە چووم و یارمەتی زۆرم دان، هەر کەس دەهاتە لام شتێکم بۆ دەکرد، کاتێک ئەوەیان بینی، داوایان لێکردم یارمەتییان بدەم و ئەو تووڕەیییەی دژی ئەوان هەیە کەمێک خامۆشی بکەمەوە.

**ڕووداو: ئەو ناوچەیەی تۆ بەرپرسیارێتیت تێدا وەرگرتووە، خێزانەی شاهانەی لێدەژین. پێتوایە وجوودی خێزانی شاهانە لێرە، ئەرکی ئێوە قورستر بکات؟**

**بەختیار مام شێخ:** نا، پێمواننییە ئەرکی ئێمە قورستر بکات. تەنانەت لەنێو پارتی کرێکاران کە حیزبەکەی خۆمە، خەڵکانێک هەن دژی خێزانی شاهانەن و پێیانوایە ئەوان خەڵکێکی شۆڕشگێڕن و دەبێ نەریتی شاهانە نەمێنێ. بەڵام من وەک خۆم تەنیا بیر لە خزمەتکردن دەکەمەوە، بڕوام بە هەرچی هەبێت ئەوە دەکەم. من پێموایە خانەوادەی شاهانە لەم

> **50%ی گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق لەگەڵ بەریتانیا کراون**

وڵاتە بوونەتە هێمای سەقامگیری و ڕۆڵێکی زۆر مەزنیان بینیوە. پێموایە دەبێ لە وڵاتی خۆشمان خەڵک وا بیربکاتەوە.

**ڕووداو: بۆ خۆت هەستت چۆنە کە بوویتە جێگری شارەدار، دەتوانی چی بکەیت؟**

**بەختیار مام شێخ:** لێت ناشارمەوە ئەو چرکەساتەی پێیانگوتم داوات لێدەکەین ببیتە جێگری شارەدار، لەهەمان چرکەساتدا بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بتوانم ببمە شارەدار؟ چۆن دەکرێت؟ بە ئیشی زۆر و ماندووبوونی زۆر. من هەر لەئێستاوە تاوەکو مانگی ئەیلوول چوار چالاکیم بەدەستەوەیە. سازکردنی کۆنفرانسێک بۆ پسپۆڕ و شارەزایانی فریاگوزاریی بوارەکانی ئاگرکوژێنەوە و لافاو و تەنانەت ئابووری و سیاسیش، ئەوان چۆن دەتوانن پاڵپشتی و هاوکاریم بکەن و منیش پاڵپشتی ئەوان بم. ئەگەر بتوانم، لە کوردستانیشەوە خەڵک بانگ دەکەم بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی شارەزایی و توانا و

> **دەیڤید کامیرۆن کێشەیەکی هەبێ، لەڕێی منەوە داوای دەکات**

ئەزموون بکرێ. چالاکی دووەم لە گەڕەکەکەی خۆم دەکەم، کۆنفرانسێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرمان فرۆشتن و کاری خراپ. هەروەها فێستیڤاڵێکیش ساز دەکەم. ڕۆژی 14ی مانگی داهاتوو گردبوونەوەیەک بۆ پیاوانی ئاینی ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی مەراسیمی نوێژ و پاڕانەوە بۆ قوربانییەکانی توندوتیژی و تیرۆر بکەن، چونکە ئەو ڕۆژە ساڵیادی یەکێک لە ڕووداوە ناخۆشەکانە.

**ڕووداو: هەلی دەرکەوتن و سەرکەوتن لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا چۆنە؟ دەزانم پێشتر باسی ڕووداوی سووتانی باڵەخانەکەت کرد بۆ زۆرتر ناساندنی تۆ بەخەڵک؟**

**بەختیار مام شێخ:** سەرکردە لە ڕۆژانی سەخت و قەیراندا دەردەکەوێ. لە ڕۆژانی ئاشتی و ئاسایشدا هەموو کەس دەتوانن وەک سەرکردە خۆیان دەربخەن. کاتێک ئەو باڵاخانەیە ئاگری گرت، ئەم ناوچەیە شێوابوو، بەبێ ئەوەی کەسێک بە من بڵێ و بەبێ ئەوەی ئەرک و بەرپرسیارێتی من بێت، من هاتم و دەستمکرد بە یارمەتیدانی خەڵک. ویستم وەک سەرکردەیەک لەوێ بم. ڕۆژانە لەوێ بووم و هاوژینەکەم دەستیکرد بە ئامادەکردنی خواردن بۆ خەڵک. وای لێهاتبوو نانی هەزار کەسی دەدا. بۆ پۆلیس و فریاگوزار و لێقەوماوان. من تەنیا ئەوەم کرد کە دڵم دەیویست.

**ڕووداو: بوویتە جێگری شارەداری ناوچەیەک کە کێشەی نیشتەجێبوون تێیدا بەرزە، پێتوانییە بەو هۆیەوە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی دژواری زۆر ببنەوە؟**

**بەختیار مام شێخ:** کینگستۆن و چێڵسی، ناوچەیەکی کۆن و دەرفەتی فراوانبوونیان کەمە، ئەگەر بتەوێ ئەو کێشەیە کەم بێتەوە دەبێت خەڵک بچنە نێو باڵاخانەوە. کاتێک ئەو باڵاخانەیە ئاگری گرت و ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک بوونە قوربانی، ئەگەر خوا نەکردە لە کوردستان بوایە حکومەتی هەرێم دەهاتە سەرهێڵ لەگەڵ ئەنجوومەنە خۆجێییەکان و لێی دەکۆڵییەوە. بەڵام لێرە لەبەر ئەوەی شارەوانی هەر سەر بە پارتی دەسەڵاتدار بوو، ئەو حیزبە خۆی زیانی دەکرد. تاکە چارەسەر ئەوەیە، حکومەت ملیارێک دوو ملیارمان بۆ خەرج بکات تاوەکو خانووی دیکەی پێ ئامادە بکەین. ئەگەر بمانەوێ دوو هەزار شوقە بکڕین، دوو ملیار پاوەندمان دەوێ. پێموایە ئەگەر هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێ و پارتی کرێکاران بباتەوە، ئەو داوایە جێبەجێ دەکرێ.

**ڕووداو: بۆچی بەریتانیا هێشتا هەر لەگەڵ عێراقێکی بەهێز و یەکپارچەیە و کەمتر پشتیوانی پرسی کورد دەکات؟**

**بەختیار مام شێخ:** لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، بەریتانیا چووە عێراق و بەتایبەتی چووە بەسرا، چونکە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت. تاوەکو ئێستاش 50%ی گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق، کۆمپانیا بەریتانییەکان کردوویانە، ئەوان ئەوە دەکەنە بنەمای سیاسەتیش.

**ڕووداو: دەستبەکاربوونی تۆ وەک کوردێک، تاوەکو چ ڕادەیەک سوودی بۆ پرسی کورد دەبێ، ئەگەر لەڕووی مەعنەوییش بێت؟**

**بەختیار مام شێخ:** کە بەختیار پێگەی بەهێز دەبێت لەم ناوچەیە، ڕاستە من دەبێ خزمەتی بەرتانیا بکەم، بەڵام سوودی بۆ کوردستان ئەوەیە ئەو کەسە چالاکە کوردە و بێگومان کاریش بۆ پرسی کورد دەکەین. دەتوانین ببین بە پردێک لە نێوان خەڵکی کوردستان و خەڵکی بەریتانیا، من ناڵێم حکومەتی کوردستان و بەریتانیا. دەتوانین ئەو ڕۆڵە ببینین. لێرە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان

> **کوردی باشوور لە بەریتانیا زۆر پەرتەوازەن**

هەیە، بەڵام سنووری کار و چالاکیی ئەوان سنووردارە، ئێمە ڕەنگە بتوانین لەوان باشتر کار بکەین. من لە ماوەی ڕابردوو چەند کۆنفرانسێکم بەدەستەوە بوو بۆ پرسی کورد لێرە، بەڵام بە داخەوە شەڕی داعش و لەدەستدانی کەرکووک و نیوەی کوردستان و خیانەتە گەورەکە، هەموومانی سارد کردەوە.

> **زۆربەی کوردی هەژار هاوسۆزی پارتی کارن**

**ڕووداو: ساڵانێکە لە ئەنجوومەنی شارەوانییەکان ئیش دەکەی، ئایا هیچ کوردێک لە باشووری کوردستان بۆ مەسەلەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شارەوانی داوای زانیاری و ڕاوێژی لێنەکردووی؟**

**بەختیار مام شێخ:** ڕەوەندی کوردی لێرە بەداخەوە وا دەڵێم، من سێ ساڵە دەمەوێ لەگەڵ ڕەوەندی کوردی یان حیزبەکان دابنیشم و باسی ئەزموونی خۆمیان بۆ بکەم کە چۆن دەستمانپێکرد و چیمان کرد، بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا ژمارەی کورد لە ئەنجوومەنی شارەوانییەکان زیاتر بکەین، بەڵام بەداخەوە شتەکان ئاوایە. کۆمەڵگەی تاراوگەنشینی باکوور زۆر پێکەوەترن لە باشوور، کوردی باشوور زۆر پەرتەوازەن و بێ متمانەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لێرەش ڕەنگیداوەتەوە. پارتە سیاسییەکانی ئێمە ڕۆڵێکی زۆر خراپیان بینیوە لە لەتوپەتکردنی کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوە. ئێمە لێرە ئەگەر 10 هەزار کەسیش بین، ژمارەیەکی زۆر و کاریگەرە ئەگەر پێکەوەبین. دەتوانین گوشار دروست بکەین. ئێمە نابێ چاو لە دابەشبوونی کوردستان بکەین، چونکە ئێمە لێرە دەژین و بەرژەوەندییەکانمان پێکەوەن.



بەختیار مام شێخ خەڵکی گوندی بێرکۆتی هەولێرە و لە ساڵی 1997ەوە لە بەریتانیا نیشتەجێیە

ئابووری
رووداو
ژمارە ( 507 ) – دووشەممە 2018/5/28

## لە کوردستان مانگانە 69 هەزار تۆن خۆراک فڕێدەدرێت

**رووداو – هەولێر**

بەپێی ئامارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە زیاتر لە 4600 تۆن زبڵ فڕێدەدرێت کە 2400 تۆن لە هەولێر و 1200 تۆن لە سلێمانی و هەزار تۆنیش لە دهۆک. لەو زبڵەشی کە فڕێ دەدرێ، 50%ی خۆراکە، بەمشێوەیەش مانگانە لە هەرێمی کوردستان 69 هەزار تۆن خۆراک فڕێدەدرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە حەوت ملیار دینار بۆ فڕێدانی خۆڵ و خاشاک خەرجدەکات، واتا سێ ملیار و 500 ملیۆن دینار خەرجدەکات بۆ فڕێدانی تەنیا خۆراک.



## 20 % گەشەی کردووە

# ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان دەبووژێتەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێ بە نەمانی مەترسیی داعش و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستان، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەرەوە بەرێژەی 20% زیادی کردووە، بەڵام هێشتا کاریگەریی قەیرانی دارایی بەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە ماوە.

لەدوای نەمانی رژێمی بەعسەوە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و وڵاتان رۆژ بە رۆژ گەشەی کردووە، بە جۆرێک لە ساڵی 2004 بۆ ساڵی 2013 لە 10 ملیار دۆلارەوە بۆ 50 ملیار دۆلار هەڵکشاوە.

بەپێی ئامار و راپۆرتی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان کە پشتی بە داتای هەناردەی وڵاتان بۆ عێراق بەستووە، لە ماوەی 14 ساڵی رابردوودا عێراق بایی 403 ملیار و 152 ملیۆن و 570 هەزار دۆلار کاڵای هەمەجۆری لە 102 وڵاتەوە هاوردووە، پشکی هەرێمی کوردستانیش لەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییە 155 ملیار و 407 ملیۆن و 681 هەزار دۆلار بووە.

هاوشێوەی عێراق، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستانیش لە نێوان ساڵانی 2004 تاوەکو 2013 بەردەوام لەهەڵکشاندا بووە، بەجۆرێک لە 4 ملیار و 28 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 17 ملیار و 210 ملیۆن دۆلار زیاد بووە، بەڵام بەهۆی بڕینی بودجەکەی لەلایەن بەغدا و دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعش، قەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕە لە ساڵی 2015 بۆ 12 ملیار و 908 ملیۆن دۆلار دابەزی و لە دوو ساڵی رابردوودا رووی لە هەڵکشان کردووە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بە (رووداو)ی گوت: "بەهۆی نەمانی شەڕی داعش و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان رووی لە هەڵکشان کردووە، بۆ نموونە ساڵی رابردوو بەراورد بە 2015 قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە رێژەی 20% زیادی کردووە".

بە گوتەی نەوزاد ئەدهەم، زۆرترین کاڵای هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی رابردوودا بریتی بووە لە خۆراک، جلوبەرگ، دەرمان، ئۆتۆمبێل و زێڕ. نەوزاد ئەدهەم دەڵێت: "ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت خەڵک بەهۆی کەمیی داهاتەوە، زیاتر ئاراستەی کڕینیان بۆ پێداویستی سەرەکی و رۆژانەیە".

وەزارەتی بازرگانی بۆ پۆلێنکردنی کاڵا هاوردەکراوەکان پشتی بەکۆدی سیستەمی هەماهەنگ HS بەستووە، کاڵا هاوردەکراوەکانی دابەشی 21 گرووپ کردووە کە بریتین لە گرووپی ئاژەڵی زیندوو و بەرهەمە ئاژەڵییەکان، بەرهەمە رووەکییەکان، رۆنی رووەکی و ئاژەڵی و بەرهەمەکانیان، خۆراکی ئامادەکراو و خواردنەوە کحولی و ناکحولییەکان و تووتن، بەرهەمە کانزاییەکان، بەرهەمی کیمیاوی و پیشەسازی، پلاستیک و لاستیک و بەرهەمەکانی، بەرهەمە دروستکراوەکانی پێستە و پێستەی پیشەسازی، کەلوپەلی دروستکراو لەدار، هەویری دار، قوماش و جلوبەرگ، پێڵاو ، کەلوپەلی بەرد و گەچ و چیمەنتۆ و ئاسبێس، زێڕ و زیو و گەوهەر، ئاسن و پۆڵا و بەرهەمەکانی، ئامێری ئەلیکترۆنی و مەکینە و ئامرازی میکانیکی، کەلوپەلی گواستنەوە و ئامێرە قورسەکان، ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی پەیوەندیدار، کەلوپەلی پزیشکی و کەلوپەلی جۆراوجۆر.

بەپێی ئامارەکە، هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2016 بایی نزیکەی 15 ملیار و 928 ملیۆن دۆلار، ساڵی رابردووش بایی 16 ملیار و 133 ملیۆن دۆلار کاڵای هاوردە کردووە، زۆرترین ئاوگۆڕی بازرگانیشی لەگەڵ تورکیا و ئێران بووە. بۆ نموونە ساڵی رابردوو بایی 9 ملیار و 67 ملیۆن دۆلار کە دەکاتە نزیکەی 56.2%ی کۆی کاڵا هاوردەکراوەکان، لەم دوو وڵاتەوە هاتوون.

دوای ئەوانیش وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت ئیمارات دێت بە بەهای 2 ملیار و 926 ملیۆن دۆلار، ئینجا چین دێت کە بایی 966 ملیۆن دۆلار کاڵای لێوە هاتووە. بە پلەی چوارەمیش وڵاتانی ئەوروپی و لەوانەش وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا دێن کە بایی ملیارێک و 469 ملیۆن دۆلار کاڵایان لێوە هاوردە کراوە.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت: "بەهۆی ئاسانکاری ئێمە بۆ بازرگانان، هەرێمی کوردستان بووەتە سەنتەرێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق، بەهۆیەوە 30%ی پێویستییەکانی عێراق لەرێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێ، بۆیە وەک تێبینیمان کردووە 75%ی ئەو کاڵایانەی بازرگانان هاوردەی دەکەن، جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێنەوە، ئەم بازرگانییەش داهاتێکی باشی بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر کردووە، بەڵام حکومەتی عێراق لەرێگەی دانانی خاڵی گومرگی و وەرگرتنی باج لە بازرگانان، لەهەوڵی لاواز کردنی ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییەدایە".

لە داتاکانی وەزارەتی بازرگانیدا رۆڵی خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیل بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی بەڕوونی دەردەکەوێت، بۆ نموونە لەکۆی 7.6 ملیار دۆلاری هاوردەی عێراق لە تورکیا، لە ساڵی 2016دا 7.5 ملیار دۆلاری لە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردە کراوە و 5.7 ملیاریشی لەلایەن بازرگانانی هەرێمی کوردستانەوە بووە.

> **هەرێمی کوردستان ساڵی رابردوو بایی 16 ملیار دۆلار کاڵای هاوردووە**

شێخ مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان، سەرۆکی گشتیی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان، هۆکاری گەشەسەندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان، بۆ نەمانی شەڕی داعش و پەرەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت :"نەمانی شەڕی داعش و کرانەوەی رێگاکانی نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر گەشەسەندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان، چونکە بەشێکی زۆری ئەو کاڵایانەی دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێنەوە".

شێخ مستەفا هەروەها گوتی: "تێبینیمان کردووە بەشێک لەو کاڵایانەی بازرگانانی هەرێمی کوردستان دەیهێنن، جارێکی دیکە بەرێگەی جیاواز هەناردەی ئێران دەکرێنەوە، بەتایبەتیش زێڕ و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، کەلوپەلی ناوماڵ و کوتاڵ و جلی ئامادەکراو و چەندین کاڵای دیکە، بۆیە دەتوانین بڵێین دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بوونەتە سەنتەرێک بۆ پڕکردنەوەی پێویستی بەشێک لە شارەکانی ئێرانیش".

شێخ مستەفا، گەشبینە بە بەرەوپێشچوونی زیاتری ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان و دەڵێت: "دوای پێکهێنانی حکومەت ئومێدمان بەوە هەیە، جارێکی دیکە حکومەتی عێراق شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان خەرج بکات و مووچەی فەرمانبەران وەک خۆی لێبێتەوە و بودجە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دابین بکرێ، لەو رێگەیەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە".


75%ی ئەو کاڵایانەی بازرگانان هاوردەی دەکەن، جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێنەوە (فۆتۆ: رووداو)

## هێڵەکانی تورکیا بازاڕیان باشە

# شۆکی داخستنی ئاسمانی کوردستان لەسەر کەرتی گەشتیاری هەر ماوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی دەڵێت هێشتا کاریگەری گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر جموجوڵی گەشتیارییەوە ماوە و بەشێوەیەکی گشتی بەراورد بە جاران جووڵەی گەشتیاری بە رێژەی 30% کەمی کردووە.

وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان و پابەندنەبوونی هەولێر بە رادەستکردنەوەی ئیدارەی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە بەغدا، بە بڕیاری سەرۆکوەزیرانی عێراق کاژێر شەشی ئێوارەی 29ی ئەیلولی رابردوو گەشتە نێودەوڵەتییەکان لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی راگیران. پاش نزیکەی شەش مانگ بەسەر ئەو بڕیارە، رۆژی 15ی ئاداری ئەمساڵ، حکومەتی عێراق گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانی هەڵگرت، بەڵام هێشتا کاریگەری داخستنی گەشتەکان بەسەر کۆمپانیا فڕۆکەوانی و گەشتوگوزارییەکانەوە هەر ماوە.

لاوەند مەموندی، بەڕێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای فلای میران، بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار، دەڵێت "بەهۆی راگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان بەرووی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ، زۆربەی کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکان تووشی زیانی زۆر گەورە بوون، بەشی زۆری کۆمپانیا و نووسینگەکان داخران، ئەو کۆمپانیانەشی مانەوە 60% تاوەکو 70%ی کارمەندەکانیان ناردەوە ماڵەوە، بۆ نموونە کۆمپانیاکەی ئێمە 25 کارمەندی هەبوو تەنیا چوار کارمەندمان هێشتەوە، بەڵام ئێستا زۆربەی کۆمپانیاکان دەستیان بە کارەکانیان کردووەتەوە و کارمەندەکانیان گەڕاندووەتەوە سەر کار".

هەرچەندە سەرجەم هێڵە ئاسمانییەکان لە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە دەستیان بە گەشتەکانیان کردووەتەوە، بەڵام بە گوتەی لاوەند، هێشتا کاریگەریی داخستنی فڕۆکەخانەکان بەسەر جموجوڵی گەشتیارییەوە ماوە: "بەشێوەیەکی گشتی بەراورد بە پێشتر جووڵەی گەشتیاری 30% کەمی کردووە".

کۆمپانیاکەی لاوەند بریکاری سەرەکی عێراق و هەرێمی کوردستانە بۆ هێڵە ئاسمانییەکانی تونس، ئەرمینیا و ئازەربایجان، زیاتریش کاری رێکخستنی گرووپی گەشتیاری دەکات بۆ ئەو وڵاتانە.

> **60%ی گەشتەکانمان ئاسایی بوونەتەوە**
> بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی سلێمانی

لاوەند مەموندی گوتی: "بەهۆی خراپی بارودۆخی گەشتیاری تا ئێستا دەستمان بە گەشت بۆ تونس نەکردووەتەوە. بۆ ئەرمینیا و ئازربایجانیش ساڵی رابردوو ئەو کاتانە هەفتانە سێ گەشتمان هەبوو، بەڵام ئێستا هەفتانە یەک گەشتمان هەیە و فڕۆکەکەش تەواو پڕ نابێت".

لاوەند مەموندی ئاماژەی بەوە دا کە ئێستا لەنێو هەموو هێڵەکان، تەنیا هێڵی ئیستابوڵ کاری باشە، هۆکارەکەشی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە کە گەشتی هێڵەکانی دیکە بۆ تورکیا کەمبووەتەوە، بۆ نموونە پێشتر هێڵی عێراقی رۆژانە گەشتی بۆ ئیستانبوڵ هەبوو، ئێستا هەفتانە سێ گەشتی هەیە، کۆمپانیای زاگرۆزجێت گەشتی هەبوو ئێستا گەشتەکانی وەستاون.

کۆمپانیای دریم هۆڵیدەی، ماوەی نۆ ساڵە دامەزراوە، یەکێکە لە کۆمپانیا چالاکەکانی بواری گەشتیاری، جگە لە فرۆشتنی بلیت، گرووپی گەشتیاری بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی تورکیا و میسر رێکدەخات.

عومەر خەسرەو عیدۆ، جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای دریم هۆڵیدەی بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار، دەڵێت: "داخستنی فڕۆکەخانەکان کاریگەریی زۆری لەسەر کاری ئێمە هەبووە، بەهۆیەوە 80 هەزار دۆلار زیانمان بەرکەوت، بە ناچاری بەشێک لە کارمەندەکانمان ناردەوە ماڵەوە".

عومەر عیدۆ گوتیشی: "هەموو هەفتەیەک گرووپێکی گەشتیارمان بۆ میسر هەیە و بۆ ئیستابوڵیش گرووپمان هەیە، بەڵام هێشتا دەستمان بە گەشتی ئەنتاڵیا نەکردووەتەوە. هێشتا کاریگەری راگرتنی گەشتەکان لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بەسەر جموجۆڵی گەشتیارییەوە ماوە، خەڵک کەمتر گەشت دەکات، بۆیە بەراورد بە پێشتر 40%ی گەشتەکانمان کەمی کردووە، بەڵام گەشبینین لەگەڵ دەستپێکردنەوەی وەرزی گەشتیاری گەشتەکانمان وەک خۆی لێبێتەوە".

برِوا سەعید قادر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای moon line بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار کە شەش نووسینگەی فڕۆکەوانی لە هەرێمی کوردستان هەیە، دەڵێت: "لەکۆی نزیکەی 200 نووسینگە و کۆمپانیای فڕۆکەوانی و گەشتوگوزاری، دوای وەستانی گەشتە نێودەوڵەتییەکان لە فڕۆکەخانەی هەولێر تەنیا 25 کۆمپانیا بە چالاکی مانەوە، ئەوانی دیکە زۆربەیان یان بەتەواوی کۆمپانیاکەیان داخست یان چەند کارمەندێکی کەمیان ما و چالاکییان زۆر لاواز بوو، بۆیە راگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان کاریگەریی زۆری لەسەر کاری کۆمپانیاکان هەبوو، زۆربەیان تووشی زیانی گەورە بوون".

برِوا سەعید باسی هۆکاری مانەوەیان لە بازاڕی گەشتیاری دەکات و دەڵێت: "کۆمپانیاکەمان لە 17 وڵات بریکاری هەیە، توانیمان لەرێگەی دابەزاندنی نرخ و ئۆفەرەوە، بلیتی باش بفرۆشین، بۆیە توانیمان لە بازاڕەکە بمێنینەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا هیچ قازانجێکمان نەبوو".

کۆمپانیای moon line نزیکەی 155 کارمەندی هەیە و لەسەر 700 هێڵی ئاسمانی کار دەکات، بریکاری سەرەکی هەردوو هێڵی فلای ئیمارات و میسرییە.

برِوا سەعید دەڵێت: "ئێستا بارودۆخی گەشتیاری لە فڕۆکەخانەی هەولێر بە تایبەت بۆ تورکیا زۆر باشە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تائێستا تورکیا گەمارۆی لەسەر فڕۆکەخانەی سلێمانی هەڵنەگرتووە، خەڵکی هەرێمی کوردستان و پارێزگای مووسڵیش بۆ تورکیا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، لە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەشت دەکەن، ئەمەش وایکردووە نرخی بلیت بەگشتی و بلیتی تورکیا بە تایبەتی بەرزبێتەوە".

### 40%ی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانی وەستاون

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق گەمارۆی لەسەر فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگرت، تورکیا و ئێرانیش گەمارۆکانیان هەڵگرت، بەڵام تورکیا بە بیانووی ئەوەی لە سلێمانی هاوکاریی "تیرۆر" دەکرێ، گەمارۆی خۆی لەسەر فڕۆکەخانەی سلێمانی هەڵنەگرت.

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی سلێمانی دەڵێت: "بەهۆی هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر فڕۆکەخانەکەمان 60%ی گەشتەکانمان وەک خۆی لێهاتووەتەوە، بەڵام تورکیا رێگە نادات فڕۆکەی وڵاتانی دیکە بەسەر خاکی ئەودا گەشت بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی بکەن، بۆیە تائێستا گەشتی فڕۆکەکانی ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دەستی پێنەکردووە، تەنانەت گەشتی فڕۆکەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپاش وەستاوە کە کارگۆیان بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی دەهێنا".

تاهیر عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوە گەشتانە کرد کە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی دەستیان پێکردووە و گوتی: "گەشت بۆ هەموو وڵاتانی دەوروبەری عێراق دەستی پێکردووە، تەنیا تورکیا و ئێران نەبێت، ئێستا بەپێی خشتەکان رۆژانە یان هەفتانە گەشتمان بۆ لوبنان، ئوردن، میسر، قەتەر و ئیمارات هەیە، بەڵام بۆ ئەوروپا تەنیا گەشتمان بۆ لەندەن هەیە".


خاوەنی کۆمپانیاکانی گەشتیاری دەڵێن بەراورد بە پێشتر جووڵەی گەشتیاریی 30% کەمی کردووە (فۆتۆ: رووداو)

# گرنگیی رۆسنێفت بۆ نەوتی کوردستان بە داتا

شەهریار شێخلەر*

هەرێمی کوردستان کە خاوەنی 45 ملیارد بەرمیل نەوتی یەدەک و زیاتر لە سێ تریلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتییە، یەکێکە لە ناوچە گرینگەکانی جیهان لەرووی سامانی سروشتییەوە. پاش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق و بەپێی پلانی گەشەی کەرتی نەوت و گازی کوردستان، زیاتر لە 30 گەورە کۆمپانیای جیهانیی نەوت و گاز وەکوو شێڤرۆن، تۆتاڵ، گازپرۆم، دی ئێن ئۆ، مۆل، ئەفرین، گۆڵف کیستۆن، ئۆریکس، هێس و هانت ئۆیڵ بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنان روویان تێکردووە کە بەشێکیان تاوەکوو ئێستا بەردەوامن لە پرۆژەکانیان و چەند کۆمپانیایەکیش پاش ئەوەی بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە پرۆژەکانیان راگرتبوو، خەریکن دەست بە کارەکانیان دەکەنەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین هاتنی هیچکام لەو کۆمپانیایانە بەقەدەر رۆسنێفت سەرنجی شرۆڤەکارانی رانەکێشاوە، تەنانەت گازپرۆم کە ئەویش رووسیە و لە رۆسنێفتیش گەورەترە.

## رۆسنێفت

کۆمپانیای رۆسنێفت، کە ساڵی 2017 سێیەم کۆمپانیای گەورەی رووسی بووە لە پاش گازپرۆم و سبێربانک، مێژووی دامەزرانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1993 کە لە رێکخستنەوەی کۆمپانیا نەوتییەکانی رووسیای پاش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت پێکهاتووە.

رۆسنێفت لە 24 وڵاتی جیهان وەکوو رووسیا، بەرازیل، نەرویج، کەنەدا، ڤەنزوێلا، چین، ڤێتنام، میانمار، تورکمانستان، میسر، ئیمارات، ئیندۆنیسیا و عێراق (لەرێی کۆمپانیای باشنێفت لە کێڵگەی دوازدەی عێراق) و لە هەر پێنج کیشوەری جیهان پرۆژەکانی خۆی بۆ بەرهەمهێنان، گواستنەوە، پاڵاوتن و فرۆشتنی نەوت و گازی سروشتی و بەرهەمەکانیان جێبەجێ دەکات.

## سەرمایە و داهاتی رۆسنێفت

ئەگەر پێداچوونەوە بە سامان و فرۆش و قازانجی 10 گەورە کۆمپانیای نەوتی جیهان بەپێی ریپۆرتی ساڵانەی گۆڤاری فۆربس لە ساڵی 2017 بکەین، کۆمپانیای رۆسنێفت شەشەمین کۆمپانیای نەوت و گاز و 82 هەمین گەورە کۆمپانیای جیهانە و خاوەنی زیاتر لە 193 ملیارد دۆلار سەرمایە بووە کە ئەگەر کاریگەری نەرێنیی نزمبوونەوەی نرخی گۆڕینەوەی رۆبڵی رووسی بە دۆلار نەبووایە، سامانەکەی لە ئێکسۆن مۆبیل زیاتر دەبوو. داهاتی رۆسنێفت لە پیشەسازی و فرۆشی نەوت و گاز و بەرهەمەکانیان لە ساڵی 2017، زیاتر لە 75 ملیارد دۆلار بووە کە خێری پوختی رۆسنێفت بە زیاتر لە 2.7 ملیارد دۆلار خەمڵێنراوە، واتا 3.6%ی فرۆشی رۆسنێفت بووەتە خێری پوخت.

هەڵبەت، رێژەی خێری پوختی رۆسنێفت بۆ چارەگی یەکەمی 2018 بە 1.5 ملیارد دۆلار خەمڵێنراوە کە بەرزبوونەوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی لەچاو ساڵانی پێشوو تۆمار کردووە و ئەگەر لەو رێژەیە تا کۆتایی ساڵ بەردەوام بێت، خێرەکەی بۆ دوو بەرامبەری ساڵی 2017 بەرز دەبێتەوە کە رێژەیەکی بەرچاو و پێوانەیی دەبێت.

## یەدەکی هایدرۆکاربۆن و رێژەی بەرهەمهێنانی رۆسنێفت

کێڵگەکانی سەر بە رۆسنێفت لە سەرتاسەری رووسیادا لە رۆژهەڵاتی وڵاتەوە بۆ رۆژئاوای سیبێریا بڵاون و رۆسنێفت لە گەڕان بۆ دۆزینەوەی نەوت لەو کێڵگانە و بەرزکردنەوەی یەدەکی نەوتی خۆی بەردەوامە.

بەپێی ریپۆرت و داتاکانی رۆسنێفت، کۆی بەرامبەری یەدەکی هایدرۆکاربۆنی ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی 2016 بە زیاتر لە 37 ملیارد بەرمیل نەوت خەمڵێنراوە و لەپاش گازپرۆم، دەوڵەمەندترین کۆمپانیای جیهانە لەو بوارەدا (بێجگە لە کۆمپانیا نەتەوەییەکانی وڵاتان وەکوو ئارامکۆ)

## پرۆژەکانی رۆسنێفت لە بەرهەمهێنانی نەوت

پێداچوونەوە بە داتای ئۆپەرەیشنی رۆسنێفت دەریدەخات کە لە ساڵی 2016 دا توانیویەتی نەوت لە 13 کێڵگەی نوێ بدۆزێتەوە و 2615 بیری نوێ بگەیەنێتە ئاستی بەرهەمهێنان کە بە رێژەی 43% لە ساڵی 2015 زیاتر بووە و ئاماژەیەکە بۆ خێرایی زۆری ئەو کۆمپانیایە لە پەرەپێدان بە پرۆژە و چالاکیەکانی لە سەرتاسەری جیهان.

رۆسنێفت بە بەرهەمهێنانی رۆژانەی 4.66 میلیۆن بەرمیل نەوت لە ساڵی 2016، گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی رووسیا بووە کە ئەو رێژەیە زیاترە لە 40%ی کۆی نەوتی رووسیا و زیاتریشە لە 6%ی کۆی نەوتی جیهان.

رۆسنێفت بە پشتبەستن بە توانای تەکنیکاڵی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی نەوتی خۆی کە خاوەنی زیاتر لە سەد ساڵ ئەزموون لە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی جیهانن، پرۆژەکانی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت لەسەر وشکانی و لە قووڵایی دەریاکان و زەریاکان جێبەجێ دەکات و لەو بوارەوە بە کۆمپانیایەکی خاوەن ئەزموون و تەکنۆلۆجیا هەژمار دەکرێت.

## پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی

رۆسنێفت دووەم کۆمپانیای بەرهەمهێنەری گازی سروشتی رووسیایە کە چالاکی و پرۆژەکانی لە سەرتاسەری رووسیا بەردەوامە. هەڵبەت ئەوە بێجگە لە پرۆژەکانی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە ڤیێتنام و ڤەنزوێلا.

یەدەکی گازی سروشتیی سەلمێنراوی رووسیا لە سەرەتای 2017 زیاتر بووە لە 7.6 ملیارد مەتر سێجا و بە مەبەستی پەرەپێدان بە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی گازی سروشتی، ئەو کۆمپانیایە چەندین سەنتەر و کۆمپانیای تایبەتی دامەزراندووە و پلانی بۆ بەرزکردنەوەی خێرای بەرهەمهێنانی گازی سروشتی داناوە.

رۆسنێفت بە دانانی پلانی گەشەپێدانی پیشەسازیی ستراتیجیکی گازی شل (LNG)، دەتوانێت بۆ بەرهەمهێنان لە کێڵگە شاراوەکانی ناو فەلاتی رووسیا کە یەدەکی گازی سروشتییان بە زیاتر لە 22.7 تریلیۆن مەتر سێجا دەخەمڵێنرێت و دەرهێنانیان پێویستی بە تەکنۆلۆجیای تایبەت هەیە، کەڵکی زۆری بۆ پلانەکانی گەشە و زیادکردنی داهاتی ئەو کۆمپانیایە هەبێت.

ساڵی 2016، بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لەلایەن رۆسنێفت بە رێژەی 7.3% بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 67 ملیارد مەتر سێجا کە زیاترە لە 10%ی کۆی گازی بەرهەمهاتووی رووسیا و پێشبینی دەکرێت بەهۆی پلانەکانی ئەو کۆمپانیایە زۆر بە خێرایی بەرزتر بێتەوە و رۆڵێکی جیهانی لەو بوارەدا بداتە ئەو کۆمپانیایە.

## توانای پاڵاوتن، هەناردەکردن و فرۆشتنی رۆسنێفت

رۆسنێفت خاوەنی 10 پاڵاوگەی زەبەلاحی نەوتە لەناو رووسیا کە کۆی توانای پاڵاوتنیان دەگاتە 87.5 میلیۆن تۆن (زیاتر لە 1.75 میلیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا)، هەروەها لە دەرەوەی رووسیاش خاوەنی پشکە لە سێ پاڵاوگەی گەورەی ئاڵمانیا کە زیاتر لە 12%ی کۆی توانای پاڵاوتنی ئەو وڵاتە پێکدێنن و هەروەها پشکی لە یەک پاڵاوگە لە بیلاڕووس هەیە کە سەرجەم ئەو پاڵاوگانە توانای پاڵاوتنیان زیاترە لە 12.8 میلیۆن تۆن (256 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا). واتا کۆی توانای پاڵاوتنی رۆسنێفت زیاترە لە دوو میلیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

رۆسنێفت، خاوەنی چەندین پۆرت و تێرمیناڵی هەناردەکردنی هایدرۆکاربۆنیشە لە ناوخۆ، کەناراوەکان و دەرەوەی رووسیا و تۆڕێکی پێشکەوتووی بۆ فرۆشتنی بەرهەمە نەوتیەکان لە سەرتاسەری جیهان دامەزراندووە کە توانایەکی بەرچاوی داوەتە ئەو کۆمپانیایە بۆ دابینکردن و فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکان لە سەرتاسەری جیهان کە لە داهاتوودا دەبنە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بزنس و داهاتی رۆسنێفت.

## کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان

بەپێی پلانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئامانجی بەرهەمهێنانی دوو میلیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بۆ ساڵی 2019 دانرابوو کە سەرهەڵدانی چەندین کێشەی ئابووری وەکوو دابەزینی لەناکاوی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان، کێشەی بودجە لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەروەها شەڕی داعش خێرایی پرۆژەکانی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوتیان لە هەرێمی کوردستانیان خاو کردەوە و گەیشتن بەو ئامانجەیان دواخست.

هەڵبەت بەهۆی کێشە داراییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە بوونە هۆی کێشەی تەکنیکی و لاوازبوونی سیانە و راگرتنی بەرهەمهێنان لە بەشێک لە کێڵگەکان و هەروەها راوەستانی بەشێکی دیکە لە پرۆژەکانی گەشەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، گەشبینی بە گەیشتن بەو ئامانجە و جوبرانی کاتی لەدەستچووی کاڵ کردبوووەوە، بەڵام هاتنی رۆسنێفت کە خاوەنی پاڵپشتی بەهێزی حکومەتی رووسیا و تەکنۆلۆجیا و ئەزموونە لە سەرتاسەری جیهان، هەروەها بەهۆی ئەوەی سیستەم و ژێرخانی فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکانی لە سەرتاسەری جیهان هەیە، جۆرێک لە متمانەی بە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان زیندووکردەوە چون بێجگە لەوەی دەتوانێت لە گەشەسەندنی پیشەسازیی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی رێژەی هەناردەکردنی هاوکار بێت بەهۆی توانای بەرچاوی لە کڕین و فرۆشتنی نەوت و گاز لە سەرتاسەری جیهان، دەتوانێت مەترسیەکانی سەر فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانیش لابدات یان لانیکەم، کاڵی بکاتەوە.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە، هاتن و پەرەپێدان بە پرۆژەکانی رۆسنێفت کە پێگەی لەناو لیستی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان لە بەرزبوونەوەدایە و وەک رکابەرێکی ناسراوی کۆمپانیاکانی رۆژئاوا دەرکەوتووە، دەتوانێت هاندەرێک بێت بۆ رکابەرەکانی بۆ ئەوەی بێنەوە هەرێمی کوردستان یان گەشە بە پرۆژە و پشکەکانیان لەناو هەرێمی کوردستان بدەن و ئەوەش دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەی خێراتری نەوتی کوردستان و گەیشتن بە ئامانجەکانی.

* راوێژکاری ئابووریی وزە



رۆسنێفت دەتوانێت هاندەرێک بێت بۆ گەڕانەوەی رکابەرەکانی بۆ هەرێمی کوردستان

# سزاکانی واشنتن کەرتی نەوت و غازی ئێـــــران پەکدەخات

رووداو– هەولێر



نەوت نزیکەی 22 %ی ئابووری ئێران پێکدەهێنێت

> لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا ئابووریی ئێران قازانجی گەورەی لە لادانی سزاکان کردووە

نەوت یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی ئێرانە و نزیکەی 22%ی ئابووریی ئێران پێکدەهێنێ، لەپاش خزمەتگوزاری و سەرچاوە کانزاییەکان و پیشەسازی بە سێیەم کۆڵەکەی سەرەکی ئابووریی ئێران دادەنرێ. هەرچەندە ئێران هێندەی وڵاتانی کەنداو وابەستەی نەوت نییە، بەڵام بایەخی نەوت بۆ ئابووریی ئێران لەوەدایە کە لەپاڵ غازی سروشتی گرنگترین ماتریاڵی هەناردەکراوی ئێرانە. لە سەردەمی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکادا سزا ئەتۆمییەکانی ئێران کەرتی نەوتیشیان گرتبووەوە، چاوەڕێ دەکرێ ئەمجارەش وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا نەوتی ئێران بخاتە لیستی سزاکانەوە و بەوەش کەرتی وزەی ئەو وڵاتە بەرەورووی دارمان بکاتەوە.

## ئاکامە کورتخایەنەکان

چاوەڕێ دەکرێ ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی ئێران قۆناغ بە قۆناغ دابەزێ. ساڵی 2015 و پاش راگەیاندنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1، ئێران ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزکردەوە. مانگی رابردوو وەزارەتی نەوتی ئێران رایگەیاند کە ئاستی هەناردەی نەوتیان گەیشتووەتە 2.6 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا و 60%ی ئەو نەوتەش بۆ چین، هیندستان، کۆریای باشوور و ژاپۆن چووە.

گرنگیی ئەو ژمارانە لەوەدایە کە ئێران لە ساڵی 2012 (واتە پێش سزا ئەتۆمییەکانی ئیدارەی ئۆباما) نزیکەی 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە رۆژێکدا هەناردە دەکرد. بەو پێیەش ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران لە مانگی نیسان ئاستی پێش سزاکانی 2012ی تێپەڕاندووە.

ئێران داوای لە چین و لە وڵاتانی ئەورووپا کردووە پابەندی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بن و سزاکانی ئیدارەی ئەمریکی لەسەر کەرتی نەوتی وڵاتەکەی رەت بکەنەوە. کۆریای باشووریش لەلایەکەوە داوای لە ئەمریکا کردووە سزا ئەتۆمییەکان هەناردەی کەرتی نەوت نەگرنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی نەوتی خاودایە، سعودیە و عێراقیش دوو ئەڵتەرناتیڤی سەرەکین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە.

راپۆرتێکی پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن (MEI) چاوەڕێ دەکات داوای هیندستان و چین لەسەر نەوتی ئێران بە بەهێزی بمێنێتەوە، بەڵام ئەورووپا، ژاپۆن و کۆریای باشوور بە وریاییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ نەوتی ئێران بکەن.

دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی ئێران کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر رێژەی نەوتی بازاڕەکان و نرخەکانی نەوت دادەنێ. پێشتر سعودیە بەڵێنی دابوو لەحاڵەتی دابەزینی ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران، ئەوان خۆیان باڵانسی نەوتی بازاڕەکان رابگرن.

## کاریگەریی درێژخایەن

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا ئابووریی ئێران قازانجی گەورەی لە لادانی سزاکان کردووە. لە سەرووی هەمووشیانەوە بەرزبوونەوەی داهاتی هەناردەی نەوتی ئێران دێ، بەڵام لە راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت و غازی وڵاتەکەی، تاران سەرکەوتوو نەبوو.

گەورەترین گرێبەستی وزە کە ئێران لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا واژۆی کردبێ، لەگەڵ کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چین و کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی بووە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی زەبەلاحی غازی پارسی باشوور. کۆمپانیای تۆتاڵ تاکە کۆمپانیای ئەورووپییە کە گرێبەستی دۆزینەوە و پەرەپێدانی کێڵگەی نەوت و غازی لەگەڵ ئێراندا واژۆ کردبێ، بەڵام ئەو کۆمپانیایە رۆژی 16ی ئایار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، ئەگەر ئەمریکا کۆمپانیا فەرەنسییەکان لە سزاکان لانەدات لە پرۆژەکەی پارسی باشوور دەکشێنەوە.

وەبەرهێنانی بەرایی کۆمپانیا فەرەنسییەکە بە بڕی یەک ملیار دۆلار بوو. کۆمپانیاکە تاوەکو ئێستا 47 ملیۆن دۆلاری لە پرۆژەکە خەرج کردووە. بۆیە دەرچوون لە گرێبەستەکە لەو قۆناغەدا کاریگەری لەسەر باری دارایی و بەرزبوونەوەی داهاتی کۆمپانیاکە دەبێ.

ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی ناوچەکە کە بەشی زۆری پیشەسازی و تەکنەلۆژیای نەوت و غازی خۆی لە نێوخۆ بەرهەم دەهێنێ، بەڵام بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتی و غازییەکانی پێویستی بە پارە و وەبەرهێنانی دەرەکییە.

ماوەی سێ ساڵ سزای ئەتۆمیی قورس (2012 بۆ 2015) پێشکەوتنی کەرتی نەوت و غازی ئێرانی یەکجار خاو کردبووەوە. هەر ئەمەش یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانە بوو کە ئێران سێ ساڵی بوێ بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی وڵاتەکەی بۆ ئاستی پێش سزاکانی 2012 بگەڕێنێتەوە. گەڕانەوەی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران قەیرانی گەورە بۆ پێشخستنی کەرتی نەوتی ئێران و ئابووری ئەو وڵاتە دروست دەکات.

بەشی پاڵاوگەکان یەکێک لەو بەشە سەرەکییانە بوو کە ئێران دەیویست لەدوای رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا پەرەی پێبدات. بانکی ئێکسپۆرت ئیمپۆرتی کۆریای باشوور رەزامەندی لەسەر تەرخانکردنی 15 ملیار دۆلار بە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پاڵاوگەکان لە ئێران تەرخان کردبوو، بەڵام پاش بڕیاری کۆشکی سپی لەبارەی کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە، پێناچێ بانکە کۆرییەکە لەسەر ئەو گرێبەستە بەردەوام بێ.

پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیای نەوت و غاز، یەکێک لەو میکانیزمانەیە کە وڵاتانی بەرهەمهێن بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەرهێنان و دابەزاندنی بەهای گرێبەستە نەوتی و غازییەکان دەیگرنەبەر. ئەگەر پیشەسازیی نەوت و غازی ئێران لەو ئاستەی ئێستایدا بمێنێتەوە، ئەوە ئەستەمە لە داهاتوودا بتوانێ ململانێ لەسەر بازاڕەکان بکات.



## بارام بۆ خۆشەویستەکەی دەناڵێنێ



**ڕووداو – سلێمانی**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ بارام سەعید، نوێترین گۆرانیی خۆی بەناوی ناڵەی خۆشەویستی کلیپ کرد و بڵاوی کردەوە.

بارام سەعید لەو بارەیەوە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانیی بارانی خۆشەویستی، میوزیکەکەی لەلایەن ئاوازدانەر عادل حەسەن دانراوە. هەروەها محەممەد قەرەداخی تێکستی گۆرانییەکەی نووسیوە و هەر ئەویش سیناریۆی بۆ کلیپەکە داناوە". بارام سەعید کلیپی بۆ گۆرانییەکەش کردووە. لەبارەی کلیپەکەوە گوتی "ئەم ڤیدیۆکلیپە لە دەرهێنان و وێنەگرتنی یاسین ژاژڵەییەو لە بەرهەمهێنانی ڕێک پڕۆ و بلاک ڕۆیدە".

### هونەرمەند زوبێر ساڵح بۆ (ڕووداو):

# دەگەڕێمەوە کۆبانێ و منداڵان فێری موزیک دەکەم

کاتێک باسی زوبێر ساڵح دەکرێ، باسی مەلای جزیریش دێتە گۆڕێ، چونکە زوبێر بە تەواوی ڕۆچووەتە نێو هەڵبەستەکانی مەلای جزیری، ئەوە دووەم ئەلبوومی گۆرانیی ئەوە کە سەرجەم تێکستەکانی لە دیوانی مەلای جزیری هەڵێنجابن. زوبێر ساڵح، ساڵی 1965 لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە و بە گۆرانیی (سەباحولخەیر خانا من) سنووری ڕۆژئاوای کوردستانی بڕی و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ناسرا. دوای بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی گۆرانی بەناوی (مەی نەنۆشی شێخی سەنعان) کە تێکستی سەرجەم گۆرانییەکانی لە دیوانی مەلای جزیری وەرگرتبوون، ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ تۆمارکردنی ئەلبوومێکی نوێ کە ئەویش بە هەمانشێوە سەرجەم تێکستەکانی شیعری هەمان شاعیرن.

**ڕووداو – هەولێر**

**ڕووداو: تۆ سەرەتا بە ئاهەنگی ماڵان و بووکگواستنەوە دەستت بە کاری هونەری کرد، ئەو قۆناغەی ژیانی هونەریت چەند بەردەوام بوو، کەی بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەستت بە گۆرانی کرد؟**

**زوبێر ساڵح:** من لە ماڵباتێکی هونەری چاوم هەڵهێناوە، باوکم تەمبووری لێدەدا و گۆرانی دەگوت، دایکم جاروبار تەمبووری لێدەدا، برا گەورەکەم گۆرانی دەگوت. کە من لە دایکبووم میوزیک لە ماڵی ئێمەدا ئامادە بوو، دەتوانم بڵێم فرچکم بە میوزیکەوە گرتووە. منیش وەکو هەر هونەرمەندێک کە دەستپێدەکات، بەلاساییکردنەوەی هونەرمەندان دەستم پێکرد، لاسایی محەممەد شێخۆ، سەعید یوسف و ئارام تیگرانم دەکردەوە، بەڵام زۆر زوو قۆناغی لاساییم تێپەڕاند.

**ڕووداو: ساڵی چەند یەکەم سترانی خۆت تۆمار کرد؟**

**زوبێر ساڵح:** ساڵی 1979، بەبۆنەی کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی بوو، پێشتریش چەند گۆرانییەکم تۆمارکردبوون، بەڵام بڵاوم نەکردبوونەوە. دەتوانم بڵێم ئەو گۆرانییە بۆ مەلا مستەفا یەکەمین گۆرانی پرۆفیشناڵی من بوو.

**ڕووداو: هیچ مامۆستایەکت هەبوو کە دەستی تۆ بگرێ لە هونەری میللییەوە بتپەڕێنێتەوە بۆ ئەکادیمی و پرۆفیشناڵێتی؟**

**زوبێر ساڵح:** نەخێر کەس نەبوو، خۆم هەوڵمدا، ئەوکات تەمەنم 14 ساڵان بوو، زۆر حەزم لە تەکنیکی گۆرانی و تۆمارکردن بوو، هەوڵم دەدا شتێک بە شتێک بکەم. ناتوانم بڵێم کارەکانم زۆر پرۆفیشناڵ بوون، لەڕێگەی تۆمارگەکان گۆرانییەکانم تۆمار دەکردن.

**ڕووداو: کە باسی زوبێر ساڵح دەکرێ، خەڵک یەکسەر خەیاڵی بۆ لای شیعرەکانی مەلای جزیری دەچێ، ئەو پەیوەندییەی تۆ بە شیعرەکانی مەلای جزیری چۆن دروستبوو؟**

**زوبێر ساڵح:** ساڵی 1988 لە ڕێگەی هاوڕێیەکم، دیوانێکی مەلای جزیرم دەستکەوت، هەڵبەستەکانم خوێندنەوە کە هەندێک کەس دەڵێن بە چوار زمان نووسراون. هەڵبەستی سەباحولخەیر خانا من سەرنجی ڕاکێشام. یەکسەر هەستم کرد ئەو هەڵبەستە بۆ گۆرانی نووسراوە. کاتێک ئاوازم بۆ ئەو هەڵبەستە دانا، زۆر کەس دەیانگوت زوبێر ئاوازی بۆ ئایەتی قورئان داناوە. زۆر هونەرمەند پێم پێدەکەنین و دەیانگوت ئەو کابرایە چ دەڵێت. بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم ئەو گۆرانییە ناسنامەی زوبێر ساڵحە.

**ڕووداو: دوای ئەو گۆرانییە ئەلبوومێکت دروستکرد کە تێکستی سەرجەم گۆرانییەکان، شیعری مەلای جزیری بوون، بەڵام وەکو سەباحولخەیر دەنگدانەوەی نەبوو، هۆکارەکەی چی بوو؟**

**زوبێر ساڵح:** ناوداربوون و دەنگدانەوەی هەر گۆرانییەک کاتی پێویستە. من لە ساڵی 1988 گۆرانیی سەباحولخەیرم تۆمار کردووە، بەڵام پاش ساڵی 2000 دەنگی دایەوە. هەڵبەستەکانی مەلای جزیری قووڵن، وەکو ئەو تێکستانە نین کە ئەمڕۆ دەگوترێن و بەیانی لەبیر دەکرێن. سەباحولخەیر درەنگ ناسرا، وا بەزوویش لەبیر ناکرێ. من دڵنیام سیدی ڕابردووشم وەکو ئەو گۆرانییە بەناوبانگ دەبێ، ئێستا خەریکم کلیپیان بۆ دەکەم. لەو باوەڕەدام ئەگەر سەباحولخەیر کلیپی بۆ نەکرابا بەو جۆرەی ئێستا دەنگدانەوەی نەدەبوو.

**ڕووداو: بەڵام لە زۆر کەسمان بیستووە دەڵێن زوبێر ساڵح بە گۆرانیی سەباحولخەیر گەیشتە لوتکە، ئیدی زەحمەتە بتوانێ ئەو گۆرانییە تێپەڕێنێ؟**

**زوبێر ساڵح:** من پێموایە هێشتا لە قۆناغی سەرەتادام. سەباحولخەیر گۆرانییەک بوو هات و ڕۆیشت. ئەوەی لە خەیاڵی مندایە ئەوەیە کە کاری گەورەتر لە سەباحولخەیر بکەم. هەر کاتێک هەستم کرد گەیشتوومەتە لوتکە، ئیدی دەوەستم.

> کاری گەورەتر لە (سەباحولخەیر)م بەدەستەوەیە
>
> •
>
> داهاتی کۆنسێرتەکەی کۆبانێم دایە هونەرمەندێک

> کاتێک گۆرانیی (سەباحولخەیر)م تۆمارکرد گاڵتەیان پێدەکردم

**ڕووداو: بێجگە لە تۆ هیچ هونەرمەندێکی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان، خۆی لە قەرەی شیعرەکانی مەلای جزیری داوە؟**

**زوبێر ساڵح:** بەڵێ هەن. ڕەشید سۆفی هەڵبەستێکی مەلای جزیری کردووەتە گۆرانی. هەروەها هونەرمەند محەممەد عەلی شاکر ئاوازی بۆ هەڵبەستەکانی مەلای جزیری داناوە.

**ڕووداو: جا ئەوانە مافیان بە تێکستەکان داوە؟**

**زوبێر ساڵح:** ئەوان بە گوێرەی هەستی خۆیان ئاوازیان بۆ داناون، بەڵام ئەگەر بڵێم مافیان پێداوە، دەبووایە وەکو گۆرانیی سەباحولخەیر دەنگدانەوەیان هەبووایە.

**ڕووداو: بەرهەمێکی تازەت بەدەستەوەیە، دەکرێ ئاماژە بە ناوەڕۆکەکەی بدەی؟**

**زوبێر ساڵح:** بەڵێ، ئەلبوومێکی تازەم بەدەستەوەیە کە لە هەشت تراک پێکهاتووە، دیسان تێکستی سەرجەم گۆرانییەکان هەڵبەستەکانی مەلای جزیرین، ئەمجارەش تۆڕی میدیایی ڕووداو، سپۆنسەرە. هێشتا ناوم بۆ بەرهەمەکە دانەناوە، لەو باوەڕەدام لە ماوەی سێ تاوەکو چوار مانگی داهاتوو تەواو دەبێ.

**ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا سەردانی کۆبانێت کرد، لەوێش کۆنسێرتت هەبوو، ئەو سەردانە لەسەر داوای کێ بوو؟**

**زوبێر ساڵح:** لەسەر داوای کەس نەبوو، خۆم بڕیارم دا ئەو سەردانە بکەم، کاتێک لە فەیسبووکەکەم بڵاوم کردەوە، پەیوەندییان پێوەکردم و گوتیان مادام ئەو سەردانە دەکەی، بۆ کۆنسێرتێکیش ناکەی؟ ئیدی منیش قبوڵم کرد. من چاوەڕێ بووم کۆبانێیەکی وێران ببینم، بەڵام لە هەموو لایەک بنیاتنانەوەی شارەکە دەستی پێکردووە، دڵی کۆبانێ دیسان لێ دەدات. من بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لەو شارە وێرانبووەدا کۆنسێرتەکە بکەم، بەڵام بینیم لەوێ هۆڵی ئاهەنگ و کۆنسێرت هەیە، هەموو ئامادەکارییەک کرابوو، بلیتی کۆنسێرت ئامادەکرابوو، خەڵکێکی زۆر ئامادەی کۆنسێرتەکە بوون. بەڵام من پێمگوتن بەهیچ شێوەیەک پارەی ئەو کۆنسێرتە وەرناگرم، دواتر پارەکەمان پێشکەشی هونەرمەندی خەڵکی کۆبانێ ڕەشید سۆفی کرد.

**ڕووداو: بەنیاز نیت بە یەکجاری بگەڕێیتەوە ڕۆژئاوای کوردستان؟**

**زوبێر ساڵح:** بەڵێ بەرنامەی گەڕانەوەم هەیە. بەنیازم بۆ ماوەی شەش مانگ وەکو تێست بگەڕێمەوە کۆبانێ، لەوێ خولی میوزیک بۆ منداڵان دەکەمەوە، هەروەها لەگەڵ ڕادیۆی ئارت ئێف ئێم قسەم کردووە، بەڵێنیان پێداوم خانوو و ئۆتۆمبێلم بۆ دابین بکەن و مووچەیەکم دەدەنێ، لەبەرامبەردا هەفتانە بەرنامەیەکی چاند و هونەری پێشکەش دەکەم. ئەگەر تێستەکە بە دڵی من بوو ئەوە دەگەڕێمەوە.



(فۆتۆ: ڕووداو)

### گوڵاڤ عومەر، خانمە گۆرانیبێژی کورد بۆ (ڕووداو):

# لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە دەستم بە گۆرانی کرد

گوڵاڤ عومەر، گۆرانیبێژێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە، دەمێکە گۆرانییەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکاتەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبووە. بۆیە هەمیشە لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دڵی هەوادارانی خۆی خۆش دەکات. گوڵاڤ سۆشیاڵ میدیا بە خێراترین ڕێگا دەزانێ بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگ و هەستی خۆی بگەیەنێتە هەوادارانی. ئەو هەرچەندە ئێستا لە ئەورووپا دەژیت، بەڵام دەڵێت دڵ و هەست و هۆشی هەر لە ڕۆژئاوای کوردستانە. گوڵاڤ لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی دوایین کار و بەرهەمی خۆی دەکات.

**هەڤپەیڤین:**
**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**



**ڕووداو: لە کەیەوە دەستت بە کاری هونەری کردووە؟**

**گوڵاڤ عومەر:** من بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی هونەری لەدایکبووم، لەگەڵ میلۆدی و گۆرانی و میوزیک گەورە بوومە. دوای ئەوەی کەوتمە سەرپێ، ئیدی لەگەڵ باوکم گۆرانیم دەگوت، هێدی هێدی بنەماڵەکەم پاڵپشت و هاوکارم بوون، تاوەکو بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ دەست بە گۆرانی بکەم. پێم باش بوو سەرەتا لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە گۆرانی بڵێم، چونکە ئێستا خەڵک زیاتر گرنگی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن، لەو ڕێگایەوە هاتمە نێو دنیای هونەر و توانیم لە ماوەیەکی کەمدا هەوادارێکی زۆر پەیدا بکەم.

> لەگەڵ میوزیک و گۆرانی گەورە بووم

**ڕووداو: حەز لە کامە ستایلی گۆرانی دەکەیت؟**

**گوڵاڤ عومەر:** من زیاتر حەز بە ستایلی کلاسیک دەکەم، چونکە هەست دەکەم لەگەڵ هەست و هۆشی من زیاتر یەکدەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە ڕۆحی من نزیکە، بۆیە هەمیشە لەو ستایلە کار دەکەم و گۆرانی دەڵێم. ئەگەرچی ستایلەکانی دیکەش خۆشن، بەڵام تەنیا حەز دەکەم گۆرانی بە ستایلی کلاسیک و کۆن بڵێم.

**ڕووداو: ئەو پرۆژە نوێیانەت چین کە بڕیارە لەم نزیکانە بڵاویان بکەیتەوە؟**

> ڕەوشی هونەر لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆر باش نییە

**گوڵاڤ عومەر:** کۆمەڵێک گۆرانی ئامادەکراوم هەیە، لەم ڕۆژانە یەکەمین ڤیدیۆکلیپی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب بڵاودەکەمەوە، هیوادارم بە دڵی هەموو هەوادارانم بێت. هەرچەندە تاوەکو ئێستا بەشێوازی لایڤ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆرانیم بڵاودەکردەوە، بەڵام لەسەر داواکاری هەوادارانم یەکەمین کلیپی خۆم لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بڵاودەکەمەوە.

> سۆشیاڵ میدیا خێراترین ڕێگایە بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی هونەرمەند

**ڕووداو: شەیدای دەنگی کامە هونەرمەندی کوردستانی؟**

**گوڵاڤ عومەر:** گوێ لە هەموو هونەرمەندێکی کورد دەگرم، کارەکانی هونەرمەندانی کۆن و ئێستاشم خۆشدەوێن، بەڵام زۆر شەیدای دەنگی هونەرمەندی کۆچکردوو، مامۆستا محەممەد شێخۆم. هەمیشە گۆرانییەکانی ئەو لە هەست و خەیاڵمدایە و بەردەوام لەبەر خۆمەوە دەیانڵێمەوە.

**ڕووداو: بۆچی ئێستا بەشێک لە گۆرانیبێژان تەنیا لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە گۆرانی بڵاودەکەنەوە؟**

> زیاتر حەز بە ستایلی کلاسیک دەکەم

**گوڵاڤ عومەر:** ئاستەنگ لەبەردەم هونەرمەندان گەلێک زۆرن، کەم کەس هەیە بتوانێت لەسەر ئەرکی خۆی بەرهەمی نوێ بڵاوبکاتەوە، بۆیە پەنا بۆ سۆشیال میدیا دەبات کە هەم خێراترینە و هەمیش لەڕووی مادییەوە هیچ خەرجییەکی وا گەورەی نابێت کە کێشە بۆ هونەرمەند دروست بکات. بەبۆچوونی من سۆشیال میدیا باشترین ڕێگەی گەیاندنی پەیام و دەنگی هونەرمەندانە.

**ڕووداو: ڕەوشی هونەر بەگشتی لە ڕۆژئاوای کوردستان چۆن دەبینی؟**

**گوڵاڤ عومەر:** لە ساڵانی شۆڕشدا ڕەوشی هونەر هەمیشە باش نییە، بەڵام ڕەوتی هونەر ڕانەوەستاوە و بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندان لەسەر ئەرکی خۆیان بەرهەمی هونەرییان هەبووە.

> شەیدای دەنگی محەممەد شێخۆم


Life
UB HOLDING
Life
0.5 L
NATURAL SPRING WATER
NATURAL SPRING WATER
UB
UB HOLDING


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
رز محمود
ممتاز
أرز ١١٢١ سيلة هند
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یه
altunsa
MILK
powder
حليب

# شۆفێرانی تاکسی لە کوردستان ئافرەتانی بیانی هەراسان دەکەن




**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

کریستینا، هێشتا کوردستان بەماڵی خۆی دەزانێ، حەزی لە هەموو شتێکی ئێرەیە: خواردن، نەریتی خەڵکەکەی و مێژووەکەی، لێرە زیاتر لە وڵاتەکەی خۆی هەستی بە ئارامی دەکرد، بەڵام ماوەیەکە نارەحەت و نیگەرانە لەوەی کە سیستمێک نییە ئافرەتانی بیانیی نیشتەجێی کوردستان لە دەستدرێژی و گێچەڵی شۆفێرانی تاکسی بپارێزێ. ئەو تاوەکو ئێستا سێ جار لەلایەن شۆفێرانی تاکسییەوە بەرەورووی گێچەڵ و بێزارکردن بووەتەوە، دوایین جار ناچار بوو لە بنکەیەکی پۆلیس سکاڵا تۆمار بکات و شۆفێرەکە بە گرتن بدات.

نزیکەی هەموو ئەو ئافرەتە بیانیانەی لە کوردستان کار دەکەن، دادو بێدادیانە لەدەست شوفێرانی تاکسی. ئەوان چیرۆکی جۆراوجۆریان هەیە لەبارەی هەندێک لەو شوفێرانەی بە زۆر ویستوویانە دەستدرێژییان بکەنە سەر. کەیسەکانی ئەوان یەکێک و دووان نین، تەنانەت پۆلیس بە یەکێک لەو ئافرەتانەی گوتووە کە رۆژانە کەیسی لەوجۆرە لە بنکەکەیان تۆمار دەکرێن.

## "فێری رێزگرتنیان بکەن"

"شۆفێرەکان پێویستە خول ببینن دەربارەی چۆنیەتی رێزگرتن لە کەسانی بیانی" ئەمە قسەی مێرقی تەمەن 32 ساڵانە کە خەڵکی تورکیایە و شەش ساڵە لە یەکێک لە مۆڵەکانی شاری هەولێر کاردەکات.

مێرقی دڵخۆشە بە ژیانی هەولێر و بە میهرەبانسی خەڵکەکەی سەرسامە، بەتایبەتی لە مانگی رەمەزاندا، ئەو دەڵێت: "کە ئێواران دەگەڕێمەوە بۆ شوقەکەم، دراوسێکانم خواردنم بۆ دێنن، هەرچەند من بەڕۆژوو نیم، چونکە خواردن دروست دەکەم و ئەوەش پێویستی بە تامکردن هەیە، بەڵام منیش سەرپۆشێک دەخەمە سەر سەرم و لەو مانگەدا رێز لە کولتووریان دەگرم".

مێرقی باس لە رووداوێک دەکات کە لەم چەند ساڵەدا بەسەری هاتووە و دەڵێت: "لەسەر پلیکانە کەوتمە خوارەوە و قاچم شکا، دوو مانگ دراوسێکانم خزمەتیان کردم، بەجۆرێک ئەگەر لە ماڵی باوکیشم بوومایە هەر بەمشێوەیە خزمەت دەکرام، بۆیە

> **10**
> جار هەوڵیان داوە پەلامارم بدەن
> ئافرەتێکی تورک

هیچکات بیرم لەوە نەکردووەتەوە کوردستان بەجێبهێڵم".

تەنیا شتێک کە مێرقیی بێزار کردووە و پێیوایە کێشەی هەموو بیانییەکە لە کوردستان، رەفتاری هەندێک شۆفێری تاکسییە. مێرقی دەڵێت: "زۆربەیان خراپ لە خەڵکی بیانی تێگەیشتوون، بە ئاشکرا دەستمان بۆ درێژ دەکەن، من لە ماوەی مانەوەم لە کوردستان زیاتر لە 10 جار تووشی ئەو حاڵەتانە هاتووم".

مێرقی یەکێک لە بەسەرهاتەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ساڵێک بوو لە کوردستان بووم، رۆژێکیان لەگەڵ شوفێرێکی تاکسی سەرکەوتم، لە تەمەنی باوکمدا دەبوو. هەر زۆر بە ئاسایی لە رێڕەوی رێگاکەم بۆ ماڵەوە لایدا و پێیگوتم با بڕۆین پێکەوە شتێک بخۆین، منیش هیچ تێنەگەیشتم مەسەلە چییە، بەڵام زانیم ئەوە ئەو شەقامە نییە کە من پێیدا دەڕۆمەوە، بە عەرەبی دەمزانی بڵێم رێگاکە هەڵەیە، کە وامگوت، ئۆتۆمبیلەکەی هێواش کردەوە و دەرگاکانی قفڵ کرد و پەلاماری سنگی دام، زۆر ترسام، نینۆکەکانم فریام کەوتن و هەموو دەموچاویم بریندار کرد، ئیدی ترسا و دەرگاکەی کردەوە، لە ناوەڕاستی شەقامێک کە نەمدەزانی کوێیە دابەزیم، ئەوە تاڵترین بیرەوەریی منە و قەت لەبیری ناکەم".

## "دەستدرێژییان کردە سەر هاوڕێ نیپاڵییەکەم"

تەنیا مێرقی نییە کە رووبەڕووی ئەم حاڵەتە بووەتەوە، بەڵکو هاوڕێکانیشی دەستدرێژییان کراوەتە سەر، مێرقی گوتی: "هاوڕێی نیپاڵیم هەیە لەلایەن شۆفێری تاکسییەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، بۆیە هەوڵی خۆکوشتنی دا، بەڵام لەرێگەی هاوڕێ کوردەکانمانەوە بردمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان و کێشەکەیان بۆ چارەسەر کرد و گەڕاندیانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی".

بەهۆی زۆربوونی ئەو حاڵەتانەوە، مێرقی ناچار بووە لە شوێنی کارەکەی لەگەڵ چەند ئافرەتێکی بیانی پێکەوە تاکسییەک بگرن و رۆژانە هاتوچۆیان پێ بکات.

مێرقی دەڵێت: "ئەگەر یاسایەک نەبێت شۆفێرەکان لێی بترسن، توندوتیژی بەرامبەر بە ئێمەی بیانی هەر بەردەوام دەبێ، پێویستە خول بکرێتەوە تا فێری رێزگرتن و دەستدرێژینەکردنە سەر کەسانی بیانی ببن، کێشەکە ئەوەیە ئێمە زۆربەمان نازانین رێکارە یاساییەکان چۆنن بۆ سزادانی ئەو کەسانە و بەرگریکردن لە خۆمان".

ئەو گلەییشی لە بنکەکانی پۆلیس هەیە و دەڵێت "ئەو بنکانەی پۆلیس کە بۆ سکاڵا دەچینە لایان، هاوزمانی ئێمە نین، چەندین کەسی بیانی هەن بۆ سکاڵا چوون، بەڵام بە دوو وشە بەڕێکراون و هیچیان بۆ نەکراوە".

## سێ جار پەلامار دراوە

کریستینا، ناوی خوازراوی ژنێکی هەندێک بە تەمەنی ئەمریکییە کە لە دەزگایەکی میدیایی لە کوردستان کار دەکات، ئەویش ئەزموونی تاڵی لەگەڵ شوفێرانی تاکسی هەیە.

کریستینا دەڵێت: "ئێرە بە ماڵی خۆم دەزانم، هەموو شتێکی کوردستانم خۆشدەوێ، کولتوورەکەی، خەڵکەکەی، مێژووەکەی کە بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، فرەڕەنگییەکەی و بەتایبەتیش ئەو ئارامییەی لێرە هەیە. راستیەکەی، لێرە زیاتر هەست بە ئارامی دەکەم هەتا لە وڵاتەکەی خۆم".

بەڵام ئەوەی کریستینای نیگەران و بێزار کردووە، دیسان رەفتاری شوفێرانی تاکسییە، ئەو دەڵێت "بەداخەوە، دوای ئەوەی چەند جارێک لەلایەن شوفێری تەکسییەکانەوە پەلامارم درا، ئیدی تێگەیشتم لێرە هیچ دادپەروەرییەک ئافرەتە بیانییەکان ناگرێتەوە، من زمانەکە نازانم و رەنگە هەر ئەمە وایکردبێ زوو ئەنجامگیری بکەم، بەڵام ئەوەی باسی دەکەم لە ئەزموونی تاکەکەسی خۆمەوەیە".

کریستینا کە تا ئێستا سێ جار لەلایەن شوفێری تاکسییەوە پەلامار دراوە، دەڵێت: "یەکەمجار کە پەلامار درام سەرەتای ساڵی رابردوو بوو، کاژێر یەکی پاشنیوەڕۆ بوو. تەنیا 10 خولەک لەناو تەکسییەکەدا بووم، شوفێرەکە دەستی بۆ قاچم هێنا، بە قسە و کاردانەوە هەوڵمدا بیوەستێنم، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کاتێک گەیشتینە شوێنی مەبەست، ژمارەکەی خۆی بۆ فڕێدام، منیش هەڵمگرتەوە و وێنەیەکیم گرت".

کریستینا ئێوارەی هەمان رۆژ بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ هاوڕێیەکی کوردی باس کردبوو کە ئەفسەری دەزگایەکی ئەمنییە. دەڵێت: "هاوڕێکەم دەستبەجێ بەو ژمارەیە تەلەفۆنی بۆ شوفێرەکە کرد و پێیگوت ئەگەر ئەم ژنە سکاڵات لەسەر تۆمار بکات، بۆ ماوەی سێ مانگ بەند دەکرێی، شوفێرەکەش لە هاوڕێکەم دەپاڕایەوە تا رازیم بکات واز لە تۆمارکردنی سکاڵا بهێنم".

> تا ئێستا سێ جار شوفێری تاکسی هەوڵیان داوە دەستدرێژیم بکەنەسەر
> ئافرەتێکی ئەمریکی

کریستینا دەڵێت خۆم هەر بەنیاز نەبووم سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم، چونکە ئازارم پێنەگەیشتبوو، پشتگوێم خست، بەڵام ئێستا دەزانم کە هەڵە بوو".

## "لەناکاو پەلاماری دام"

لەو رووداوە ناخۆشتر بۆ کریستینا، حاڵەتی دووەم بوو کە بەسەری هاتووە، ئەو گوتی:

"جاری دووەم کە لە هەموویان ناخۆشتر بوو، لە کۆتایی شوباتی ئەمساڵ بوو. کاژێر حەوتی ئێوارە شەقامەکان تاریک داهاتبوون. دەبوو لە شوێنی نیشتەجێبوونمەوە بچمە کۆبوونەوەیەک لە عەنکاوە. دەستم بۆ تاکسییەک راگرت و سەرکەوتم، هەستم کرد پێشتر لەگەڵ ئەو شوفێرە سەفەرم کردووە و ئینگلیزیەکەشی باش بوو، دوای چەند خولەکێک دەستی بە قسەی سێکسی و تۆقێنەر کرد لەگەڵم، دواتر لەناکاو دەستی بۆ سینگم هێنا، پەلاماردانەکەی ئەوەندە خێرا بوو، جگە لە هاوارکردن هیچی دیکەم لەدەستنەهات، کاتێک گەیشتین. ویستم کرێکەی بدەمێ، بەڵام ئەو جارێکی دیکە پەلاماری دام، منیش زلـلەیەکم لێدا، پارەکەم بۆ فڕێدا و چاوەڕێ بووم باقیەکەم بداتەوە، کەچی بۆ جاری سێیەم دەستی بۆ هێنام، بۆیە دەرگام کردەوە و یەکسەر خۆم فڕێدایە خوارەوە".

کریستینا هەر ئەو ئێوارەیە بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ هاوڕێیەکی کوردی گێڕابووەوە، هاوڕێکەی لۆمەی کردبوو، پێیگوتبوو "هەڵەی خۆتە لەگەڵ تەکسییەک سوار بووی کە شوفێرەکەی ناناسی".

کریستینا ئەمجارەیان سوور بوو لەسەر ئەوەی سکاڵا تۆمار بکات، رۆژی دواتر لەگەڵ کارمەندێکی ئاسایشی ئینگلیزیزان سەردانی بنکەی پۆلیسی عەنکاوەی کردبوو، پۆلیسێک گوتەکانی وەرگرتبوو، پێیگوتبوو دەبێ رۆژی دواتر سەردانی دادگا بکات، بەڵام ئەو ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەی تۆمار نەکردبوو، بۆیە دادگا نەیدەتوانی هیچی بۆ بکات.

بۆ سێیەمجار هەوڵ دەدرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر کریستینا، ئەو گوتی: "رۆژی 13ی ئەم مانگە کاژێر نزیکەی 6:30ی ئێوارە و پێش خۆرئاوابوون، تاکسییەکم لە شوێنی کارەکەم بەرەو شوقەکەم گرت، شوفێرەکە ئینگلیزی نەدەزانی، بۆیە بە عەرەبی تێمگەیاند کە بۆ کوێ دەچم و ئەو رێگەیە بگرێ کە بە دووسایدی عەنکاوەدا تێدەپەڕێ. پێش ئەوەی بگەینە دوو سایدەکەی عەینکاوە، دەستی بۆ نێوان قاچەکانم درێژ کرد، پەشۆکام و هاوارم بەسەردا کرد، ئەویش یەکسەر بە ئینگلیزی داوای لێبوردنی کرد و گوتی بمبوورە، بمبوورە".

کریستینا وانەی لە رووداوەکانی رابردوو وەرگرتبوو، بۆیە یەکسەر نامەیەکی بۆ هاوڕێکەی نارد بۆ ئەوەی کە گەیشتە جێ، بێتە دەرەوە و وێنەی تاکسییەکە و تابلۆکەی بگرێ، چونکە دەیزانی بۆ تۆمارکردنی سکاڵا پێویستی بە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە دەبێت.

کریستینا ویستی سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام دەڵێت پۆلیس و ئاسایش بەردەوام کارەکەیان دوادەخست و داوایان دەکرد رۆژێکی تر سەردانیان بکاتەوە، رۆژی 16ی ئەم مانگە لەگەڵ هاوڕێیەکی ئینگلیزیزانی چووە بنکەی پۆلیس و دووبارە گوتیان برۆ و دواتر سەردان بکەوە، بەڵام ئەمجارە رازی نەبوو، پێداگری کردبوو لەسەر ئەوەی زانیارییەکانی لێوەربگرن.

> بەم نزیکانە رێنمایی خۆپاراستن لە دەستدرێژی دەدەینە ئافرەتانی بیانی
> بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان

ئەو رۆژی دواتر لەسەر داوای ئەفسەری بنکەکە سەردانی دادگای کردبوو، بە گوتەی ئەوان مادام ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەی پێیە، یەکسەر دەیدۆزنەوە و دەیهێننە دادگا. ئەو گوتی: "چووینە لای دادوەر و وێنە و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەمان پیشاندا، بە من و هاوڕێکەمیان گوت دواتر پەیوەندیتان پێوە دەکەینەوە".

کریستینا دەشڵێت: "ئەو رۆژەی چوومە دادگا، پێش ئەوەی دادوەرەکە ببینین، فەرمانبەرێکی دادگا پێیگوتین کە بەدەست ئەم شوفێری تاکسیانەوە ماندوو بووین، منیش هەر بۆ زانیاری خۆم پرسیارم لێکرد ئاخۆ ئەم حاڵەتانە زوو زوو روودەدەن، گوتی مانگانە شتی وا روودەدات، باسی ئەوەش دەکرا ئەم جۆرە پەلامارادانە تەنیا لەدژی ئافرەتانی عەرەب و بیانی دەکرێن، ئەمەش بەو مانایەیە کە شوفێرەکان لە کاردانەوەی بنەماڵەی ئافرەتە کوردەکان دەترسن، یان ئافرەتە کوردەکان خۆیان دەترسێن باسی ئەو جۆرە پەلامارادانانە بکەن".

## ئامۆژگاریی کریستینا بۆ ئافرەتان

> **76**
> ئافرەتی بیانی رەوانەی وڵاتەکانیان کراونەتەوە

کریستینا ئامۆژگاری ئافرەتان و بەتایبەت ئافرەتە بیانییەکان دەکات و دەڵێت: "ئەوەی ئێستا لەدەستم دێ، ئەوەیە هەندێک ئامۆژگاری پێشکەش بە ئافرەتە بیانییەکان بکەم. ئەگەر پێویستتان بە تاکسی بوو، یەکەمجار وێنەی ژمارەی تەکسییەکە بگرن، لەگەڵ شوفێرەکەدا دەمەتەقێ مەکەن، زۆر جار پرسیاری ئەوەم لێکراوە کە شووم کردووە یان نا، منیش ئەگەرچی سەڵتم، گوتوومە شووم کردووە، چاو لەسەر رێگاکە و شوفێرەکە هەڵمەگرن، بەردەوام ئاگاتان لە دەوروبەری خۆتان بێ، ئەگەر خۆتان کوردی نازانن، تەلەفۆن بۆ هاوڕێیەکی کوردتان بکەن تاوەکو ئەو پێی بڵێ کە دەتانەوێ بۆ کوێ بچن، ئەمە بکەن تەنانەت ئەگەر شوفێرەکە لەوە تێگەیشتبوو دەتانەوێ بۆ کوێ بچن، دەبێ بەردەوام ئاگامان لە خۆمان بێ کاتێک تاکسی دەگرین. رەنگە ئەم جۆرە هێرش و پەلامارادانانە زوو زوو روونەدەن، بەڵام هەر روودەدەن و من خۆم چیدی متمانەم بەو سیستەمەی ئێرە نەماوە بمانپارێزێ، بۆیە دەبێ خۆمان بەرگری لە خۆمان بکەین".

## 76 ئافرەتی بیانی رەوانەی وڵاتەکانیان کراونەتەوە

کوردە عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان سەبارەت بە پەلاماردانی ئافرەتانی بیانی لە کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "سەبارەت بە بیانییەکان، هۆبەی خزمەتگوزاریی دەروونیمان هەیە، هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان سێ بۆ چوار هەزار حاڵەتی دەروونیمان چارەسەر کردووە و رێوشوێنی یاسایی گیراونەتە بەر بۆ ئەوانەی دەستدرێژی کراوەتە سەریان. هەروەها 76 ئافرەتی بیانیشمان رەوانەی وڵاتەکانی خۆیان کردووەتەوە کە کێشەیان هەبووە و هەموو تێچووی گەڕانەوەکانیانمان لەئەستۆ گرتووە".

## رێنمایی دەدەنە ئافرەتانی بیانی

کوردە عومەر داوا لە ئافرەتانی بیانی دەکات هەر کاتێک بەرەوڕووی کێشە دەبنەوە، یەکسەر پەیوەندی بەوانەوە بکەن، بۆ گرتنەبەری رێکاری یاسایی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

کوردە عومەر بۆ رووبەڕوونەوەی ئەم دیاردەیەش گوتی: "بەم نزیکانە رێنمایی بەسەر ئافرەتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دابەش دەکەین کە هەموو زانیارییەکی سەبارەت بە چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە بەڕێوەبەرایەتییەکانمان تێدایە تاوەکو لە هەر حاڵەتێکی لەو جۆرە ئاگادارمان بکەنەوە و پەیوەندیمان پێوەبکەن".

هەر لەوبارەوە، رێباز زێوەر مستەفا، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "توندوتیژی دژی ئافرەتانی بیانی لە هۆبەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ تۆمار دەکرێت. لە 5 مانگی ئەمساڵدا بەراورد بە ساڵی پار رێژەکە کەمی کردووە، ئەمساڵ تا ئێستا 3 حاڵەتمان هەبووە و یەکێکیانمان ناردووەتەوە بۆ وڵاتی خۆی، ساڵی رابردووش پێنج حاڵەتمان هەبوو".

هاوکات نەقیب ناودار، بەرپرسی هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "لە ساڵی رابردووەوە هەتا ئەمڕۆ 7 حاڵەتی توندوتیژی دژی ئافرەتانی بیانی لە هۆبەکەمان تۆمار کراون، دوو ئافرەتیشمان ناردووەتە بەشی داڵدەدانی ئافرەتان".

نەقیب ناودار گوتیشی: "ئەو ئافرەتە بیانیانەی رووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە، زیاتر لە بنکەکانی پۆلیس سکاڵا تۆمار دەکەن نەوەک لای ئێمە".



## تەرمی کوردێکی ڕۆژهەڵات لە دهۆک دەدۆزرێتەوە

**ناسر عەلی/ ڕووداو– دهۆک**

ڕۆژی 2018/5/26 هێزەکانی پۆلیسی دهۆک تەرمی پیاوێکیان لە خانوویەکی تەواونەکراودا دۆزییەوە. هێمن سلێمان گوتەبێژی پۆلیسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەرمەکەمان هەڵگرتەوە و بردمانە پەیمانگەی دادپزیشکی دهۆک". سەبارەت بە ناسنامەی تەرمەکەش هێمن سلێمان گوتی "ئەو پیاوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە گەڕەکی شاخکێ دادەنیشت، تەمەنیشی نزیکەی 67 ساڵە". سەبارەت بە هۆکاری مردنیشی، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک گوتی "هەتا ئێستا بەدروستی هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە، چونکە نزیکەی پێنج ڕۆژ بوو تەرمەکەی لەوێ بوو، دیار نییە کوژراوە یان خۆی مردووە".

# لەژێر نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت دەمرێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

کەسوکارەکەی هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی ئەو نەشتەرگەری جوانکارییە بۆ لووتی نەکات، بەڵام ڕێگر بەقسەی نەکردن و خۆی دایە دەستی پزیشکی جوانکاری، زۆری نەبرد بە مردوویی لە ژووری نەشتەرگەری هێنایانە دەرەوە.

ڕێگر مەرجان عەبدوڵڵا، تەمەن 28 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی برایەتیی ناحیەی بەحرکە بوو، ڕۆژی 2018/5/15 دەچێتە یەکێک لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی شاری هەولێر بۆ ئەوەی نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ لووتی بکات، بەڵام لەژێر نەشتەرگەرییەکەدا دەمرێ.

کەسوکارەکەی دەڵێن پێشتر هەوڵی زۆریان لەگەڵ ڕێگر داوە بۆ ئەوەی نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ لووتی نەکات، بەڵام ئەو بە قسەی نەکردوون.

ڕێدیار عەبدوڵا کە برا گەورەی ڕێگرە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕێگر دەمێک بوو دەیویست نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ لووتی بکات، ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی لە خەو هەڵسام. گوتم کوا ڕێگر؟ خوشکەکەم گوتی چووە نەشتەرگەری بکات".

ڕێگر لەلای خوشکەکەی گوتبووی نەشتەرگەرییەکە ئاسانە و تەنیا دوو کاژێری پێدەچێ و دەگەڕێتەوە، بەڵام بە زیندوویی نەگەڕایەوە. ڕێدیار دەڵێت: "دڵم لەلای ڕێگر بوو، تەلەفۆنم بۆ کرد وەڵامی نەدایەوە، پاشان تەلەفۆنم بۆ ئامۆزاکەم کرد کە لەگەڵی چووبوو، گوتی ڕێگر چوار کاژێرە لە ژووری نەشتەرگەرییە".

کاتێک ڕێدیار گوێی لەو قسەیە دەبێ، بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە نەخۆشخانەکە، زۆر هەوڵ دەدات بزانێ براکەی بۆ ئەو ماوە زۆرە لە ژێر نەشتەرگەریدا ماوەتەوە. ڕێدیار دەڵێت: "لە پزیشکێکم پرسی بۆچی ڕێگر تاوەکو ئێستا لە ژووری نەشتەرگەرییە، پێیگوتم برایەکەت پلەی گەرمیی لەشی زۆر بەرز بووەتەوە، چی لێبکەین؟ سەرم سوڕما پێمگوت تۆ پزیشکی، کەچی تۆ لە من دەپرسی چی بکەین؟".

وەک ڕێدیار دەگێڕێتەوە، پزیشکەکان گوتوویانە بۆ چارەسەری ئەو گرفتە پێویستیان بە ئامێرێکە، بەڵام ئامێرەکە لە نەخۆشخانەکە نەبووە، بۆیە دەیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە.

حەمید حوسێن ئامۆزای ڕێگرە و ئەو ڕۆژە لەگەڵی بووە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت :"پزیشکەکان ڕێگریان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی cmc، بەڵام پزیشکەکانی ئەو نەخۆشخانەیە بە ئێمەیان گوت ڕێگر پێش ئەوەی بگەیەنرێتە ئێرە گیانی دەرچووە، بە مردوویی هێنراوە بۆ ئێرە".

> **بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی هەولێر**
>
> لێژنەی لێکۆڵینەوەمان پێکهێناوە و ئەگەر دەرکەوت هەڵەکە لە نەخۆشخانە و پزیشکی نەشتەرکار بووە، سزا دەدرێن

دواتر تەرمی ڕێگر دەنێردرێ بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر، بەڵام بە گوتەی حەمید لەوێ پشکنینیان بۆ نەکردووە تاوەکو ڕاپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانەکەیان بۆ نەبردوون. حەمید گوتی: "لە نەخۆشخانە فایلەکەیان پێنەدەداین، سەعاتێک پاڕاینەوە تا فایلەکەیان بۆ هێناین، بەڵام سەیری فایلەکەمان کرد بینیمان فایلی ڕێگر نییە، ڕێکەوتەکەشی گۆڕاوە، زۆر هەوڵماندا فایلی ڕاستەقینەی ڕێگرمان بدەنێ، بەڵام بێسوود بوو".

ئێستا کەسوکاری ڕێگر سکاڵایان لەسەر نەخۆشخانەکە و ئەو پزیشکە تۆمار کردووە کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ ڕێگر کردووە. ڕێدیار دەڵێت: "بەهیچ شێوەیەک لێیان خۆشنابین، نەخۆشخانەیەک هیچ مەرجێکی تەندروستی نەبێت، بۆچی نەخۆش وەردەگرێ! بەچاوی خۆم کەمتەرخەمی پزیشکەکان و نەخۆشخانەکەم بینی کە چۆن بە ئاوی دەستشۆر هەوڵیان دەدا پلەی گەرمیی نەخۆش دابەزێنن، ئاخر شتی وا لەکوێی دونیادا هەیە".

ڕێگر پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچێک هەبوو، لە ماڵەوەش باسی کردبوو، بەنیازبوو دوای جەژنی ڕەمەزان بچێتە خوازبێنی. ئەو کچەی پەیوەندی لەگەڵ ڕێگر هەبووە، نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "لەگەڵ ڕێگر هەموو ئامادەکارییەکمان کردبوو، قەرار بوو دوای ڕەمەزان بێتە خوازبێنیم، بەڵام ئەو ڕۆیشت و منی بەتەنیا جێهێشت".

باوکی ڕێگر لەوبارەوە گوتی: "ڕێگر دەمێک بوو هەوڵی لەگەڵ دەدام ڕازی بم و خوازبێنی ئەو کچەی بۆ بکەم، دواجار ڕازی بووم، بڕیار بوو دوای ڕەمەزان خوازبێنی بکەم، بەڵام تازە کوڕەکەی من ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە، دەبێ سزای کەسانی کەمتەرخەم بدرێ، بۆ ئەوەی چیدی کەس وەکو من جەرگسووتاو نەبێ".

(ڕووداو) پەیوەندی بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە و پزیشکەکانەوە کرد، بەڵام گوتیان چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکی دەکەن، هەر کاتێک ڕاپۆرتی پزیشکی لەبارەی ڕووداوەکە تەواو بوو، ڕوونکردنەوەی خۆیان دەدەن.

دکتۆر سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت، ئاگاداری ئەو کەیسەن و لێژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ پێکهێناوە، چاوەڕێی ئەنجامی لێژنەی لێکۆڵینەوە دەکەن، ئەگەر دەرکەوت هەڵەکە لە نەخۆشخانە و پزیشکی نەشتەرکار بووە، سزا دەدرێن.



کەسوکاری ڕێگر سکاڵایان لەسەر ئەو پزیشکە تۆمار کردووە کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ کردووە

# لەبەر چاوی دایکی بە چەقۆ کوشتیان



پشتیوان وەهاب

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

پشتیوان لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت دەنگی دا. کە ڕۆژی دەنگدانی گشتیش هات، پەیوەندی بە دایک و خوشک و براکانییەوە دەکات بۆ ئەوەی ئەوانیش بچن دەنگ بدەن، ئەوان پێیانگوتبوو کە کاریان هەیە و ناتوانن بچن، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی بیانبات بۆ دەنگدان. پشتیوان لەبەردەم بنکەی دەنگدان درایە بەر چەقۆ و کوژرا.

پشتیوان وەهاب، تەمەن 26 ساڵان، خێزاندار و خاوەنی چوار منداڵ بوو. زەهۆ فارس، دایکە تەمەن 62 ساڵانەکەی پشتیوان بە (ڕووداو)ی گوت: "بە تەمای دەنگدان نەبووم، لەگەڵ پووری منداڵەکان نانی نیوەڕۆمان خوارد، پشتیوان هات و گوتی دایە دەبێت بچن بۆ دەنگدان و لەگەڵ پوورم دەنگ بدەن، منیش گوتم بەخوا نان دەکەم، خۆ خوا دەنگدانی فەرز نەکردووە، بەڵام پشتیوان گوتی چۆن فەرز نییە، من خواخوامە دەنگێک بۆ کوردستان زیادبێت، بۆیە بە جلی ئارداوییەوە ئێمەی هەستاند و بردینی بۆ دەنگدان".

پشتیوان یەکەمجار پووری دەبات بۆ نێو بنکەی دەنگدان و بە دایکی دەڵێت لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا بمێنێتەوە و چاوی لە پارە و چەکەکەی بێ، دواتر ئەویش دەبات بۆ ژوورەوە دەنگ بدات.

ئەوان لە قوتابخانەی دابانی بنەڕەتی لە تەکیەی کاکەمەند دەنگیان دەدا، زەهۆ دەڵێت "پشتیوان و پووری چوون بۆ دەنگدان و منیش لەناو ئۆتۆمبێلەکە بووم، چەند هەنگاوێک لێیانەوە دوور بووم، بینیم لە سەرەدا وەستابوون، گەنجێک جلی ڕەشی لەبەردابوو، ڕووە و کوڕەکەم هات و بە هەموو هێزی شانێکی لێدا و لەگەڵ کوڕەکەم دەستیان دایە یەخەی یەکدی".

شەڕەکە گەورە دەبێ، دایکی پشتیوان دەڵێت: "گەنجەکە لەگەڵ سێ کەسی دیکە بۆ کوڕەکەم هاتن، بە هەر سێ گەنجەکە گرتیان، کوڕە جل ڕەشەکەش لەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە چەقۆیەکی لەپشتی دا، دواتر ئەوانی دیکەش بەر چەقۆیان دا، شەش چەقۆی پێوەبوو، هاوارم کرد و قیژاندم، بەڵام سوودی نەبوو، کوڕەکەم بە چەقۆکانیشەوە گەنجەکەی بەرنەدەدا بڕوات، تا پۆلیسی بنکەکە هات، دایە دەستی و ئەویشی بریندار کرد".

فوئاد وەهاب، برای پشتیوان، هۆکاری کوشتنی براکەی بۆ کێشەیەکی کۆنی عەشایەری دەگەڕێنێتەوە کە 15 ساڵ بەر لە ئێستا لەسەر زەویوزار ڕوویداوە.

فوئاد بە (ڕووداو)ی گوت: " ئەوکات کێشەیەک دروستبوو، کەسێکی 45 ساڵ بەناوی (د.ک) کوژرا. تاوانەکەیان بەسەر ئێمەدا هێنا، بەڵام ئێمە ئاگاداری نەبووین، ئەوان پشتیوانیان بە بکوژی ئەو پیاوە دەزانی، بەڵام پشتیوان ئەو شەوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی نەشتەرگەریی ڕیخۆڵە کوێرەی بۆ دەکرا، ئەوان دەیانگوت بکوژی ئەو پیاوەیە، ئەو شەوەش بۆیە لە نەخۆشخانە بووە، چونکە کوژراوەکە بەرگری کردووە و چەقۆی لە ڕیخۆڵەی پشتیوان داوە".

فوئاد دەشڵێت: "ئەوکاتەی ڕووداوەکە ڕوویدا من و پشتیوان و باوکم بۆ ماوەی مانگێک دەستگیرکراین، بەڵام بەهۆی فایلی نەخۆشخانەوە بێتاوانیی پشتیوان سەلما و ئازادکراین".

ئەم کێشەیە بەدرێژایی ئەو 15 ساڵە هەر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. فوئاد دەڵێت: "پێشتریش بە سێ کەس بۆسەیان بۆ پشتیوان دانابوو، تەقەیان لێکرد، بەڵام بەرنەکەوت، بۆیە پشتیوان ئەم ڕقەی لە دڵدا مایەوە، دوای ماوەیەک لە بازاڕی تەکیە یەکێک لەو کەسانەی بەناوی (س.ک) بینیبوو، بە دار لێیدا و ماوەی نۆ ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوت. کوڕی ئەو پیاوە پێیدەڵێت ڕۆژێک بژیم بۆ تۆ دەژیم، ئێستا ئەو هەموو ساڵە تێپەڕیوە و ئێمە ڕازی بووین بەهەمانشێوە لە کوڕەکەمان بدرێتەوە، با ئەوانیش بەهەمانشێوە حەقی خۆیان بکردایەتەوە، نەوەک بە چوار کەس بیگرن و بەر چەقۆی بدەن و بیکوژن".

پشتیوان تووشی خوێنبەربوون دەبێت، وەکو کەسوکارەکەی باسی دەکەن، بەهۆی نەبوونی پێداویستی لە نەخۆشخانەی تەکیە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی چەمچەماڵی دەکەن، بەڵام لەوێش پێیان چارەسەر ناکرێت و ڕەوانەی سلێمانی دەکەن، فوئادی برای دەڵێت: "ئەگەر براکەم لەکاتی خۆی چارەسەری پێویستی بۆ بکرایە، نەدەمرد، سییەکانی پڕ ببوو لە خوێن، نزیکەی دوو کاژێر بەس هێنان و بردنیان پێکردین، بۆیە مرد".

(ڕووداو) ویستی لایەنی بەرامبەر بدوێنێت، بەڵام ئەوان هەڵهاتوون و ژمارە مۆبایلەکانیان بەردەست نەبوو. بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو کەسێک بەناوی (ە.س.ک)، دەستبەجێ لەکاتی ڕووداوەکە دەستگیرکراوە، بەڵام ئەوانی دیکە هەڵهاتوون، لە کامێرای ئەو قوتابخانەیەش کە دەنگیان لێداوە ڕووداوەکە تۆمارکراوە کە بە چوار کەس و بە چەقۆ لە پشتیوان دەدەن.

# دەستدرێژییان کردە سەری و بە پەتێک خنکاندیان

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – کەرکووک**

عەزام هەموو شەوێک دوای نانی ئێوارە، دەستی باپیرە بەساڵداچووەکەی دەگرت و دەیبرد بۆ مزگەوت، بەڵام شەوێکیان دوای گەڕانەوەی لە مزگەوت، لەلایەن چەند مێرمنداڵێکەوە ڕفێنرا. مێرمنداڵەکان دوای ئەوەی دەستدرێژییان کردبووە سەری، بە پەتێکیش خنکاندبوویان.

عەزام هومام، تەمەنی تەنیا پێنج ساڵ بوو، دانیشتووی گەڕەکی واستی شاری کەرکووک بوو، کاژێر 9:30ی شەوی 2018/5/15 لەلایەن چەند مێرمنداڵێکەوە ڕفێنرا، دوای ئەوەی دەستدرێژی کرایە سەری، خنێکنرا. پۆلیس سێ کەسی بە تۆمەتی کوشتن و دەستدرێژیکردنە سەر عەزام دەستگیر کردووە.

هومان نەجم کە باوکی عەزامە، بە گریانەوە باسی بەسەرهاتی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "هەموو شەوێک لەگەڵ باپیری دەچوو بۆ مزگەوت، چونکە باوکم کەڕولاڵە و ناتوانێ قسە بکات، بۆیە عەزامی لەگەڵ خۆی دەبرد، بەڵام ئەو شەوە عەزام زووتر هاتبووەوە، چونکە وای زانیبوو باپیری گەڕاوەتەوە ماڵەوە. دوای نوێژ باوکم گەڕایەوە، عەزامی لەگەڵ نەبوو، ئێمەش وامانزانی لە دەرەوە یاری دەکات".

### چۆن ئاشکرابوو کە ڕفێنراوە؟

کات دەڕوات و لە نیوە شەو نزیک دەبێتەوە و عەزام ناگەڕێتەوە. کەسوکارەکەی دەکەونە سۆراغکردنی، لەو کاتەدا مێرمنداڵێک پێیاندەڵێت کوڕەکەتان بزر بووە، ئەوەش گومان لەلای باوکی عەزام دروست دەکات، ئەو مێرمنداڵە چۆن دەزانێ عەزام ون بووە.

هومام دەڵێت: "کاتێک ئەو کوڕە گوتی عەزام دیارنەماوە، گومانم لەلا دروستبوو، لەگەڵ خزمەکانم نزیکەی چوار سەعات بەدوایدا گەڕاین، بەڵام بێسوود بوو، دواتر پەنامان بردە بەر سەیرکردنی کامێرای چاودێری، لە کامێراکان دەرکەوت کە عەزام لە مزگەوت هاتووەتە دەرەوە، تاوەکو کۆڵانەکەی خۆشمان هاتووە، ئیدی لەوێ ون بووە".

هومام و خزمانی خەریک بوو لە گەڕان بێ ئومێد دەبوون، بەڵام لەناکاو لۆرییەک سەرنجی باوکی عەزام ڕادەکێشێ. هومام گوتی "لە نزیک لۆرییەک وەستابووین، خەریک بوو بێ ئومێد دەبووین و دەگەڕاینەوە ماڵەوە، لەو کاتەدا بە براکەمم گوت بەس ئەو شوێنە ماوە، با سەیرێکی بکەین. کاتێک سەیری نێو لۆرییەکەم کرد، بەتانییەکم بینی، کە هەڵمدایەوە تەرمی عەزامم بینی پەتێکی لە مل بوو".

عەزام دەبرێتە پەیمانگەی دادپزیشکی کەرکووک، لەوێ پشکنینی بۆ دەکرێ، دەردەکەوێ کە دەستدرێژی کراوەتە سەر و پاشان بە پەت خنکێنراوە.

ئەفراح خالید، دایکی عەزام هێشتا باوەڕ ناکات کوڕەکەی مردووە، کاتێک گوێی لە ناوی کوڕەکەی دەبێ، دەداتە پڕمەی گریان. ئەو گوتی: "ئاخر چۆن دڵیان هات وا لە منداڵێکی 5 ساڵان بکەن، هیچ ویژدانێکیان نییە. سکاڵام تۆمار کردووە و دەبێت لە شوێنی کوشتنی کوڕەکەم لەسێدارە بدرێن".

عەقید ئەفراسیاو کامیل وەیس، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی کەرکووک سەبارەت بەو کەیسە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی کەسوکاری منداڵەکە سکاڵایان لەسەر ئەو کوڕە تۆمار کرد کە پێگوتبوون کوڕەکەتان بزر بووە، دەستگیرمان کرد، یەکسەر ئیعترافی کرد، بەڵام گوتی من بە تەنیا نەبووم و دوو کەسی دیکەشم لەگەڵ بوون، توانیمان ئەوانیش دەستگیر بکەین".

هەر یەک لە (ف.س) تەمەن 14 ساڵ، (م.ح) تەمەن 17 ساڵ. (ع.م) تەمەن 16 ساڵ، تۆمەتبارن بە کوشتن و دەستدرێژیکردنە سەر ئەو منداڵە. عەقید ئەفراسیاو گوتی: "لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کردوون، ئەوان دەڵێن ئەو منداڵەیان ڕفاندووە بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر، لە کاتێکدا هاواری کردووە و ویستوویەتی خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەوان لە ترسی ئەوەی ئاشکرا نەبن، بە پەت خنکاندوویانە".

دایک و باوکی عەزام دوو کوڕی دیکەشیان هەن، عەزام کوڕی ناوەنجییان بووە.

باوکی عەزام دەڵێت: "ئێمە هەرگیز لەو تۆمەتبارانە خۆشنابین، دەبێ لەو شوێنەی تاوانەکەیان لێ کردووە لە سێدارە بدرێن، بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ خەڵکی دیکە و کەس بیر لە تاوانی وا گەورە و قێزەون نەکاتەوە".



# لیرەی تورکی لەنێوان سیاسەت و ئابووریدا

کاردۆ کەمال

دابەزینی بەهای لیرەی تورکی بەشێوەیەکی خێرا بووەتە باسوخواسی خەڵکی تورکیا و مانشێتی رۆژنامە تورکی و بیانییەکان. پرسیاری خەڵک و زۆربەی وەبەرهێنەران ئەوەیە بۆچی لەماوەی 15 ساڵی رابردوودا لیرەی تورکی بەهاکەی بەو شێوەیە دانەبەزیوە و لەوەتەی پارتی دادوگەشەپێدان لە دەسەڵاتە، ئابووریی تورکیا زۆرترین گەشەی کردووە؟

ئایا دابەزینی بەهای لیرە پەیوەندی بە خراپبوونی رەوشی ئابووریی تورکیاوە هەیە، یان ئەمەش پیلانێکە بۆ سەرەولێژکردنەوەی دەسەڵاتی ئاکپارتی؟

هۆیەکەی چییە، ئایا ژێرخانی ئابووریی تورکیا و سیستەمە ئابوورییەکەی توانای بەرگەگرتنی نەماوە؟

کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکیی ئابووری و سیاسی بوونەتە هۆکاری دابەزینی بەهای لیرە.

بەرزیی رێژەی هەڵاوسان بە یەکێک لەو فاکتەرە ئابوورییانە دادەنرێت کە بەهای لیرەی تورکی دابەزاندووە. بەپێی ئامارەکان رێژەی هەڵاوسان لە تورکیا لە مانگی ئایاردا گەیشتووەتە ٪10.85 ئەمە لەکاتێکدایە رێژەی سوودی بانکی لەو وڵاتە لەرێژەی هەڵاوسان نزمترە، هەربۆیە هاووڵاتییەکی ئاسایی یان وەبەرهێنەرێک کاتێک پارەکانی لە بانکدا دادەنێت، لەبری ئەوەی بەو سوودەی کە وەریدەگرێت پارەکەی زیاد بکات، بەپێچەوانەوە کەمی دەکرد، چونکە دابەزینی بەهای پارەکەی زیاتر دەبێت لەو رێژە سوودەی کە وەریدەگرێ، ئەمەش بانکی ناوەندیی تورکیای ناچار کرد لە چەند رۆژی رابردوودا بڕیاری بەرزکردنەوەی رێژەی سوود بدات بەبڕی 300 خاڵی سەرەکی، تا بەرزکردنەوەی سوودی بانکی بتوانێت پارەیەکی زیاتر بۆ بانکەکان رابکێشێ و بەمشێوەیەش رێژەی هەڵاوسان کەم بکاتەوە کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دووبارە بەرزبوونەوەی بەهای لیرە، بەڵام ئەم بڕیارەی بانکەکە تەنیا چەند کاژێرێکی کەم بەهای لیرەی بەرزکردەوە و دووبارە بەهاکەی دابەزی، بە جۆرێک یەک دۆلار گەیشتە ئاستی 4 لیرە و 81 قروش.

کورتهێنانی تەرازووی بازرگانیی تورکیا یەکێکی دیکەیە لە فاکتەرەکانی دابەزینی بەهای لیرە. بەپێی ئامارەکان تەنیا لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەرازووی بازرگانیی تورکیا بە بەهای 16 ملیار و 400 ملیۆن دۆلار کورتهێنانی هەبووە، ئەمە لەکاتێکدایە لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا کورتهێنانەکە تەنیا 8 ملیار و 400 ملیۆن دۆلار بووە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەو کاڵایانەی تورکیا هاوردەی کردوون زۆر لەو کاڵایانە زیاتر بووە کە هەناردەی کردوون.

بەشێکی دیکەی دابەزینی بەهای لیرە پەیوەندی بە میکانیزمی کارکردنی بازاڕە تازە گەشەکردووەکانەوە هەیە کە هەر لە سەرەتاوە شێوازی راکێشانی سەرمایەیان لەرێگەی بانکەکانەوە شێوازێکی باش نەبوو.

لەساڵانی رابردوودا رێژەی سوودی بانکی لە ئەمریکا لە نێوان 0.15 — 0.25% بوو، بۆیە بەشێکی زۆر لە سندوقەکانی وەبەرهێنان لە وڵاتانی تازە گەشەکردوو وەکو تورکیا و کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە بەرێژەیەکی سوودی کەم، قەرزیان لە بانکەکانی ئەمریکا دەکرد و وەبەرهێنانیان لە قەواڵە داراییەکانی تورکیا دەکرد کە رێژەی سوودێکی بەرزی هەبوو، ئەمەش بە وەبەرهێنانێکی قازانجبەخش بۆ هەر یەکە لە وەبەرهێنەرەکان و حکومەتی تورکیا دادەنرا، بەڵام لەدوای ئەوەی ترەمپ دەسەڵاتی گرتە دەست و رێژەی بێکاری بۆ نزمترین ئاست لە مێژووی ئەمریکا دابەزی و زۆرترین هەلی کار لە ئەمریکا دەستەبەر کرا، بانکی فیدراڵیی ئەمریکا بڕیاری راگرتنی سیاسەتی پاڵپشتی نەختی داو رێژەی سوودی بانکی بەرزکردەوە، تا وای لێهات لەمساڵدا رێژەی سوودی بانکی بەرزکرایەوە بۆ 1.75 %، بڕیاریشە هەر لەمساڵدا 3 جاری دیکە بانکی فیدراڵی رێژەی سوود بەرز بکاتەوە.




لەگەڵ بەرزکردنەوەی رێژەی سوود ئەو پارانەی کە لە رابردوودا وڵاتانێکی تازەگەشەکردووی وەکو تورکیا قەرزیان کردبوو، تێچووەکەی بەرز بووەوە، واتا بڕی دانەوەی قەرزەکە زیادبوو لەسەر تورکیا، ئەمە جگە لەوەی کێشە جیۆسیاسییەکانی ناوخۆی تورکیا و کێشەکانی نێوان سەرۆککۆماری تورکیا و بانکی ناوەندی ئەو وڵاتە، متمانەی وەبەرهێنەری بە ئابووری تورکیا کەمکردەوە، هەربۆیە لەگەڵ بەرزکردنەوەی رێژەی سوود لەلایەن بانکی فیدراڵی ئەمریکاوە سەرمایەیەکی زۆر لە تورکیا و وڵاتانی تازە گەشەکردوو دەچێتە ئەمریکا، بەم شێوەیەش تورکیا دوو جار زیانی لێدەکەوێت، هەربۆیە گوشارەکانی سەر لیرە تادێت زیاتر دەبن.

> **لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا 18 هەزار ملیۆنێری بیانی تورکیایان جێهێشتووە**

ئەوەی جێی مەترسییە (credit default swap)ی سەر لیرەیە، واتا بڕی دڵنیاکردنەوە لەسەر قەرزەکان. بڕی ئەم دڵنیاکردنەوەیە گەیشتووەتە 275 خاڵی سەرەکی، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە لەلایەکەوە بازاڕەکانی تورکیا هێزی راکێشانی پارەیان کەمبووەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە تێچووی سەر قەرزەکانی تورکیا بەرزبووەتەوە.

بەپێی ئامارەکان، تورکیا 430 ملیار دۆلار قەرزی دەرەکی لەسەرە، 283 ملیار دۆلاری قەرزە دەرەکییەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتە، لەوەتای ئاکپارتی دەسەڵاتی وەرگرتووە تا ساڵی 2018 ، بڕی قەرزە دەرەکییەکانی تورکیا 130 ملیار دۆلار زیادی کردووە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە گەشەکردنی ئابووریی تورکیا بەهۆی بەهێزیی ئاستی بەرهەمهێنان نەبوو، بەڵکو بەهۆی پاڵپشتیی ئەو قەرزە دەرەکییانە بوو کە ئێستا باری سەرشانی تورکیای قورس کردووە و بووەتە هۆکاری دابەزینی بەهای لیرە.

بەشێکی زۆر لە ئاژانسەکانی وەکو فیتچ کە پلەبەندی ئابووریی وڵاتان دەستنیشان دەکەن، پێشبینی دەکەن ئەگەر رەجەب تەیب ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکاندا دەربچێتەوە و جومگە سەرەکییەکانی ئابووریی تورکیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و کۆتایی بە سەربەخۆیی بانکی ناوەندی بهێنێ، رەوشی ئابووریی تورکیا خراپتر دەبێت.

هەندێک لە شارەزایانی ئابووری هۆکاری دابەزینی بەهای لیرەی تورکی دەگەڕێننەوە بۆ "پیلان"ێکی دوژمنانی تورکیا کە نایانەوێت ئابووریی تورکیا گەشە بکات و هەوڵ دەدەن کێشە لەناوخۆی تورکیا دروستبکەن، بەڵام ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە و تارادەیەک زیان بە ئابووریی تورکیا دەگەیەنێت، چونکە وەبەرهێنەر ئەوکات هەست دەکات کە تورکیا لەرووی سیاسی و ئابوورییەوە دژایەتی دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری چوونە دەرەوەی سەرمایە لەو وڵاتە.

بەپێی راپرسییەک کە لە تورکیا لەسەر هۆکاری دابەزینی بەهای لیرە کراوە، 40%ی خەڵکی پێیانوایە دابەزینی بەهای لیرە بۆ دەستێکی دەرەکی دەگەڕێتەوە، ئەم رێژەیە لە نێو لایەنگرانی ئاکپارتی گەیشتووەتە 58%.

> **لەوەتای ئاکپارتی دەسەڵاتی وەرگرتووە، بڕی قەرزە دەرەکییەکانی تورکیا 130 ملیار دۆلار زیادی کردووە**

ئاژانسەکانی دەستنیشانکردنی پلەبەندی ئابووری کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر دابەزینی بەهای لیرە هەبووە بەوپێیەی بەردەوام پلەبەندی ئابووریی تورکیایان دابەزاندووە، ئەمەش ترسێکی لەلای وەبەرهێنەران دروستکردووە کە سەرمایەکانیان لە تورکیا ببەنە دەرەوە.

سەرەڕای گەشەکردنی ئابووریی تورکیا بەرێژەی 7.4% لە ساڵی رابردوودا، بەڵام هێشتا هەندێ کێشەی هەیکەلی هەیە کە بەردەوام رووبەڕووی ئابووریی ئەو وڵاتە دەبنەوە، هەرچەندە حکومەتی ئەو وڵاتە بەردەوام هەوڵیداوە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی داهاتی زیاد بکات و بازاڕی نوێ بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکانی بدۆزێتەوە و سەرنجی وەبەرهێنەران بۆ خۆی رابکێشێ، بەڵام ئەوەی مایەی مەترسییە، بەپێی ئامارەکانی وەبەرهێنانی تورکیا، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا، بە هۆکاری سیاسی و ئابووری 18 هەزار ملیۆنێری بیانی تورکیایان جێهێشتووە.

دژایەتی ئەردۆغان بۆ بەرزیی رێژەی سوود، وا دەکات هاووڵاتیان بتوانن لەرێگەی وەرگرتنی قەرزی بانکەوە، وەبەرهێنان بکەن، ئەمەش هەلی کار زیاتر دەکات و لیرەی تورکی بەشێوەیەکی خێراتر لە بازاڕدا دەسوڕێنێتەوە، چونکە مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتن زیاد دەکات. ئەردۆغان پاڵپشتی ئەم جۆرە سیاسەتە دەکات، بەڵام ئەوەی کە کێشەیە لێرەدا، لەبەر بەرزیی رێژەی هەڵاوسان پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە لە سیاسەتی نەختی، دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی خواست لەسەر دراوی بیانی کە لە کۆتاییدا بەهاکەی بەرز دەکاتەوە لەسەر حیسابی دابەزینی بەهای لیرە.

بەڵام بەرزکردنەوەی رێژەی سوودی بانکی دەبێتە هۆکاری زۆربوونی خواستی هاووڵاتیان لەسەر دراوی ناوخۆیی، ئەمەش بەهای لیرە لە بەرامبەر دۆلار بەرز دەکاتەوە، بەڵام ئەمەش زیان بە وەبەرهێنان و بەرهەمی ناوخۆیی دەگەیەنێت و رێژەی بێکاریش بەرز دەکاتەوە.

ئێستا تورکیا لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتیدایە کە کاریگەری دەبێت لەسەر شێوەی ئیدارەی نوێی ئەو وڵاتە، سیستەمی نوێی ئەو وڵاتەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر شێوەی نوێی سیاسەتی دەرەوە و ئابووریی تورکیا، ئەمەش ترسی لەلای بەشێکی زۆر لە وەبەرهێنەران و وڵاتان دروست کردووە، بەتایبەتیش کە ئێستا تورکیا کۆمەڵێک کێشەی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەڵمانیادا هەیە. هەموو ئەم فاکتەرانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر دابەزینی بەهای لیرە لە بازاڕەکانی جیهاندا.

# قارچکە رووسییەکە لە هەرێمی کوردستانە

محەممەد شێخ فاتیح

بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان وەک (BP)ی بەریتانی کە تەمەنی زیاتر لە سەدەیەکە، کۆمپانیای رۆسنێفتی رووسی کۆمپانیایەکی ئێجگار لاوە و 25 ساڵ تەمەنیەتی، بەڵام وەک قارچک هەڵتۆقیوە و زۆر بەخێرایی لە پێنج کیشوەری جیهاندا وەک تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی بڵاوبووەتەوە، هەر لە گەڕان، دەرهێنان و بەرهەمهێنانەوە تا دەگاتە گواستنەوە و فرۆشتنی وزە، وەبەرهێنان دەکات.

رۆژی دووی حوزەیرانی ساڵی رابردوو بۆ هەموو ئەوانەی کەرتی وزە جێی سەرنجیانە، یادەوەرییەکی گەورەیە، رەنگە سەرەتای پرۆسێسێکی درێژخایەنی نەوتی بێت، هەڵنانی هەنگاوی کۆمپانیایەکە کە بەردەوام حەز بە ریسک و ئاڵینگاری دەکات و پێکەوەنانی سامانە گەورەکەشی پەیوەندی بەو ئازایەتییەوە هەیە، جگە لەوەی کارگێڕییەکی بەهێزیش لە پشتی ئەو فراوانبوونەوە هەیە.

وەبەرهێنانەکانی کۆمپانیای رۆسنێفت لە هەرێمی کوردستاندا بریتین لە پێدانی 1.5 ملیار دۆلار بە هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر کڕینی نەوتەکەی و پێدانی پارەکە وەک پێشفرۆش بۆ ماوەی سێ ساڵ. هەروەها خەرجکردنی 1.8 ملیار دۆلار لە فراوانکردنی بۆڕیی نەوتی کوردستان — جەیهان، پاشان وەبەرهێنان لە بۆڕیی گواستنەوەی گازی سروشتی بە بەهای ملیارێک دۆلار و بە توانای 30 ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا، ئەوە سەرباری واژۆکردنی گرێبەستێک بۆ پەرەپێدانی پێنج بلۆکی نەوتی هەرێمی کوردستان.

جگە لەوەی رووکردنە جیۆگرافیای 45 ملیار بەرمیلییەکە بۆ رۆسنێفت گرنگە، بۆ هەرێمی کوردستانیش هاتنی ئەو زەبەلاحە نەوتییە گرنگە و دەیکاتە یاریکەرێکی گەورە لە بازاڕی وزەدا. لەهەمانکاتدا پێدانی ئارامی و کرێدیتە بە سێکتەری وزەی هەرێمی کوردستان. هەرچەندە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی وزەی رووسیا هەندێکجار لە وەستان دەچێت لە تەنیشت ئاگردا.

## کۆڕبەندی سان پێترۆسبۆرگ و گرێبەستە گەورەکە

ئەمساڵ 22ەمین کۆڕبەندی ئابووریی سان پێترۆسبۆرگ بەڕێوەچوو کە کۆبوونەوەیەکی گەورەی ئابوورییە و رووسیاش سەرباری ئەوەی بە دۆخێکی خراپی ئابووریدا تێدەپەڕێت، بەتایبەت لە هەمبەر دابەزینی بەهای رۆبڵ کە ئێستا پلە نزمەکانی پێوانە دەکات، بەڵام هێشتا هەر هێزێکی گەورەی ئابوورییە و توانای کەمەندکێشکردنی جەمسەرە ئابوورییەکانی هەیە .

ساڵی رابردوو لە کۆڕبەندی ئابووریی سان پێترۆسبۆرگ کە لە رۆژانی 1-3ی حوزەیران بەڕێوەچوو، گرنگترین رێککەوتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ رووسیا واژۆ کرا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای رۆسنێفت کە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی رووسیایە، رێککەوتنێکی درێژخایەنیان لە پەراوێزی کۆڕبەندەکە واژۆ کرد. ئەو رێککەوتنە گشتگیرە بووە هۆکاری ئەوەی کە رووسیا بەچڕی بێتە نێو کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە و هەر لە دەرهێنان و دۆزینەوەی نەوت، تا گواستنەوە و بەبازاڕکردنی رۆڵێکی سەرەکی ببینێ.

لە دووەم رۆژی کۆڕبەندی ئابووریی سان پێترۆسبۆرگدا لە 2017، دوای کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و ڤلادیمێر پوتین، سەرۆکی رووسیا، رێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی ئیگۆر سچین، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە و ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان واژۆ کرا.




لە 2017/10/18 دا کۆمپانیای رۆسنێفت رایگەیاند کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی واژۆ کردووە بۆ پەرەپێدانی پێنج بلۆکی نەوتی و گرێبەستەکانیش لە چەشنی هاوبەشکردنی بەرهەمن.

بەپێی راگەیاندنێکی کۆمپانیای رۆسنێفت لە 2017/10/19 ، حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای رۆسنێفت رێککەوتن لەسەر وەبەرهێنان لە پرۆژەی گواستنەوەی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان. بەپێی ئەو رێککەوتنە، کۆمپانیای رۆسنێفت توانای هەناردەکردنی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان —جەیهان بەرز دەکاتەوە بۆ رۆژانە 1 ملیۆن بەرمیل و 60%ی پشکەکانی ئەو بۆڕییە دەکرێت. هەروەها 40%ەکەی دیکە دەمێنێتەوە بۆ کۆمپانیای کارگرووپ کە ئۆپەرەیتەری بۆڕی نەوتی کوردستانە.

ئیگۆر سچین، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای رۆسنێفت لەبارەی ئەو رێککەوتنە رایگەیاند، بەشداریی کۆمپانیاکەی لە ژێرخانی نەوتی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ئامانجە ستراتیژییەکانی کە دەبێتە هۆکاری باشترکردنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

کۆڕبەندی ئابووریی سان پێترۆسبۆرگی ئەمساڵیش کە هەفتەی رابردوو بەڕێوەچوو، بەرهەمدار بوو بۆ هەرێمی کوردستان. لە پەراوێزی کۆڕبەندەکەدا، کۆمپانیای رۆسنێفت رێککەوتنێکی نوێی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد.

کۆمپانیاکە رایگەیاندووە کە بۆڕییەکی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان دادەمەزرێنێ وەک بەشێک لە کاروباری بازرگانیی کۆمپانیاکە لە بواری گازی سرووشتیدا. بوارێکی دیکەی وەبەرهێنانەکانی بریتی دەبێت لە هاوبەشبوونی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەی کارکەر لە گازی هەرێمی کوردستان و پارەدارکردنی پرۆژەکانیان. لە بواری گازی سرووشتیدا هەر یەکە لە کۆمپانیاکانی داناگازی ئیماراتی و گەنەل ئینێرژی تورکی-ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

## سێچین.. وەزیرە سێبەرەکە

هەروەک چۆن باس لەوە دەکرێت کە رۆسنێفت وەک وەزارەتی دەرەوەی رووسیا مامەڵە دەکات، ئاوهاش بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکەی رۆڵی وەزیری دەرەوە دەبینێت و بەو جۆرەش مامەڵە دەکات.

بەرپرسانی روسنێفت و کەسانی ئاگادار لە پیشەسازیی نەوت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە رۆڵی روسنێفت لە پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەوەی رووسیادا تایبەت نییە بە عێراق و کوردستان، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی جیهانیش ئەو رۆڵە دەگێڕێ.

ئەوەش لە مامەڵەکانیدا و لە پەلهاویشتنەکانیدا بە روونی دیارە، یەک مانگ تێنەپەڕیبوو بەسەر گشتپرسییەکەی باشووری کوردستاندا و دروست لە پاش 4 رۆژ لە دەستبەسەراگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە و پاش ئەوەی هەرێمی کوردستان 300 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەی لەدەست دا، ئەو کۆمپانیا رووسیە دوایین بەشی ئەو 1.8 ملیار دۆلارەی بە کوردستان دا کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەری رێککەوتبوون .

هەر بۆیە سەرچاوەیەکی پیشەسازیی نەوت کە ناسیاوی ئیگۆر سێچینە، دەڵێ: "سێچین وەکو وەزیری دەرەوەی دووەمی رووسیا رەفتار دەکات، بە گوزارشتێکی دیکە، سێچین نیشاندەری ئەو هێزە ئابوورییەیە کە لە پشت سیاسەتی دەرەوەی رووسیا ئامادەیە".

هەوڵەکانی رۆسنێفت لە ڤەنزوێلا بە پێدانی شەش ملیار دۆلار و وەبەرهێنانە 13 ملیار دۆلارییەکەی لە هیندستان مانیفێستی ئەو جموجوڵە بزێوانەیە کە دەیکات لە جیهاندا.

## پێگەی وزەی رووسیا

رووسیا پێگەیەکی گەورەی لە نەخشەی وزەی جیهاندا هەیە، لە کۆی 10 گەورەترین خاوەن یەدەگە نەوتەکانی جیهان لە پلەی هەشتەمدایە و 80 ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی خاوی هەیە. لە کۆی 187.300 تریلیۆن مەتر سێجا لە گازی سرووشتی جیهان 47.800 تریلیۆن مەتر سێجای لە رووسیایە، بەوەش لە پلەی یەکەم دێت لە ریزبەندی وڵاتانی خاوەن یەدەگی گازی سرووشتی.

ئەوە سەرباری ئەوەی کە لە ریزبەندی 10 گەورەترین کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهاندا، سێیان رووسین و سەرمایەشیان بەردەوام لە هەڵکشاندایە، گاز پرۆم کە بە ئیمپراتۆرەکەی گاز ناسراوە، سامانەکەی 263 ملیار دۆلارە، رۆسنێفتیش 193 ملیار دۆلار و لۆک ئۆیڵیش 83 ملیار دۆلار سامانەکەیەتی.



هونەر ڕێبوار

# "جەڵتەیەک ئەوەی نەدەهێنا ڕۆژوو بشکێنم"

کاژێر نزیکەی شەشی سەرلەبەیانی بوو کە مامەپیرەیان هێنایە بەشی چاودێریی چڕ لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری. مامەپیرە تووشی دەردە پیری بووبوو، بەڵام دەردە پیرییەک کە ئێستا تووشی گەنجانیش دەبێت، ئەویش جەڵتەی دڵە.

هەر کە گەیشتنە یەکەی چاودێریی چڕ "یەکەی چاودێری لوولەکانی کۆرۆنەری دڵ" یەکێک لە کوڕەکانی گوتی: دکتۆر لە تەوارییەکە پێیانگوتین باوکتان جەڵتە لێیداوە و دەبێت لە ئینعاش بخەوێنرێ.

مامەپیرە تەواو قەڵەو بوو، کوڕەکانی گوتیان کە پێشتر وەک تووشبووی نەخۆشیی بەرزەپەستانی خوێن و شەکرە دەستنیشانکراوە، بەڵام سەرباری ئازارەکەی، قسە خۆشەکانی هەر مابوون، پێیگوتم دکتۆر: "دوای نانخواردنی پارشێو، جگەرەی باشم کێشاون و تۆڵەی ڕۆژم بۆ کردووەتەوە".

مامەپیرەیان لەسەر تەختی نەخۆش دانا، بە ڕوخسارییەوە دیاربوو کە ئازاری زۆری سنگی هەبوو، ڕوخساری هاوشێوەی مێزەرە سپییەکەی سەری، سپی هەڵگەڕابوو، ئارەق بە ڕوخساریدا دەهاتە خوارەوە.

زۆربەی نیشانەکانی جەڵتەی دڵ لە ڕوخساری مامەپیرەدا بەدی دەکران، پزیشکی پایەبڵندی هەناوی هات و ئەویش دەرمانەکانی هەمووی چێک کردەوە، بەشێک لە دەرمانەکانی وەرگرتبوون، بۆ هەندێکیان کە لە نەخۆشخانە نەبوون، کوڕەکەی چووبووە دەرەوە بیانکڕێت!

جەڵتەی دڵ گیران یان تەسکبوونەوەی یەکێک لە لوولەخوێنبەرەکانی دیواری دڵە کە دەبێتە هۆی وشکهەڵاتنی دیوارەکە، بە دواکەوتنی چارەسەر، خانەی زۆر لە بێخوێنی و ئۆکسجیندا دەمرن و ناگەڕێنەوە.

جەڵتەی دڵ هۆکاری زۆر و جیاوازی هەن، بەڵام خۆشبەختانە دەتوانرێت ڕێگە لە زۆربەیان بگیرێت، کۆنترۆڵ بکرێن یان تەواو دوابخرێن و نەهێڵدرێن. تەمەنی زۆر، جگەرەکێشان و بەرزەپەستانی خوێن، شەکرە و قەڵەوی لە دیارترین فاکتەرە مەترسیدارەکانی تووشبوونن کە جەڵتەی دڵ پێشدەخەن. ئەمەش نەخۆشییەکی سەلامەت نییە و چەندین دەرهاوێشتەی مەترسیداری بەدوادا دێن، تەنانەت ڕەنگە ببێتە هۆی مردنیش.

پزیشکی پایەبڵندی هەناوی سەیری هێڵکاریی دڵی کرد، لەگەڵ نیشانەکانی تەواو دڵنیاییان دەدا کە نەخۆشەکە تووشی جەڵتەی دڵ بووە، پرۆسەی چارەسەری نەخۆشییەکە دەستپێکردبوو، بەڵام بەشێک لە پشکنین و چارەسەر مابوون کە بۆ نەخۆشەکە بکرێن.

نزیکەی کاژێرێکی خایاند، ئەوکاتەی کە کوڕی پیرە پیاوەکە ئەنجامی پشکنینەکانی خوێنی هێنایەوە، بەداخەوە پشکنینەکەش دڵنیایی دا کە نەخۆشەکە تووشی جەڵتەی دڵ بووە.

لە ڕێنماییناەی پزیشکانی دڵ و لوولەکانی خوێندا، یەکێک لە هێڵەکانی چارەسەری جەڵتەی دڵ، لابردن و کەمکردنەوەی ئازارە، مامەپیرە دەمێک بوو ئازارشکێنی بەهێزی وەرگرتبوو، بۆیە بەرەبەرە ئێمە لە نەخۆشییەکەی و مەترسییەکانی سەر ژیانی دڵنیا دەبووینەوە، ئەویش خەریک بوو دەکەوتەوە سەر خۆی.

کە دەستمان بە گفتوگۆ کرد لەگەڵی، ئێمە بەداخەوە بۆ ئەومان دەڕوانی و ئەویش زۆر بە هەناسەساردی گوتی: "دکتۆر تەنیا لەبەر شەش حەوت دەنکۆڵە حەب، ڕۆژووەکەتان بە من شکاند و ئێستاش من هیچ عەیبم نییە، بەخوای جەڵتەیەک ئەوەی نەدەهێنا ڕۆژووەکەم پێ بشکێنن".

# سوودەکانی زوو خەوتن

ڕووداو – ئاژانسەکان

لە ڕەمەزاندا هەمووان درەنگ دەخەون، لەکاتێکدا نووستنی درەنگوەخت زیانی زۆری بۆ تەندروستی هەیە و بەپێچەوانەشەوە سوودەکانی زوو خەوتن زۆر زۆرن کە ئەمانە بەشێکیانن:

**1 دابەزاندنی کێش:**
ئەوانەی زوو دەخەون، زوو نان دەخۆن و کەمتر دەخۆن، جەستەیان بڕێکی کەمتر وزە وەردەگرێت و نابێتە هۆی قەڵەوی.

**2 خەوێکی خۆش:**
توێژینەوەکان دەریانخستووە، درەنگخەوتن ڕەنگە ببێتە هۆی خەوزڕان و بەهۆیەوە نەخەوتن.

**3 بەرهەمێکی باشتر:**
ئەوانەی زوو دەخەون، زووش لە خەو هەڵدەستن، چونکە جەستەیان لە ڕێگەی چەندین پرۆگرامی بایۆلۆژییەوە خۆی ئامادە دەکات. کە زووش لەخەو هەستان، دەتوانن کارێکی باشتر بکەن و ئەنجامێکی باشتریان هەبێت.

**4 دڵێکی تەندروست:**
بەگوێرەی توێژینەوەکان، ئەوانەی دوای نیوەشەو دەخەون، زۆرتر تووشی ڕەقبوونی خوێنبەرەکان دەبن، ئەمەش نیشانەیەکی سەرەتایی نەخۆشییەکانی دڵە.

**5 وزەیەکی زۆرتر:**
پزیشکانی پسپۆڕ دەڵێن ئەوانەی شەوان درەنگ دەخەون، کەمتر تێرخەو دەبن، بەمەش لە ڕۆژی داهاتوودا هەست بە خەواڵوویی و بێهێزی دەکەن و توانای کارکردنیان کەمترە.

**6 کەمتر مەی دەخۆیتەوە:**
چوونە سەر جێگا و خەوتن لە ئێوارەیەکی زوو، گەرەنتی ئەوە دەکات کە کەمتر بخۆیتەوە. ئەمەش بۆ تەندروستی گرنگە و مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و بەشەمێبوونی جگەر کەمدەکاتەوە.

**7 توانای زیاتر:**
زانکۆی ستانفۆرد ڕایدەگەیێنێت ئەوانەی کە شەوان زیاتر دەخەون، پێویستیان بە ڕاهێنەری خود نییە، چونکە زیادکردنی کاژێرەکانی خەوتن بۆ 10 کاژێر، کۆششی کەسێک زیاتر دەکات و بەهێزتری دەکات.

**8 داهێنان:**
پزیشکان دەڵێن ئەو کەسانەی بەپێی پێویستی جەستە دەخەون و پشوودەدەن، مێشکیان توانای بیرکردنەوەی زیاتر دەبێت و داهێنان لە کارەکانیاندا دەکەن، هەروەها ئاسانتر فێری کار دەبن و بە زوویی شیکاری کێشەکان دەکەن.

## پێویستیی جەستە بۆ خەوتن بەپێی تەمەن

- کۆرپەیەکی بچوکتر لە 3 مانگی، پێویستی بە نزیکەی 17-14 کاژێر خەو هەیە.
- منداڵێکی تەمەن 11-4 مانگ، پێویستی بە 15-12 کاژێر خەو هەیە.
- منداڵانی تەمەن نێوان 2-1 ساڵان پێویستیان بە 14-11 کاژێر خەو هەیە.
- منداڵانی نێوان 5-3 ساڵان پێویستیان بە 13-10 کاژێر خەوتن هەیە.
- منداڵانی تەمەن 13-6 ساڵان دەبێت 11-9 کاژێر بخەون.
- نەوجەوانان لە تەمەنی 17-14 ساڵان 8- 10 کاژێر خەویان پێویستە.
- گەنجانیش لە تەمەنی 25-18 ساڵان 9-7 کاژێر خەویان دەوێت.
- تەمەنی نێوان 64-26 ساڵان 8 کاژێر خەویان دەوێت.
- ئەوانەی لە سەرووی 65 ساڵانن پێویستیان بە 8-7 کاژێر خەوە.



# لەبارەی ئاوی ڕەشی چاو

ڕووداو– ئاژانسەکان

ئاوی ڕەشی چاو، زیانگەیشتنە بە دەماری چاو کە هۆکارێکی سەرەکیی ئەوەش بەرزبوونەوەی گوشاری ناوەوەی چاوە. ئەم بەرزبوونەوەیە گوشار دەخاتە سەر ئەو دەمارەی زانیارییە بینایییەکان بۆ مێشک دەگوازێتەوە، لەگەڵ تێپەڕینی کات پەکی دەخات.

ئاوی ڕەشی چاو لە هۆکارە بەربڵاوەکانی لەدەستدانی بینایی چاوە.

### نیشانەکانی:

لە ژمارەیەکی بەرچاوی حاڵەتەکاندا تووشبووەکە هەست بە هیچ نیشانەیەک ناکات تاوەکو زیانێکی بەرچاو بە دەماری گوازەرەوەی زانیارییە بینایییەکان نەگات و پلەیەک لە لەدەستچوونی بینایی ڕوونەدات.

لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا گوشارەکە خێرا بەرز دەبێتەوە و دەبێتە حاڵەتێکی کتوپڕ و چەند نیشانەیەک دەدات وەک لێڵبوونی بینایی، ئازاری توندی چاو، دروستبوونی شەپۆل بە چواردەوری بینینی ڕووناکیدا، ئێڵنج و ڕشانەوە. ئەگەر ئەم نیشانانەت هەبوو، سەردانی نزیکترین یەکەی فریاکەوتن بکە تاوەکوو ڕێگە بگیرێ لە زیانگەیشتنی هەمیشەیی بە چاوت.

### ئەو هۆکارانەی ڕێگا بۆ تووشبوون خۆشدەکەن:

1- بەرزیی گوشاری ناوەوەی چاو: هەندێک کەس ئەو گوشارەیان لە کەسانی دی زیاترە، بەوەش ئەگەری تووشبوونیان زیاد دەکات.

-2 تەمەن: لە تەمەنی 40 ساڵییەوە ئەگەری تووشبوون زیاتر دەبێت.

3- بۆماوەیی: هەندێک کەس ناتەواویەک لە جینەکانیاندا هەیە، وایان لێدەکات لە کەسانی دیکە زیاتر ئەگەری تووشبوونیان هەبێ. ئەگەر ئەندامێکی بنەماڵەکەت، یان کەسوکاری نزیکت ئاوی ڕەشی چاویان هەبێ، ئەگەری تووشبوونی تۆش زیاترە.

4- نەخۆشیی درێژخایەن: ئەوانەی شەکرە، بەرزیی گوشاری خوێن، تەمبەڵی ڕژێنی دەرەقی و نەخۆشییەکانی دڵیان هەیە، زۆرتر تووشدەبن.

5- نەخۆشیی دیکەی چاو: وەکوو زەبرگەیشتنی پێشتر بە چاو، وەرەمی چاو و هەندێن نەخۆشیی هاوێنەی چاو.

6- زۆر بەکارهێنانی دەرمانە ستیرۆیدییەکان.

### دەستنیشانکردن:

بە بەکارهێنانی ئامێری تۆنۆمیتەر، گوشاری ناوەوەی چاوت دەپێورێت و دیاری دەکرێت کە ئاخۆ تووشی ئەم حاڵەتە بووی یان نا.



بەرزبوونەوەی گوشاری ناوەوەی چاو دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە چاوت بڕێکی زیاد لە پێویستی ئاو دروستدەکات، یاخود ئەو کەناڵانە گیراون کە هاتوچۆ بەو ئاوە دەکەن.

گوشاری ئاسایی ناوەوەی چاو دەبێ لە 21 ملم/جیوە کەمتربێت. ئەگەر بۆ نموونە 30 ملم/جیوە بوو، ئەوا ئەگەری زیانگەیشتن بە چاو و دەماری بینایی 40 ئەوەندەی کەسێکە کە گوشاری ناوەوەی چاوی 15 ملم/جیوەیە.

جگە لە تۆنۆمیتەری، پزیشک هەندێ پشکنینی دیکەی چاوت بۆ دەکات، تا هەم توانای بینایی دیاری بکات و هەم بڕی ئەو زیانە دیاری بکات کە بەهۆی حاڵەتەکەتەوە بە چاو و دەماری بینایی گەیشتووە.

### چارەسەر:

بەپێی توندیی حاڵەتەکە جۆرەکە دەگۆڕێ: دەرمان، نەشتەرگەری و لەیزەر. لە نموونەی دەرمانەکان ئەو قەترەیەیە کە گوشاری بەرزی ناوەوەی چاو دادەبەزێنێ.

لەبەرئەوەی ئاوی ڕەشی چاو نیشانە و ئازارێکی ئەوتۆی نییە، هەندێ لە تووشبووان کەمتەرخەمی دەکەن لە بەکارهێنانی قەترەکانیان و بەو جۆرە وردەی پزیشک بۆی دیاری کردوون بەکاری ناهێنن. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەم کەمتەرخەمییە ڕێخۆشکەرە بۆ کوێربوونی تووشبووان.

ئەگەر بەکارهێنانی قەترەکە بە هەر جۆرێک بێزارت دەکات، لە بەکارهێنانی مەوەستە تاوەکوو ڕاوێژ بە پزیشکەکەت دەکەیت و لەو بارەیەوە ڕێوشوێنی زانستیت پیشاندەدات.

### کەی پشکنین بکەین؟

لەگەڵ هەریەک لەو نیشانانەی ئامارەمان بۆ کردن، سەردانی پزیشکی پسپۆڕی چاو، یان سەنتەرە پسپۆڕییەکانی چاو بکە.

لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری حاڵەتەکان هیچ نیشانەیەکیان نییە، ئەکادیمیای ئەمریکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی چاو ڕێنمایی خەڵکی دەکات هەر کە گەیشتنە تەمەنی 40 ساڵی پشکنینێکی وردی چاویان بکەن، بە پێوانی گوشاری ناوەوەی چاویشەوە. دواتر هەموو 3-5 ساڵێک پشکنینەکان دووبارە بکەنەوە.

# کورتە زانیاری لەبارەی هەنگوین

ڕووداو– ئاژانسەکان

هەنگوین یەکێکە لە خواردنە خۆش و بەتامەکان، ئەو توێژینەوانەی لەبارەی پێکهاتەی هەنگوینەوە کراون، دەریدەخەن هەنگوین سوودی تەندروستیی زۆری هەن.

بەپێی توێژینەوەکان، نزیکەی 70% تاوەکو 80%ی هەنگوین بریتییە لە شەکر، بەتایبەتی لە جۆرەکانی فرەکتۆز و گلوکۆز کە زیان بە تەندروستیی مرۆڤ ناگەیەنن.

هەروەها خاسیەتی دژە بەکتریایی هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بڕی ترشییەکەی کە دەگاتە 3.2 تاوەکو 4.5%.



## پێکهاتەی هەنگوین:

| پێکهاتە | ڕێژە |
| --- | --- |
| فرەکتۆز | %38 |
| گلوکۆز | %31 |
| ماڵتۆز | %7 |
| سوکەرۆز | %1 |
| جۆری دیکەی شەکر | %2.5 |
| ئاو | %17.1 |
| پێکهاتەی دیکە: نزیکەی | %2.4 |

### سوودەکانی هەنگوین:

- **بۆ دڵەکزێ باشە:** بەهۆی ئەوەی لە پلەی گەرمی نێو جەستەدا هەنگوین لینجترە بە بەراورد بە ئاو، هەڵهێنانەوەی ترشیی گەدە کەمتر دەکاتەوە.
- **دژی هەستەوەرییە:** بەتایبەت بۆ چارەسەری وشکەکۆکەی پەیوەست بە هەستەوەری بەسوودە.
- **پەتا:** بۆ کەمکردنەوەی نیشانەکانی هەڵامەت باشە، بەتایبەت کۆکە.
- هەندێک دژە ئۆکسێنی تێدایە.

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو جەنگی دەوڵەتان دەچێ



بەدوور نازانرێ جەنگی بە وەکالەتی نێوان سعودیە و تاران بۆ جەنگی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوو بەرە بگۆڕێ

**ڕووداو- هەولێر**

هێڵەکانی ململانێ لە نێوان دوو بەرەی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هیچکات هێندەی ئێستا تۆخ نەبوون، لایەکی ئەو بەرەیە ئێران و تۆڕی ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی نزیک لە تارانە. لایەکەی دیکەش سعودیە، ئیماراتی عەرەبی و ئیسرائیلن کە بە هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەزانرێن. لە کاتێکدا ململانێی هەژموون لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا هەتادێ بەهێزتر دەبێ، ئەگەری گۆڕانی جەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە جەنگی بەوەکالەتەوە بۆ جەنگی ڕاستەوخۆی نێوان ئەو دوو بەرەیە بەدوور نازانرێ.

ئێران و سعودیە ساڵانێکە لە دژی یەکدی شەڕی بەوەکالەت دەکەن، ناکۆکییە قووڵەکانی ئیسرائیل و ئێران بۆ سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا (ECFR) ، زۆربوونی ژمارەی مەیدانەکانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێکەوە گرێدراویی ئەو شەڕانە، ئەو ئەگەرەی بەهێز کردووە کە لە هەر ساتێکدا شەڕێکی سەرتاپاگیر بقەومێ.

ئێستا ئێران لە عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن گەمەکارێکی سەرەکییە. پێش 2003، ئێران تەنیا لە لوبنان دەسەڵاتی هەبوو. ئەمڕۆ توێژی سیاسیی عێراق پەیوەندییەکی بەرفراوانیان لەگەڵ تاراندا هەیە، سوپای پاسداران پەیوەندیی قووڵی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی عێراقدا هەیە، پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای شیعەی هەردوو وڵات زۆر بەهێزە. ئێران هاوبەشێکی گرنگی ئابووریی عێراقە و لە هەرێمی کوردستانیش وەبەرهێنانی هەیە.

لە گۆڕەپانی سەربازی و سیاسیی لوبناندا، ئێران بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە حیزبوڵڵا دەبەستێ. لای ئێرانییەکان حیزبوڵڵا ئەو مۆدێلە سەرکەوتووە لە ئەکتەری نادەوڵەتییە کە دەتوانێ بەسەر پانتایی ئەمنیدا باڵادەست بێ و دواجاریش لە پانتاییە سیاسییەکەدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێ.

ئێران و میلیشیا شیعە هاوبەشەکانی، خەریکن بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی رووسیا دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا بۆ هەموو ناوچە سەرەکییەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای سووریا دەگەڕێننەوە.

لێکۆڵەرانی ناوەندی (ECFR) ئاماژە بۆ دوو پاڵنەری سەرەکیی ئێران لە ناوچەکەدا دەکەن کە یەکەمیان هەڕەشەی سەربازیی هێزە دەرەکییەکانە، لەوانەش ئیسرائیل و سعودیە کە لەڕووی تەکنەلۆژیا و چەکی سەربازییەوە لە ئێران لەپێشترن. ئەم پاڵنەرە لەدوای هاتنە سەرکاری ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەهێزتر بووە.

> ئیسرائیل و سعودیە کە لەڕووی تەکنەلۆژیا و چەکی سەربازییەوە لە ئێران لەپێشترن

پاڵنەری دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێران دەیەوێ ڕۆڵی سیاسی خۆی هەبێ لەوەی باڵانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕێکبخات، بۆ ئەمەش وجودی سەربازیی خۆی و میلیشیاکانی بەکاردەهێنێ.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "ئێران بۆ چالاکییە ناوچەییەکانی ڕووبەڕووی بەربەستیش دەبێتەوە، چونکە دۆستەکانی تاران دەیانەوێ ئاستێک لە سەربەخۆییشیان هەبێ، نەک ئەوەی بەتەواوەتی لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئێراندا بن". بۆ نموونە حەیدەر عەبادی (سەرۆکوەزیرانی عێراق) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ واشنتن و سعودیە هەیە. ئەسەدیش ڕووسیا وەکو پاڵپشتی نێودەوڵەتی خۆی دەبینێ.

بەڵام ئەم ستراتیژە خەرجییەکی زۆریشی لەسەر ئابووریی ئێران دروستکردووە، لەکاتێکدا ئێران دەبێ بەرگری لە پێگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات. دژایەتیی زلهێزەکانی ناوچەکە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێران ئەم خەرجییە لەسەر تاران زیاتر دەکات. خەڵکی ئێران لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا هەستیان بە قورسایی ئەو خەرجیە کردووە و خۆپیشاندانەکانی چەند مانگی ڕابردوو شایەتی لەسەر ئەوە دەدەن.

سعودیە، ئیمارات و ئیسرائیل بەهۆکاری جیاواز لە زیادبوونی نفووزی ئێران پەستن. ئەم نیگەرانییە هاوبەشە و هەوڵی بەرپەرچدانەوەی فراوانخوازیی ئێران ئەو سێ وڵاتەی لەسەر یەک پلاتفۆرم کۆکردووەتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەم ئەکتەرانە لەوەدا هاودەنگن کە تەنیا دەبێ بەهێز بەرەنگاری ئێران ببنەوە و پێیانوایە هەموو هەوڵێکی دیپلۆماتیک لەگەڵ ئێران بێ بەرهەمە، چونکە ئێران ئامادە نییە دەست لە خەونەکانی خۆی هەڵگرێ.

هەڵوێست و ڕوانگەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکاش فاکتەرێکی دیکەیە کە وادەکات ئەم سێ وڵاتە هەوڵەکانیان بۆ جڵەوکردنی ئێران چڕبکەنەوە، وەکو چۆن ئیدارەی نوێ و ڕاوێژکارەکانی سەرۆکی ئەمریکاش ئەو هەوڵە ناوچەییە بە بناغەیەک دەزانن بۆ داڕشتنی نەخشەیەکی نوێی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا کە لەوێوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بپارێزن.

## بەربەستەکانی بەردەم بەرەی دژە ئێران

هەرچەند بەرژەوەندیی زلهێزەکانی کەنداو و ئیسرائیل هەتا دێت زیاتر یەک دەگرێتەوە، بەڵام ناوەندە ئەورووپییەکە پێیوایە زۆری ماوە ئەو دوو لایەنە بتوانن باس لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بکەن، لە کاتێکدا ئێران توانیویەتی هەموو سەرچاوە و هاوبەشە ناوچەییەکانی خۆی بۆ ئامانجە سەرەکییەکە کە دروستکردنی ڕێڕەوی شیعییە، ئاراستە بکات.

ناوەندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کێشەی فەڵەستین یەکێکە لەو هۆکارانەی هەم لەسەر ئاستی نێوخۆ و هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە، بەربەستی گەورە بۆ نزیکبوونەوەی تەلەڤیڤ و ڕیاز دروستدەکات. جیا لەمە قەیرانی پەیوەندییەکانی قەتەر و کەنداو و شەڕی یەمەن بەشێکی زۆر لە توانا و سەرچاوە و تەرکیزی سعودیەی بردووە و ڕیاز ئەو توانا سەربازییە شک نابات بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوچەیی لەدژی ئێران بەکاری بهێنێ، هەر بۆیە ئیسرائیلیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە سووریا و لوبنان خۆی بەتەنیا هەنگاو دەنێ و تەنیا بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی دیپلۆماتیک و لۆبیکردن پشت بە سعودیە دەبەستێ.

خاڵێکی دیکە کە ڕێگرە لەوەی ئێستا هاوپەیمانێتییەکی ناوچەیی پێکبهێنرێ پەیوەندی بە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکاوە هەیە کە تاوەکو ئێستاش هی ئەوە نییە پشتی پێ ببەسترێ و جگە لە کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، هیچ هەوڵ و سەرچاوەیەکی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران تەرخان نەکردووە. خاڵی سەرەکی و ئاشکرا لە ڕوانگەی ترەمپدا ئەوەیە کە ئەمریکا دژی ئێرانە، بەڵام وڵاتانی ناوچەکە خۆیان دەبێ بەرپرسیارێتی دژایەتی ئێران بگرنە ئەستۆ.

ناوەندە ئەورووپییەکە جەخت دەکاتەوە لەوەی هەڵوێستی توندی دوو لایەنە دژبەرەکە بەرامبەر بە یەکدی دەشێ ئەنجامی مەترسیداری لێبکەوێتەوە. وەکو بەرپرسێکی بەرەی دژی ئێران بە ناوەندی (ECFR)ی ڕاگەیاندووە، هەر جەنگێکی نێوان دوو بەرەکە دەکرێ 30 ساڵ بخایەنێ، بەڵام بەرەی دژی ئێران ئامادە نین بۆ ئارام ڕاگرتنی ناوچەکە لە هەڵوێست و ڕوانگەی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

لە کاتێکدا ناوچەکە لە ئەفغانستانەوە بەرەو دەریای نێوەڕاست و لەوێشەوە بەرەو دەریای سوور بەدەست چەندین شەڕ و نائارامییەوە دەناڵێنێ، ئەگەری تەقینەوەی جەنگی دەوڵەتان پێش دروستبوونی هاوپەیمانێتییە دژە - ئێرانییەکە لە هەموو کاتێک زیاترە.

# پرۆگرامێکی م

**ڕووداو - هەولێر**

ساڵی 2011 بنکەیەکی لێکۆڵینەوەی مووشەکی دووربڕی ئێران لە نزیک تاران تەقییەوە، لە تەقینەوەکەدا زانایەکی سەربازیی ئێرانیش کە سەرۆکی بنکەکە بوو، کوژرا. ئەوکات زۆربەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا بڕوایان وابوو تەقینەوەی ئەو بنکەیە بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو دوادەخات، زانیارییە نوێیەکان دەریدەخەن تاران هەر ئەو کات لە جەرگەی بیاباندا سەرقاڵی دروستکردنی بنکەیەکی دیکە بووە.

لە دوای تەقینەوەکەی 2011 ، ئاماژەیەکی ئەوتۆ نەبوو کە ئێران کار لەسەر بەرنامەیەکی مووشەکی بکات لەوانەی سنووری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبڕن، بەرپرسانی ئێرانیش ڕایانگەیاندبوو کە نیازی کارێکی لەو شێوەیەیان نییە. بەڵام بەهاری ئەمساڵ لێکۆڵەرانی پیشەسازیی سەربازی لەکاتی چاوخشاندنەوە بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی یادکردنەوەی ژەنەراڵ حەسەن تارانی موقەدەمدا، بۆیان دەرکەوت کە ناوبراو چاودێری دروستکردنی بنکەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوەی مووشەکی بووە لە چەقی بیابانەکانی ئێراندا و بنکەکەش تاوەکو ئێستا کاردەکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، لێکۆڵەرەکان لەدوای هەڵسەنگاندنی وێنە سەتەلایتییەکان، بۆیان دەرکەوتووە لە بنکە نوێیەکەدا کار لەسەر مەکینە و سووتەمەنی ڕۆکێتەکان دەکەن و زۆربەی جارانیش تاقیکردنەوەکان بە شەو دەکرێن، دەشێ لەو بنکەیە کار لەسەر پیشەسازی و تەکنەلۆژیای کۆمەڵێک مووشەک بکرێ کە مەودای بڕینیان مامناوەندە، دەشکرێ بنکەکە کار لەسەر بەرنامەیەکی ئاڵۆزی فەزایی بکات.

بەڵام لێکۆڵەرەکان دەڵێن بەڵگە پشتڕاستنەکراوەکان وای دەردەخەن کە ئێران کار لەسەر بەرنامەیەکی مووشەکیی دووربڕ دەکات. پێنج شارەزای سەربەخۆ کە چاویان بە زانیارییەکانی (نیویۆرک‌تایمز)دا خشاندووەتەوە، دەڵێن بەڵگەی بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی ئێران کار بۆ دروستکردنی مووشەکی دووربڕ دەکات.

مایکڵ ئێلیمەن، شارەزای بەرنامەی مووشەکی لە پەیمانگای نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان (IISS)، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "کۆمەڵێک پەرەسەندن لەئارادان کە دەشێ بێزارکەر بن". بە گوتەی ئێلیمەن بەڵگەکان ڕاستەوخۆ هیچ شتێک ناسەلمێنن، بەڵام ئاماژەیان تێدایە بۆ ئەوەی "ئێران لە 5 بۆ 10 ساڵی داهاتوودا دەبێتە خاوەنی مووشەکی کیشوەربڕ، هەڵبەت ئەگەر ئێرانییەکان بیانەوێ".

### بنکەی شاهرود

لێکۆڵینەوەکە لەلایەن کۆمەڵێک توێژەری پەیمانگای میدلبەری بۆ لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ئامادە کراوە. لە سەرەتادا بیرۆکەکە تەنیا ئەوە بوو لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی چۆنێتی یادکردنەوەی ژەنەراڵ موقەدەم بکەن لە میدیای ئێرانیدا، بۆ ئەوەی بزانن پێش کوژرانی ئەو زانا سەربازییە بەرنامەی مووشەکیی ئێران لە چ ئاستێکدا بووە. بەڵام لێدوانی هاوکاران و ئەندامانی خێزانی موقەدەم سەرنجی لێکۆڵەرانی

# گەڕانەوە ب



بەرپرسێکی ئێرانی: "چاوەڕێ دەکەین تاوەکو کۆتایی ئایار پاکێجەکەمان ڕادەست بکرێ"

# ترەمپ لەگەڵ سەرۆکی کۆریای باکوور ک

**ڕووداو- هەولێر**

کۆبوونەوە مێژووییەکەی نێوان سەرۆکی ئەمریکا و کۆریای باکوور کە بڕیار بوو 12ی مانگی داهاتوو بەڕێوەبچێ، وا دیارە کە هێشتا ئەگەرێکی دوورە. بەرپرسانی کۆشکی سپی دەڵێن بڕیاری دیدارەکە لەناکاو بووە، شارەزایانیش هۆشداری دەدەن لەوەی کشانەوەی ئەمریکا لەو کۆبوونەوەیە ئاکامی خراپی بۆ ناوچەی نیمچەدوورگەی کۆریا دەبێ.

تاوەکو کاژێر 10ی شەوی چوارشەممەی ڕابردوو (بەکاتی واشنتن) دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا سوور بوو لەسەر ئەوەی کۆبوونەوە مێژووییەکەی ڕۆژی 12ی حوزەیران لەگەڵ کیم جۆنگ ئون، سەرۆکی کۆریای باکوور، وەکو ئەوەی پلانی بۆ دانراوە، بەڕێوەدەچێ. بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، هەمان شەو جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، بە ترەمپی گوتووە کە ڕاگەیێندراوەکەی حکومەتی کۆریای باکوور لەبارەی ئەگەری شەڕی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا و گاڵتەکردن بە مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، ئاماژەی باش نین.

ڕۆژی چوارشەممە کۆریای باکوور لە بەیاننامەیەکدا هۆشداری بە ئەمریکا دا کە "یان لە ژووری کۆبوونەوە بمانبینن یان لە نمایشێکی ئەتۆمیدا ڕووبەڕوومان ببنەوە". ڕۆژی پێشتر ترەمپ باسی لە ئەگەری دواخستنی کۆبوونەوەکە کردبوو کە بڕیار بوو لە سینگاپوور بەڕێوەبچێ.

کەسێکی نزیک لە باس و خواسەکانی کۆشکی سپی بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاندووە کە ترەمپ بە لێدوان و بەیاننامە هەڕەشەئامێزەکانی پیۆنگیانگ دڵگران بووە، بە ڕاوێژکارانی خۆیشی ڕاگەیاندووە کە نیگەرانە لەوەی کیم جۆنگ ئون خەریکی یارییەکی سایکۆلۆژی بێ بۆ ئەوەی وەهای دەربخات کە ئەوە ئەمریکایە داوای کۆبوونەوە دەکات نەک کۆریای باکوور.

مانگی ئاداری ئەمساڵ، ترەمپ ڕەزامەندی لەبارەی کۆبوونەوەکە لەگەڵ کیم جۆنگ ئون دەربڕی. لە ڕۆژانی دوای ئەو بڕیارەشدا بە گەشبینی و تەنانەت شانازییەوە باسی لە دەستکەوتێک دەکرد کە سێ سەرۆکی پێش خۆی نەیانتوانی پێی بگەن. ئیدارەی کۆشکی سپی پێیانوابوو ڕێککەوتن لەگەڵ کۆریای باکوور دەتوانێ سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسەتی دەرەوەیان بێ. ڕۆدۆڵف جولیانی، ڕاوێژکاری یاسایی ترەمپ، ڕۆژی چوارشەممە لە نیویۆرک چاوی بە ترەمپ کەوتبوو، پاش کۆبوونەوەکەش بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاندووە "ترەمپ بێ ئومێد بووە و هەقی خۆشیەتی ئەو هەستەی هەبێ. بەڵام ئەو پێشتریش هۆشداری دابوو کە ڕەنگە کۆبوونەوەکە نەکرێ".

سەرۆکی ئەمریکا پێشتر لەبارەی شوێنی کۆبوونەوەکە مشتومڕی لەگەڵ ڕاوێژکارانی خۆی کردبوو، زۆر بە جدیش بیری لەوە کردبووەوە کە لوتکەکە لە ناوچەی ئارامی نێوان هەردوو کۆریا بەڕێوەبچێ، واتە هەر ئەو شوێنەی کۆبوونەوە مێژووییەکەی مانگی ڕابردووی نێوان سەرۆکی هەردوو کۆریاکەی تێدا بەڕێوەچوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بەدەر لە دەستکەوتە دیپلۆماتیک و سیاسییەکان، ترەمپ بیری لە بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیش کردبووەوە.

بەڵام ئەگەری هەڵوەشانەوەی کۆبوونەوەکە دەریدەخات خەونەکانی ترەمپ شتێکن و ئەو واقیعە سیاسی و ئەمنییەی کە دانوستاندنەکانی تێدا دەکرێ شتێکی دیکەیە. ساڵانێک لەمەوبەر تۆنی شوارتس لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ کتێبی "هونەری ڕێککەوتن"یان نووسی. شوارتس پێیوایە سەرۆکی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئیگۆی خۆی کۆبوونەوەکەی هەڵوەشاندەوە. شوارتس لەمبارەیەوە بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاند: "ترەمپ زۆر لەوە دەترسێ سووک یان شەرمەزار دەربچێ و قەت ئەمە قەبووڵ ناکات".

کاژێر حەوتی بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، بەرپرسان و ڕاوێژکارانی باڵای کۆشکی سپی لە کۆبوونەوەدا بوون. ئەو کات هێشتا ترەمپ لە شوێنە خێزانییەکەی خۆی لە کۆشکی سپی بوو، بەڵام بە تەلەفۆن لەگەڵ ڕاوێژکارانی خۆی لە پەیوەندیدا بوو. لەگەڵ گەیشتنی بۆ ژووری کۆبوونەوەکە، بڕیاری کشانەوەی لە لوتکەی ئەمریکی - کۆری ڕاگەیاند.

ترەمپ بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکە وازی نەهێنا، بەڵکو نامەیەکیشی بەناوی خۆی بۆ سەرۆکی کۆریای باکوور ڕەوانە کرد. نامەکە هەر لە کۆبوونەوەکەی بەرەبەیانی پێنجشەممەدا نووسراوە. لە هەندێک شوێندا هەڕەشەئامێزە و باسی قەبارەی توانای ئەتۆمیی ئەمریکا دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەست دەکرێ ترەمپ دەیەوێ دەرگای کۆبوونەوەی دیکە لە نێوان خۆی و هاوتا کۆرییەکەی دانەخات.

لە نامەکەدا هاتووە: "لەو دۆخەی ئێستادا دانوستاندن لەجێی خۆی نییە، هۆی ئەمەش بۆ ئەو توڕەیی و دوژمنایەتییە دەگەڕێتەوە کە لە بەیاننامەکانی ئەمدواییەی ئێوەدا بەدی دەکرێ". ترەمپ بە "زۆر بەڕێز" ناوی کیم جۆنگ ئون دەهێنێ و سوپاسی "خۆڕاگری و هەوڵەکان"ی کۆریای باکوور دەکات کە لە دوو مانگی ڕابردوودا پیشانیان داوە.

ئیدارەی ترەمپ لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا بەدەست کێشەی درەکردنی زانیارییەوە دەناڵێنێ، هەموو ئەو ڕێوشوێنانەش کە بۆ ڕێگری لەو دیاردەیە گیراونەتەبەر شکستیان هێناوە. کەسانی بەشدار و ئاگادار لە کۆبوونەوەکەی پێنجشەممە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە، ترەمپ ترساوە لەوەی ئەگەر کات بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوپەیمانەکانی خۆیان لە ناوچەکە تەرخان بکەن،

# ـووشەکی دوورهاوێژی ئێران ئاشکرا دەکرێ

بۆ لایەکی دیکە برد.

یەکێک لە گەورەترین ئاماژە سەرەتاییەکان کە سەرنجی لێکۆڵەرەکانی راکێشا وێنەیەکی ژەنەراڵ موقەددەمە لەگەڵ ئەفسەرێکی باڵا کە لە پشت سەریانەوە نووسراوە "شاهرود".

شاهرود ناوی شارێکە لە پارێزگای سمنانی ئێران، بەڵام لە 2013 بنکەیەکی تاقیکردنەوەی مووشەکیش بەو ناوە کرا. بنکەکە تەنیا 40 کیلۆمەتر لە شاری شاهرودەوە دوور بوو و تەنیا بۆ یەک تاقیکردنەوەش سوودی لێوەرگیرا. لەو کاتەوە بنکەکە بە "ناچالاک" لەقەڵەم دراوە و وێنە سەتەلایتییەکانیش وەهایان دەردەخست کە چیدی بەکارناهێنرێ.

بنکەی شاهروود 300 کیلۆمەتر لەو بنکەیەوە دوورە کە لە ساڵی 2011 تەقییەوە، دیواری باڵەخانەکانیشی هەمان ئەو رەنگانەیان پێوەیە کە پێشتر بە بنکەکەی ژەنەراڵ موقەددەمەوە بوون، جیا لەمەش، لە چەند ساڵی رابردوودا ژمارەی باڵەخانەکان لە بنکەی شاهرود بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. بە گوێرەی راپۆرتەکە، ئەو ئاماژانە لەخۆیاندا هیچ شتێک پشتڕاست ناکەنەوە، بەڵام سەرنجی لێکۆڵەرانی بۆ لای شتی دیکە راکێشاوە.

## پەڵەکانی سەر زەوی

ژمارەیەکی زۆر تەکنەلۆژیای سەربازی دەکرێ لە قۆناغە بەرایییەکاندا لە ژوور یان کارگە داخراوەکاندا دروست بکرێن، تاقیگەکانی سیستەمی مووشەکیش دەکرێ لە ژێرزەمینەکان دابنرێن، بەڵام تاقیکردنەوەی مووشەک وانییە و پێویستە بناغەکەی لەسەر زەوییەکی کراوە بێ و تاقیکردنەوەی مەکینەکانی تاقیکردنەوەی

> ## ئێران لە 5 بۆ 10 ساڵی داهاتوودا دەبێتە خاوەنی مووشەکی کیشوەربڕ
>
> شارەزایەکی بەرنامەی مووشەکی

مووشەکیش لەدوای خۆیان پەڵەی سووتان لەسەر زەوی جێدەهێڵن. بەپێی راپۆرتی رۆژنامە ئەمریکییەکە، لێکۆڵەرەکان لەدوای هەڵسەنگاندنی وێنە سەتەلایتییەکانی ناوچەکانی نزیک شاهروود، دوو پەڵەی گەورەیان لەسەر زەوی بینیوە کە یەکێکیان هی 2016یە و ئەوەی دیکەیان بۆ 2017 دەگەڕێتەوە.

لێکۆڵەرەکان باس لەوە دەکەن کە بۆ تاقیکردنەوەکەی 2017 بناغەیەکی 370 تەنی بەکارهێنراوە، بەو پێیەش مەکینەی تاقیکردنەوەی مووشەکەکە 62 بۆ 93 تەن وزەی خستووەتەکار، ئەمەش بۆ بەکارخستنی مووشەکێکی کیشوەربڕ بەش دەکات. دوو بناغەی دیکەش لەناوچەکە بەدیکراون کە لەوەی



بنکەی شاهروود 300 کیلۆمەتر لەو بنکەیەوە دوورە کە لە ساڵی 2011 تەقییەوە

2017 گەورەترن و تاوەکو ئێستا کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە.

لێکۆڵەرەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی خۆیان پشتیان بە کۆمەڵێک وێنەی سەتەلایتی بەستووە کە لە وێنە سەتەلایتییە ئاساییەکان وردترە و بەناردنی شەپۆلی رادیۆیی و هەڵسەنگاندنی زایەڵەی شەپۆلەکان لەناوچەکە کاردەکا.

دەیڤید شمێرلەر، یەکێک لە لێکۆڵەرانی تیمەکە دەڵێت: "هاتوچۆی مرۆیی دەبینین، ئەم جۆرە چالاکییە مرۆییانە لە وێنە سەتەلایتییە ئاساییەکاندا نابینرێ". هاتوچۆی بارهەڵگر بەرەو ژێرزەمینی بنکەکەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بنکەی شاهرود لەسەر بنکەیەکی ژێرزەمینی دروستکراوە. لێکۆڵەرەکان تاوەکو ئێستاش نازانن بنکە ژێرزەمینییەکە بۆچی بەکاردەهێنرێ.

یەکێک لەو خاڵانەی سەرنجی لێکۆڵەرەکانی راکێشاوە، ئەوەیە لە ناوچەکە هیچ تانکەرێکی سووتەمەنی یان بارهەڵگرێکی گواستنەوەی سووتەمەنی نابینرێ. ئەمەش گومانی ئەوەی لای لێکۆڵەرەکان دروستکردووە کە لەو بنکەیەدا سووتەمەنی وشک بەکاربهێنرێ. ئەم جۆرە سووتەمەنییە بۆ گەشتی بۆشایی بەکاردەهێنرێن، بەڵام بەکارهێنانی سەربازیشیان هەیە.

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکان نازانن قەبارو مەودای برینی مووشەکەکان چەندە، یان بۆچی ئەو بناغە زەبەلاحانە بەکاردەهێنرێن. دینا ئیسفەندیاری، لێکۆڵەر لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەی (CSIS) بەدووری دەزانێ ئێران بەرەو سیستەمی مووشەکیی دووربڕ هەنگاو بنێ، بەڵکو لەوانەیە ئەو بنکەیەی بۆ ئەو کاتە بێ کە ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەردەچێ. بە بۆچوونی ئیسفەندیاری "ئێران دەیەوێ هەموو بژارەکان بەکراوەیی بهێڵێتەوە".

سەرەتای ئایار، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند کە وڵاتەکەی چیدی بەشێک نابێ لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1. جێفری لویس، بەڕێوەبەری تیمی لێکۆڵینەوەکەش، بە (نیویۆرک تایمز)ی راگەیاند، دوای کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنەکەی ڤیەننا، ئەگەر ئێران هەست بە هەڕەشە و مەترسی بکات، ئەوە دەتوانێ زۆر خێراتر لەوەی پێشتر گومان دەکرا، دەستی بە مووشەکی دووربڕ رابگات.

# ـۆ پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بەرەو کوێ دەبات؟

**رووداو - هەولێر**

رۆژی هەینی رابردوو وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی ئەو وڵاتانەدا کۆبووەوە کە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێراندا ماون، بێ ئەوەی دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لە ژووری کۆبوونەوەکەدا بن. ئێران داوای لە پێنج وڵاتەکەی دیکەی نێو رێککەوتنەکە کردووە لە ماوەیەکی کورتدا پلان و نەخشەڕێی خۆیان بۆ راگرتنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بخەنەڕوو، ئەوروپییەکانیش داوای کات دەکەن.

عەبباس عێراقچی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، دوای کۆبوونەوەکە رایگەیاند: "جارێ دانوستاندن دەکەین، با بزانین ئەوان (واتە پێنج وڵاتەکەی دیکەی ناو رێککەوتنەکە) دەتوانن پاکێجێکمان بۆ بخەنەڕوو کە تێیدا قازانجە ئابوورییەکانی ئێران گەرەنتی کرابێ" هەنگاوی دواتریشیان بریتی دەبێ لەوەی "گەرەنتیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پاکێجەکە بدۆزنەوە".

کۆبوونەوەکەی رۆژی هەینی یەکەم کۆبوونەوە بوو کە دوای بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بەڕێوەبچێ. رێککەوتنەکەی 2015 جگە لە ئەمریکا و ئێران، واژۆی رووسیا، چین، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیاشی لەسەرە، هەمووشیان کۆکن لەسەر ئەوەی رێوشوێنێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی دەرچوونی ئەمریکا لە رێککەوتنەکە بدۆزنەوە. بەڵام لێدوانی دیپلۆماتە ئێرانی و ئەوروپییەکان ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەوروپییەکان داوای کات لە ئێران دەکەن.

پێش کۆبوونەوەکە، بەرپرسێکی ئێرانی بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی راگەیاند: "چاوەڕێ دەکەین تاوەکو کۆتایی ئایار پاکێجەکەمان رادەست بکرێ". جەختی لەوەش کردەوە کە وڵاتەکەی چەند هەفتەیەکی دیکە بڕیاری خۆی لەبارەی مانەوە یان دەرچوون لە رێککەوتنەکە دەدات.

تاران هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەوروپییەکان نەتوانن قازانجەکانی ئێران لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بپارێزن، ئەوە ئێران لە پەیماننامەی رێگری لە تەشەنەکردنی چەکی ئەتۆم (NPT)یش دەکشێتەوە و دەست بە پرۆگرامی ئەتۆمیی خۆی دەکاتەوە. بەپێی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015، ئێران پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ ئاستێکی یەکجار نزم دادەبەزێنێ، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سزا ئەتۆمییەکان لەسەر تاران هەڵدەگرێ.

بەرپرسێکی باڵای ئێران کە داوای کردووە ناوی ئاشکرا نەکرێ، بە (واشنتن پۆست)ی راگەیاند: "ئێمە تاوەکو ئێستا بڕیاری خۆمان نەداوە لە رێککەوتنەکەدا بمێنینەوە یان نا"، جەختی لەوەش کردەوە موحافزکارەکان هەر لە سەرەتاوە دژی رێککەوتنەکەی ڤیەننا بوون و ئێستاش بیانووی نوێیان دەستکەوتووە.

کاربەدەستە ئێرانییەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەگەر وڵاتەکەی لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە، ئەوە یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە بگەڕێنەوە پێش دۆخی 2015، واتە ئێران دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئاستێکی بەرزدا بکات. ئەگەرێکی دیکەش ئەوەیە "ئێران لە (NPT) بکشێتەوە، یان هەر هیچ نەبێ پێداچوونەوەیەک بە روانگەی ئەتۆمی خۆماندا بکەین".

لە کۆبوونەوەکەی هەینیدا باس لە کۆمەڵێک رێوشوێنی یاسایی کراوە بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی دەرەکی لە ئێران و هەناردەکردنی نەوتی ئێران بەردەوام بێت. یەکێک لەو رێوشوێنانەی بیری لێکراوەتەوە، ئەوەیە رێگە نەدەن کۆمپانیا ئەوروپییەکان بەگوێرەی داواکاری و مەرجەکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ ئێران بکەن. ئەوروپییەکان دەیانەوێ رێگە و کاناڵی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بانکی ناوەندیی ئێراندا بدۆزنەوە.

> ## لە چەند هەفتەی داهاتوودا بڕیار لە مانەوە یان دەرچوون لە رێککەوتنی ئەتۆمی دەدەین
>
> بەرپرسانی ئێرانی

لە سەرەتای ئەمساڵەوە، کاربەدەستانی ئەوروپی هەوڵێکی زۆریان دا ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بهێڵنەوە کە بە پلانی کاری سەرتاپاگیری هاوبەش (JCPOA) ناسراوە. پلانی دووەمی ئەوروپییەکان ئەوە بوو ئەمریکا رازی بکەن کە ئەگەر لە رێککەوتنەکەش کشایەوە، بوارێک بۆ مانەوەی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی لە رێککەوتنەکەدا بهێڵێتەوە.

رۆژی چوارشەممەی رابردوو عەلی خامنەیی، رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، رایگەیاند ئەگەر وڵاتەکەی گەرەنتی ئەوە وەرنەگرێ کە دەتوانێ نەوت بفرۆشێ، ئەوە دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم دەکەنەوە.

دیپلۆماتێکی باڵای ئەوروپی لەمبارەیەوە بە (رۆیتەرز)ی راگەیاند "زۆر بە روونی باسی ئەوەمان کردووە کە ئێمە ناتوانین گەرەنتی بدەین، بەڵام دەتوانین هەلومەرجێک برەخسێنین کە بەرژەوەندییەکانی ئێران لە چوارچێوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا پارێزراو بێ و بەرژەوەندییەکانی خۆیشمان بپارێزین و بەشێوەیەکی مەشرووع کاری بازرگانی لەگەڵ ئێران بکەین".

لێدوانی بەرپرسانی ئێرانی لەدوای کۆبوونەوەکەی هەینی دەریدەخات کە تارانیش دڵنیا نییە لەوەی ئەوروپییەکان بتوانن رێککەوتنەکە بە هەموو خاڵەکانیەوە بپارێزن. بۆیەش دیپلۆماتێکی ئێرانی دەڵێ: "هەموو کات باسی ئەوەمان (لەلایەن ئەوروپییەکانەوە) بۆ کراوە کە پلانی B هەیە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا هیچ پلانێکی لەوجۆرەمان بەرچاو نەکەوتووە".

دوو لەو هۆکارانەی وایان کرد ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە بەرنامەی سیستەمی مووشەکیی ئێران و چالاکییەکانی بوو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ئیدارەی کۆشکی سپی دەڵێت رێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەیتوانیوە ئێران لە بەرنامە مووشەکییەکەی سارد بکاتەوە یان فراوانخوازییەکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کۆنترۆڵ بکا. ئەوروپییەکان لە هەوڵەکانی ئێستای خۆیاندا بەنیازن ئەو دوو خاڵە وەکو خاڵی گوشار لەسەر ئێران بەکاربهێنن.

بەڵام بەرپرسانی ئێرانی دەڵێن رێگە نادەن دانوستاندنی ئەتۆمی لەگەڵ بەرنامەی مووشەکی و سیاسەتی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرێ بدرێ.

سەرەتای مانگی ئایار، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، رایگەیاند وڵاتەکەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا دەکشێتەوە و چیدی پابەند نابێ بەو خاڵانەی لە رێککەوتنەکەدا هاتوون، بۆیەش جارێکی دیکە سزای ئەتۆمی بەسەر ئێراندا دەسەپێنێ. هەفتەی رابردوو مایک پۆمپیۆ هەڕەشەی ئەوەی کرد کە "قورسترین سزا لە مێژوودا" بەسەر ئێراندا دەسەپێنن. دیپلۆماتێکی ئەوروپیش پاش لێدوانەکەی پۆمپیۆ گوتی: "ئێمە هەوڵی خۆمان بۆ راگرتنی رێککەوتنەکە دەدەین، بەڵام لە خەیاڵاتیشدا نازین".

# ـۆدەبێتەوە؟




ترەمپ چاوی لەوە بوو بەهۆی ئەو کۆبوونەوەیە، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەربگرێ

زانیارییەکان دزە بکەنە دەرەوە.

دیپلۆماتکار و بەرپرسانی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکە هاوکات لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئاگاداری بڕیارەکەی ترەمپ بوون. بڕیارەکە و شێوازی ئاگاداربوونەوەیان لێی، کۆریای باشووری زیاتر لە هەموو لایەنێک تووشی پەشۆکان کرد، چونکە سەرۆکی وڵاتەکەیان دوو رۆژ پێش راگەیاندنی ئەو بڕیارە لە کۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا کۆببووەوە و باسی هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکە نەکرابوو.

لێدوانی کۆشکی سەرۆکایەتی کۆریای باشوور بەڕوون و ئاشکرا پەشۆکانی پێوە دیار بوو. کیم ئو کیۆم، گوتەبێژی سەرۆکایەتی کۆریای باشوور، لە لێدوانێکدا رایگەیاند "ئێمە تاوەکو ئێستاش هەوڵ دەدەین بە وردی تێبگەین سەرۆک ترەمپ مەبەستی (لەو نامەیەی بۆ کیم جونگ ئونی ناردووە) چییە".

لە دوو هەفتەی رابردوودا ئاوازی لێدوان و جۆری هەڵسوکەوتی ئەمریکییەکان و کۆرییەکان گۆڕانی بەسەردا هات. ئەمریکییەکان لایەنی کۆری بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بەدەم هەوڵەکانی ئامادەکاری کۆبوونەوەکەی سینگاپوورەوە نەهاتوون. هەفتەی رابردوو مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، رایگەیاند کە پیۆنگ یانگ وەڵامی داواکاری و پرسیارەکانی واشنتن نادەنەوە و زۆر هەوڵی ئێمە بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵیان شکستی هێناوە.

پێشتر لیندسی گراهام، سیناتۆری کۆماری، ترەمپی ئاگادار کردبووەوە لەوەی کە "دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەی کۆرییەکان وەهات لێبکەن تاقەتت نەمێنێ، سەرت لێ بشێوێ، کۆبوونەوەکانی ئامادەکاری دوابخەن، رەنگە ئێستا بەڵێنێکت پێبدەن و دواتر لێی پاشگەز ببنەوە". بۆ ئەوەی ترەمپیش هاوشێوەی سێ سەرۆکەکەی پێش خۆی گرێکوێرەی قەیرانی نیمچەدوورگەی کۆریای پێ نەکرێتەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کورد لەسەر رێگای هەستانەوە

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە کوردستان روو لە شکان بوو، چاوەڕوانی ئەوەش دەکرا دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شکستەکانی کورد زیاتر ببن. هیچ کەس وێنای عێراقی بەو جۆرە نەدەبینی کە پرۆسەی سیاسی بە ئاقارێکدا بڕوات کورد ببێتەوە بە یەکێک لە کاراکتەرە سەرەکییەکان لە بەغدا و بگرە رۆڵی یەکلاکەرەوە لە دیاریکردنی ئاراستەی حوکمڕانی ئایندەی عێراقدا بگێڕێت.

هۆکاری سەرەکیی گۆڕانی ئەم هاوکێشەیە لە هەڵدێرەوە بەرەو هەستانەوە، کورد خۆی نەبوو، تەنانەت هاوکێشە ناوخۆییەکانی عێراقیش نین، ئەوەی هاوکێشەکانی بەو جۆرە گۆڕی، کشانەوەی ئەمریکا بوو لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران. ئەوەشی بایەخی کورد لە عێراقدا زیاتر دەکات ئەو ستراتیژە نوێیەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران. چونکە بۆ لەمەودوای ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، عێراق گۆڕەپانێکی گرنگ دەبێت بۆ هەردوو لا، کوردیش لەم قۆناغەدا پێگە و بایەخێکی زۆر لە قەبارەی خۆی زیاتر وەردەگرێت تا ئەوکاتەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەلایەکدا دەکەوێت. کورد دەرفەتی ئەوەی دەبێت لە بەغدا لەلایەک بەشێک لە کێشە ستراتیژییەکانی چارەسەر بکات و لەلایەکی تریشەوە یارمەتیدەر بێت لە دوورخستنەوەی ئەو عەقڵیەتە لە حوکمڕانی کە مایەی مەینەتیی کورد و گەلانی عێراق بووە لە رابردوودا.

گرنگە کورد خوێندنەوەی وردی بۆ پێشهاتە تازەکان هەبێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە خۆی ئامادە بکات بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پێشهاتانەی دێنە رێی لە داهاتووی عێراق و ناوچەکەدا. هیچ گومانێکیش لەوەدا نییە ئەوەی یارمەتیدەری دەبێت لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی هەر بارودۆخ و دەرکەوتەیەکی تازە، ئەوەیە کە چیتر وەک رابردوو کورد بە دۆخی ناوخۆی خۆیەوە سەرقاڵ نەبێت، ئەوەشی زامنی سەرکەوتنی دەکات لە ململانێ و هاوکێشە تازەکاندا، پێکەوەیی کورد و یەکهەڵوێستیی هێز و لایەنە سیاسییەکانیەتی.

دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەهۆی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و لێکەوتەکانیەوە، لە کوردستان هاوکێشەیەکی نوێی هێناوەتە ئاراوە، پارتی و یەکێتی خستەوە بەرەیەک و هێزە سیاسییەکانی تریش کەوتوونەتە بەرەیەکی تر کە ئەوەش هەر پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بوو، چونکە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە پارتی و یەکێتی تا ئەندازەیەکی زۆر متمانە لەنێوانیان نەمابوو، ئەگەرەکانی قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانیان بەرەو مەترسی هەڵدەکشا.

پارتی دەیگوت ئامادە نییە جارێکی تر مامەڵە لەگەڵ ئەو گرووپەی ناو یەکێتی بکات کە پێیوابوو لە پشتی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوەن. زەمینەی ناوخۆیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بەو ئاراستەیە دەڕۆیشت کە ئەو گرووپە کۆنترۆڵی جومگەکانی دەسەڵاتی یەکێتی و لە کۆنگرەی یەکێتیشدا کۆنترۆڵی حیزبەکە بکەن، بۆیە چاوەڕواننەکراو بوو کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەو جۆرە دابەشکاری لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دروست بکات و یارمەتیدەر بێت لەوەی کە زەمینەی رێککەوتنێکی سیاسی لە نێوان یەکێتی و پارتی بێنێتە ئاراوە، ئەوەندەی چاوەڕوان دەکرا هاوکێشەکان بەجۆرێک بن کە مەترسی لێکترازانی زیاتر لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بکات و پەرتەوازەیی زۆرتر بخاتە ناو ماڵی کوردستانەوە.

هەلومەرجی کوردستان چ لە رابردوو، چ بۆ ئێستا و بۆ داهاتووش بە جۆرێکە، ئاسایش و ئۆقرەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەستراوە بە دووری و نزیکیی پارتی و یەکێتییەوە لە یەکتری. راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەو دوو هێزە و تێکچوونی هاوسەنگیی نێوانیان، راستەوخۆ کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان رەنگی داوەتەوە، ئەزموونی رابردوو لە زۆر قۆناغدا ئەوەی بە هەردوو ئاراستەکەدا بۆ سەلماندووین. بەهۆی ئەوەی هەردوولا خاوەن هێزی چەکدار و جوگرافیای تایبەت بەخۆیانن، ناکۆکییەکانیان مەترسیەکەی بەجۆرێکە هەڕەشە دەخاتە سەر یەکپارچەیی خاک و خەڵکی کوردستان. بۆیە گرنگە پارتی و یەکێتی نەکەونە بەرەی دژ بە یەکترییەوە.

ئەم هەڵبژاردنە سەرباری ناتەواوییەکانی تری و بەشێک لەو مەترسیانەی لەناو ماڵی کورد دروستی کردووە لە دابەشبوون و بێ متمانەیی هێزە سیاسییەکان بەیەکتری و بێ متمانەیی خەڵک بە هەڵبژاردن، ئەو خزمەتەشی بە کوردستان کرد کە پارتی و یەکێتی لێک نزیک خستووەتەوە (ئەگەر لەسەر ئیمتیاز و پۆست و پشکەکانی کورد لە بەغدا تێکنەچن). هەرچەندە درزی گەورەشی خستووەتە نێوان هێزەکانی دیکە لە بەرەیەک و پارتی و یەکێتیش لە بەرەیەکی دیکەوە. بەڵام مەترسی لێکترازانی ئەم دوو هێزە و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانیان زۆر زیاترە لە زیانەکانی دروستبوونی بەرەی پارتی و یەکێتی پێکەوە لە بەرانبەر هێزە سیاسییەکانی دیکە.

لانیکەم بەم دابەشکارییە مەترسی سەرهەڵدانی شەڕی براکوژی و دابەشبوونی کوردستان نەماوە. گەرچی لێکنزیکبوونەوەی یەکێتی و پارتیش بۆ کوردستان بێ زیان نییە، وەک چۆن لێکترازانیان مەترسییە، لە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراویشدا پێکەوەییان جۆرێک لە مەترسیی دوورمەودا دروست دەکات، بۆ نموونە دەرفەتی بەشداریی سیاسی بۆ هێزەکانی دیکە ناهێڵێتەوە و مەودای ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان بەرتەسک دەکاتەوە.

دروستبوونی کەشێکی سیاسی لەو جۆرەش کە جگە لە یەکێتی و پارتی، هێزی دیکە بەشداریی سیاسی نەبێت، هەروەها پاشکشەکردن لە دیموکراسی و بەرتەسککردنەوەی ئازادی، جگە لە زیان و مەترسییە دیار و بەرجەستەکانی، مەترسی هەرە گەورەی ئەوەیە کوردستان لەو دۆخە چەقبەستووەدا دەهێڵێتەوە کە زیاتر لە پەنجا ساڵە لەناو یەک بازنەدا دەخولێتەوە، هەروەها ئەو مەترسییەش وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام دەمێنێتەوە کە هەرکات ئەم دوو هێزە بەرژەوەندییەکانیان بەریەک کەوت، ئەگەری بەریەککەوتنی چەکداری ئامادەیە. تا هاوکێشەکەش بەم جۆرە بمێنێتەوە، بۆ تەمەنی هەر نەوەیەک لە داهاتووشدا هەمیشە رووداوەکانی وەک 31ی ئاب و 16ی ئۆکتۆبەر ئەگەری چەندبارەبوونەوەیان هەیە.

کەواتا بۆ ئەوەی کوردستان لەو مەترسیانەی داهاتووش بپارێزین و بۆ ئێستاش قۆناغەکە بەرەو قۆناغی دڵنیایی تێپەڕێنین، پێویستمان بە پرۆسەیەکی پێکەوەییە. ئەمەش چەند بە پارتی و یەکێتی دەکرێت، زیاتر لەوەش هێزە سیاسییە پەراوێزخراوەکانی تر دەتوانن ئەو هاوکێشەیە بگۆڕن، رێگە نەدەن کەشی سیاسی کوردستان بەو جۆرە دابەش بێت کە یەکێتی و پارتی ناکۆک و لێکترازاو بن ببێتە مەترسی و ئەگەر پێکیشەوە بوون بەجۆرێکی تر هەر ببێتە هەڕەشە بۆ کوردستان.

هێزەکانی دیکە دەتوانن پێکەوە ببنە ئاراستەی سێیەم و هاوسەنگی لە کوردستان بە جۆرێک رابگرن کە ناکۆکی و پێکەوەیی پارتی و یەکێتی بەتەنها نەبێتە بنەما و وێنای رەوشی سیاسی کوردستان. بەوەش جۆرێک لە دڵنیایی بۆ دۆخێکی سیاسی سەقامگیرتر دروست دەکەن بۆ ئایندە کە نەوەکانی داهاتوو هاوشێوەی ئەم نەوەیەی ئێستا و رابردوو، نەبنە سووتەمەنی دوو ئاراستەی جەلالی و مەلایی.



عەبدوڵڵا رێشاوی

# عێراق تەقەی تێدەکەوێت؟

سەیر نییە ئەگەر ئەمجارە شەڕی براکان لە عێراقەوە، نەک لە هەرێمی کوردستانەوە، رووبدات. هەرچەندە ئەمە نوقڵانەیەکی خراپە، بەڵام زۆر ئاماژە هەن کە وای دەردەخەن عێراق بەرەو شەڕێکی ناوخۆ یان لانیکەم نائارامییەکی سیاسی مل دەنێت. ئەوەش لە ناوماڵی شیعەکاندا، واتە لە لووتکەی حوکمڕانیی عێراقدا.

ئەو هێزە سیاسییانەی لە عێراقدا دەستڕۆیشتوون، زۆربەی زۆریان خاوەنی میلیشیای چەکدارن، لەگەڵ ئەوەی لەچەند ساڵی رابردوودا بە توندی ململانێی یەکتریان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا بە ئەزموونی شەڕی ناوخۆدا تێنەپەڕیون و خۆیان پاراستووە، کە زۆربەی کات تێپەڕین بە تونێلە تاریکەکانی شەڕی ناوخۆدا ئاکامێکی حەتمییە، هەتا هێزەکان لەسەر شتێک رێکدەکەون.

ئەم هێزانە جگە لە شەڕێکی بەدزی و بێدەنگ لەگەڵ یەکتر، لە رێگەی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان و بەکارهێنانی تیرۆریست و هەروەها شەڕی سیاسی، ئەزموونی رووبەڕووبوونەوەی راستەقینە و راستەوخۆی خوێناوییان لەگەڵ یەکتر نەبووە.

ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک کە بەشێکی کارامەیی خۆیانە و بەشێکی تری بۆ رۆڵی مەرجەعیەتی باڵا و بەشێکیشی بۆ باڵانسی هێز لەنێوان ئەمریکا و ئێران لە عێراق، دەگەڕێتەوە.

ئەمە جگە لە هەڕەشەی راستەقینەی دەرەکی وەک تەوتەمی گەڕانەوەی سوننە و پەیدابوونەوەی داعش. هەموو ئەمانە و هەروەها راگرتنی باڵانس لەلایەن کوردەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی مام جەلالدا، وای کردبوو شەڕێکی راستەوخۆ لەناو ماڵی شیعەدا بەو هەموو ململانێ و میلیشیایەوە روونەدات.

بەڵام ئێستا جگە لە تێکچوون و نەمانی بەشێکی زۆر لەم کۆڵەکانەی بەریەککەوتنی هێزەکانی لە عێراقدا راگرتبوو، ئێستا و پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گومانـاوی کە باڵانسی هێزی لە بەغدا گۆڕیوە، ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە رێککەوتنی هێزەکان کارێکی ئاسان نەبێت.

وا دیارە کە خراپترین هەڵبژاردن لە مێژووی عێراقدا ئەنجامدراوە، ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ ئەوەی قسەی زۆری لەسەرە و هەوڵی رەتکردنەوەشی دەدرێت، خەریکە دەبێتە تاکە زامنی راگرتنی بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراقیش. واتە بە رەتکردنەوەی بۆی هەیە عێراق بکەوێتە ناو ئاشی کێشە و ململانێی ناوخۆیی.

زۆرێک لە سیاسییەکانی عێراق وەک هۆشیار زێباری و سەرکردەی دەستڕۆیشتووی وەک مالیکی و زۆری دیکە لە چاودێرانی رەوشی عێراق، ئەوەیان درکاندووە کە هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە، عێراق بەرەو ناـئارامیی سیاسی دەبات.

واتە رەتکردنەوەی ئاکامی دوایین هەڵبژاردن بە ئاسانی عێراق ناخاتەوە بەردەم هەڵبژاردنێکی نوێ، بەڵکو ئەگەرێکی زۆر هەیە رایکێشێتە ناو کێشەگەلێکی سیاسی نوێ و پێکداکێشانی هێزەکان.

هێزێکی وەک رەوتی سەدر کە هەڵبژاردن زۆر بەبەهێزی هێناویتیە پێشەوە، پێشینەی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی وەک حیزبی دەعوە و فەتح و هادی عامری و نووری مالیکی باش نییە.

موقتەدا ئەو پیاوەیە کە جگە لەوەی هەمیشە هەڕەشە دەکات، بە پراکتیکی نیمچە کودەتایەکی مەدەنی لە عێراقدا زۆر بەئاسانی لەرێگەی مورید و پێگە جەماوەرییەکەیەوە سەرخستووە، کاتێک خۆپیشاندانە ملیۆنیەکەی بەغدای بردە ناو حەرەمی پارلەمان و پۆرتی ئەو پارلەمانەی شکاند کە نوێنەرایەتی هەموو هێزەکانی تێدا بوو.

موقتەدا ئێستاش زۆر بەئاسانی دەتوانێت ئەمە دووبارە بکاتەوە، ئەگەر لەو پشکە گەورەیەی لە هەڵبژاردنەکە بەری کەوتووە بێبەشی بکەن.

گەرمبوونی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێرانیش دەشێت یەکێکی دیکە بێت لە هۆکارەکانی دروستبوونی کێشە لەناو عێراقدا، بەوپێیەی بەشێک لە هێزە عێراقییە شیعییەکان سەر بە ئەمریکا و بەشێکی دیکەشیان سەر بە ئێرانن.

لەم نێوانەدا گرنگە کورد لە هەر ئەگەرێکی لەم شێوەیە خۆی بپارێزێت و کوردستان بەشێک نەبێت لەم پێکداکێشانە، بەوپێیەی کوردستان ئەزموونی شەڕی ناوخۆی دیوە و باش دەزانێت کە ئەو شەڕە چەند کاولکارە.

لە کوردستان هەرچەندە ململانێی سیاسی و خۆسەپاندنی چەکداری هەبێت، بەڵام گرنگە پێکداکێشان و شەڕ لە میللەتەکەمان بەدوور بێت و شەقامەکان نەبنە شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێی سیاسی.

بەرپرسیارێتی ئەمەش بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی پارتی و یەکێتیە وەک دوو هێزی خاوەن چەک و هەروەها مانەوەی هێزە سەرەکییەکانی دیکەی وەک بزووتنەوەی گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی ناچەکدار و بەلاوەنانی کەڵکەڵەی هێزی چەکدار لەناو سەری بەشێک لە هەڵسوڕاوانی ئەو بزووتنەوە سیاسییەدا.



ئازاد وەڵەدبەگی*

# شۆڕشی بێدەنگی دەنگە نووستووەکان

ئەگەر سەرنجێکی خێرای رێژەی بەشداریکردنی خەڵک بدەین لە هەر چوار خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراقدا، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم رێژەیە، خول لە دوای خول دابەزیوە، بۆ نموونە رێژەی بەشداری لە خولی یەکەمدا لە ساڵی 2005 گەیشتە 79.6% و لە خولی دووەمدا لە 2010 هات بۆ 62.4% و ئەم رێژەیە لە ساڵی 2014 بوو بە 60% و لە ساڵی 2018 گەیشتە 44.52%، واتە 55.48%ی خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنیان نەکردووە. سروشتییە کە ئەم دابەزینە لە ناخی خۆیدا هەڵگری پەیامێکە بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق و کوردستانی باشوور وەک بەشێکی لکاو بە عێراقەوە کە ناکرێ هەروا سەرپێیی بەسەریدا تێپەڕ ببین. هەروا رێژەی دەنگی حیزبەکانی باشووری کوردستان کە لە هەردوو خولی سێیەم و چوارەم بەشداریی ئەم هەڵبژاردنەیان کردووە، کەمبوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لە کاتێکدا بە شێوەیەکی سروشتی ژمارەی دەنگدەران لە چاو ساڵی 2014 چوار ملیۆن کەس زیادی کردووە.

هەرچەندە لە رووی یاساییەوە، یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (45) ساڵی 2013 هیچ رێژەیەکی دانەناوە بۆ ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام لە رووی لۆژیکییەوە، رێژەی بەرزی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا، دەتوانێ ئاماژەیەک بێت بۆ رەوایی دەسەڵات و بە پێچەوانەوە بایکۆت یا بەشداریی نەکردنیان دەتوانێ رەوایی دەسەڵاتی سیاسی لاواز بکات و بیخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. بەشداریی سیاسی بریتییە لەو چالاکییەی کە هاووڵاتیان بەشێوەی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئەنجامی دەدەن، بۆ کاریگەر بوونیان لەسەر دیاریکردنی نوێنەرانیان لە دەسەڵاتی یاسادانان و لە رێگەی ئەویشەوە بۆ دانانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت). هەروا ئامانج لە بەشداریی سیاسی، دانانی کاریگەرییە لەسەر سیاسەت و بەرنامەڕێژیی وڵات، ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتی سیاسی، گوشار خستنە سەر دەسەڵاتداران و وەڵامگۆکردنی حکومەت لە هەمبەر خەڵکدا. هەتا ئێستاش هەڵبژاردن پێوەرێکی سەرەکییە بۆ دەستنیشانکردنی رێژەی بەشداری سیاسیی خەڵک لە کۆمەڵگەدا. هەڵبژاردن ساناترین و گشتیترین و کەمتێچووترین جۆری بەشداریی سیاسییە. ئەم بابەتە یەکێکە لە گرنگترین باسەکانی کۆمەڵناسیی سیاسی کە دەتوانێ ببێتە کەرەستەی دەیان توێژینەوەی بەرفراوانی زانستی.

بەشداریی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە سەرنجدان لە کۆی گشتیی دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی ئەو کۆمەڵگەیە، دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت وەک بەشداری سیاسیی چالاک یا ناچالاک، بەشداری سیاسیی سنووردار یا بەربڵاو، بەشداری سیاسیی سۆزداریانە یا عەقڵانی.

لە سادەترین لێکدانەوەدا، دەتوانین بڵێین کەمبوونەوەی بەرچاوی رێژەی بەشداریی سیاسی، نیشانەی کەلێن و مەودایەکی زۆرە لە نێوان خەڵک و سیستەمی سیاسی، لەنێوان پارتە سیاسییەکان و نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتداردا. ئەم دۆخە لە ئەنجامدا، دەتوانێت گرفتی گەورە لەبەردەم بەڕێوەبردن و سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا دروست بکات و هەروا بە دروستکردنی گرژی و قەیران بەربەستی گەورە لەبەردەم پلانی گەشەکردنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریدا چێ دەکات. واتە بە گوێنەگرتن لە پەیامی دەنگە نووستووە نارازییەکان، ئەم دەنگانە دەتوانن ببنە هەوێنی شۆڕشێکی بەربڵاوی جەماوەری. ئەگەر دەسەڵاتداران و نوخبەی سیاسیی کۆمەڵگە، ئەمڕۆ گوێ لەم دەنگانە نەگرن، لەوانەیە سبەینێ زۆر درەنگ بێت. هەروەک بینیمان شای ئێران لە ساڵی 1979 لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا زۆر درەنگ هاتە سەر خەت و گوتی: "من دەنگی شۆڕشی ئێوەی خەڵکی ئێرانم بیست"، بەڵام ئەم بیستنە ئیتر زۆر درەنگ بوو، لە ئەنجامدا رژێمی پاشایەتی بووە قوربانی ئەو درەنگبیستنەی شا.

بە پێچەوانەوە، ئەگەر رێژەی بەشداریی سیاسی بەرز ببێتەوە، دەتوانێ جۆرێک لە هاوسەنگی و هاوئاهەنگی بۆ کۆمەڵگە بگێڕێتەوە. کاتێک کە خەڵک هەست بکەن لە بڕیاردانە سەرەکییەکانی وڵاتدا بەشدارن و، لەرێگەی ئامرازە یاساییەکانەوە دەتوانن خواستەکانی خۆیان بەدی بهێنن و سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات لەلایەن گرووپێکی تایبەتەوە مۆنۆپۆڵ نەکراوە و هەمووان دەتوانن تێیدا بەشدار بن، ئاستی ململانێ و گرژییەکانی ناو کۆمەڵگە کەمتر دەبێتەوە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە باشتر دەتوانن یەکتر قبووڵ بکەن و پێکەوە ژیانی سیاسی دروست دەبێت، ئەمەش سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگە زیاتر دەکات. جگە لەمەش، دەتوانێ دەرفەتی گەشەکردنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کۆمەڵگە زیاتر بکات.

لە سەنتەری شارە گەورەکانی عێراق و کوردستان، رێژەی بەشداریی سیاسی تەنانەت لەو ئاستە فەرمییە کەمترە کە راگەیەندراوە. بە سەرنجدان لەوەی کە بەپێی تیۆرییەکانی بەشداریی سیاسی، شارنشینی و چینی ناوەندی شارنشین، فاکتەرێکی گرنگی مۆدێرنیزاسیۆن و بەرزبوونەوەی رێژەی بەشداریی سیاسین، بەڵام ئەم پێوەرە لە عێراق و کوردستاندا پێچەوانەکەی راستە. ئەمەش دەتوانێ ئاماژەیەکی ترسناک بێت و نیشانەی نائۆمێدی و بێ متمانەیی چینی ناوەندیی کۆمەڵگە بێت لە سیستەمی سیاسی و پارتەکان و نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار، لە کاتێکدا کە دەزانین چینی ناوەند، داینەمۆ و بڕبڕەی پشتی گەشەکردنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کۆمەڵگەن. دوورەپەرێزیی ئەم چینە لە بەشداریی سیاسی، دەتوانێ ببێتە هەوێنی سەرهەڵدانی نارەزایییەکی بەرفراوانی جەماوەری و گۆڕینی دۆخی ئێستا.

بەشێوەیەکی گشتی، دوو فاکتەری تاکەکەسی و سیاسی-کۆمەڵایەتی دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر رێژەی بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. سەبارەت بە دۆخی عێراق و کوردستان، دەتوانین بڵێین، هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا بریتین لە: ناڕاستگۆیی نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ئاست بەڵێنە گەورە و بریقەدارەکانی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، چارەسەرنەبوونی کێشە و گرفتە ئابوورییەکانی خەڵک و تەشەنەکردنی گەندەڵی، نەبوونی سەقامگیری و ئاسایش، بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری و هەژاری، نەبوونی سەروەریی وڵات و باڵادەستیی هێزە هەرێمییەکان لە پانتایی سیاسی عێراق و کوردستاندا، بێگەردنەبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن و بێ هیوایی خەڵک لە گۆڕانکاری لە رێگەی سندووقەکانی دەنگدان، گوێنەگرتن لە خواستەکانی جەماوەر و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، دروستبوونی کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتداران لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە و هتد. ئەم هۆکارانەش، بوونەتە هۆی پشتهەڵکردنی خەڵک لە بەشداریی سیاسی و دوورەپەرێزییان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. زەنگە مەترسیدارەکە لەلایەن دەنگە نووستووەکانەوە لێدراوە، دەبێ چاوەڕێ بین بزانین ئایا گوێیەک هەیە بۆ بیستن؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# یەکێتی.. دۆڕاوە گەورەکە

1

ئەوەی کە ئێستا وەک سەرکەوتنی یەکێتی و بەتایبەتیش سەرکەوتنی باڵی ماڵبات بەسەر کۆسرەت رەسوڵ، بزووتنەوەی گۆڕان و دکتۆر بەرهەمدا نیشان دەدرێ، شتێک نییە جگە لە سەودای (خاک بەرامبەر بە هاک) و تەنیا لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە و هیچ لە هاوکێشەی سیاسی ناگۆڕێت. چونکە بەو تەزویراتە ئایندەی یەکێتی هێندەی دیکە تاریکتر و بارگاویتر بوو.

نەک خەڵکی کوردستان، بگرە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش باوەڕ بەوە ناکەن کە چۆن ئەو ئەنجامەیان بۆ دیاریکراوە، چونکە سەفقەکە چەند رۆژێک پێش هەڵبژاردن کراوە و ئەنجامەکان پێشوەختە دیاربوون.

پارتی لەوە دڵنیایە کە ئەوە نە حەجمی راستەقینەی یەکێتییە و نە هی حیزبە نارازییەکانیش، بۆیە ئەستەمە وەکو جاران رێشمەی سەودای پلەو پۆست بۆ یەکێتی شل بکات، بەپێچەوانەوە ئومێدێکی زۆری بە مامەڵەیەکی دروستە لەگەڵ چوار حیزبەکە (گۆڕان، هاوپەیمانی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) و دەیەوێ لێیان نزیک بێتەوە. ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەوان بە ژمارەی کورسی لە یەکێتی کەمترن، بەڵام حەجمی راستەقینەی ئەو حیزبانە لە هەڵبژاردنی کوردستاندا بەدیار دەکەوێ، لەوێ ئەمجارە کەس فریای ماڵباتی تاڵەبانی ناکەوێ. ئەو حیزبانە دەتوانن لە چوارچێوەی رێککەوتنێکدا بۆ داهاتووی کوردستان، بەهاوکاریی پارتی، ماڵی تاڵەبانی و زێدەڕۆییەکانیان لەقاڵب بدەن. ئەوەش لەکاتێکدایە کە دوور نییە بەلاداخستنی ئایندەی حوکمی یەکێتی بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد، وا بکات کە بەشێکی دیکەش (بەشێکی کاریگەر) لە یەکێتی جیا ببێتەوە و بچێتە پاڵ ئەو بەرە نوێیەی کە ئەمجارە پارتی دەبێتە هەوێنی و، نەخشەی حوکمڕانیی کوردستان دادەڕێژێتەوە. لەو حاڵەتەدا ئەوەی بۆ ماڵی تاڵەبانی وەک ناوچەی نفوز دەمێنێتەوە، تا سەر شەستییەکەی سلێمانی بڕ دەکات!

ئەو هەنگاوانە هەموویان پێویستیان بەوە هەیە کە چوار حیزبەکە و بەشە کاریگەرەکەی یەکێتی پێشتر لەناو خۆیاندا لەسەر هەندێک بنەمای هاوبەش بۆ دانوستاندن لەگەڵ پارتی رێکبکەون و، واز لە قافیەی تەزویری پارتی بێنن، چونکە دەبێ لەوە دڵنیابن کە پارتی لە گۆشەنیگای ئەو ئەنجامانەی ئێستاوە مامەڵە لەگەڵ یەکێتیدا ناکات و هەموو هەنگاوەکانی بۆ داهاتووی کوردستانە و، ئەو حیزبانە دەتوانن ببن بە گەورەترین بەربەست لەبەردەم دوو ئیدارەیی و بەرزەفتکردنی ماڵباتی تاڵەبانی.

## کاک کۆسرەتیشیان هەڵخەڵەتاند

2

ئەڵبەتە چاوەڕوانیی هەموو لایەک لە کۆسرەت رەسوڵ ئەوە بوو کە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پەیامی سەرکەوتندا، ئاماژەیەکی جددی بە رەواندنەوەی گومان و ناڕەزایەتیی چوار حیزبەکە بدات، بەڵام رەنگبێ وەک چۆن ئەوەی پارتی تەفسیر و تەئویلی بۆ دەکرێ، هی ئەویش وەکو پشتیوانی لە دکتۆر بەرهەم تەفسیر کرابایە، هەر لە پێش هەڵبژاردنیشەوە بەوە تۆمەتبار بوو کە بەرامبەر پارتی و دکتۆر بەرهەم نەرمە و تەنانەت ئیش بۆ سەرخستنی لیستەکەی دکتۆر بەرهەم دەکات.

پلانی کۆسرەت رەسوڵ بۆ داهاتووی یەکێتی ئەوە بوو کە هاوپەیمانییەکەی دکتۆر بەرهەم تاقی بکاتەوە و، ئینجا لە کۆنگرەی یەکێتی خۆی وەکو رابەری رۆحی بکشێتەوە و، دکتۆر بەرهەمیش بکرێتە سکرتێری گشتی. بەڵام باڵی ماڵباتی یەکێتی کە لە نزیکیی دکتۆر بەرهەم و کۆسرەت رەسوڵ زیرەیان کردبوو، لەسەرەتادا هەوڵیان دا، کۆسرەت رەسوڵ وەکو خاوەنی یەکێتی و بڕیاربەدەستی کۆتایی وێنا بکەن و، هیچ ناڕەزایەتییەکیان بەرامبەر بەو دەسەڵاتە رەهایانە دەرنەبڕی کە لە دوای دیاریکردنەوەی مەکتەبی سیاسی لە هەشت خاڵدا بە کۆسرەت رەسوڵ بەخشران. بەڵام ئەوەی راستییە ئەوەیە کە یەک تاقە کاندیدی کۆسرەت رەسوڵ تەنانەت لە هەولێریش دەرنەچوێندراوە و ئەوەش واتای ئەوەیە لە حاڵەتی بەستنی کۆنگرەشدا، زۆر بە ئاسانی زۆرینەی رەهای ئەندامانی کۆنگرە بۆ خۆیان دەبەن.

ماڵباتی تاڵەبانی وایان لە ئێرانییەکان گەیاندبوو، کۆسرەت رەسوڵ دەیەوێ ئایندەی ناوچەکە بداتە دەست دکتۆر بەرهەم کە گوایە لەلایەن ئەمریکاوە ئاراستە دەکرێ و، دەبێ رێگری لێ بکرێت. رۆڵی کۆسرەت رەسوڵیش لە سەرخستنی ریفراندۆم، لای ئێرانییەکان روون و ئاشکرا بوو، بۆیەش ئێران بەجیدی هاتە سەرخەت و ئەوەی لێکەوتەوە کە ئێستا هەیە. ئەوان باش دەیانزانی کە هەم بارزانی و هەم کۆسرەت رەسوڵ قەت واز لە فکری گرتنەوەی کەرکووک بە هێزی سەربازی ناهێنن، بۆیە شەش کەسیان بۆ لەکەرکووک وەک پەرلەمانتار دانان تا نەڵێن کەرکووک تەعریب کراوە و کوردی تێدا نەماوە! بەقودرەتی قادر هەموو عەرەبی حەویجەش بوونە دەنگدەری یەکێتی! بۆیە دوور نییە کۆسرەت رەسوڵ ئەمجارەیان شەڕەکە بباتە ناو ماڵباتی تاڵەبانی و کەمێک لە دوورەوە سەیریان بکات.

## مانگا مرد و دۆ بڕا

3

پەلەقاژەی بەرەبابی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لە بەغدا کە 12 ساڵە لێی دەخۆن، هیچ پەیوەندی بە مافەکانی کوردەوە نییە. دامەزراوەی سەرۆکایەتیی کۆمار بودجەکەی (کە لە نەفەقاتی سیادییە و بەشێکی لە قووتی خەڵکی کوردستان دەبڕدرێت) بە قسەی نووسەرێکی ئەمریکی بێت، مانگانە نزیکەی 43 ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە، سەرۆککۆماری ئێستا لەو بودجەیە، مانگانە پەنجا هەزار دۆلار وەکو وەکیلی ماڵی تاڵەبانی وەردەگرێت و ئەوەی دیکە دەچێتە باخەڵی ماڵی تاڵەبانی. دیارە ئەوانیش هەزاران حەرەس و حیمایەی تایبەتیان پێ دامەزراندووە و لە سلێمانی ئەو ملهوڕییەی پێ دەکەن. ئەگەر بەراوردێکی خێرا بکەین، دەبینین لەو رۆژانەی کە سەرکردەکانی یەکێتی و هەندێک نازپەروەردەکانی ماڵبات، شین و شەپۆڕیان بۆ مووچەی فەرمانبەران دەکرد، ئەوان لەو چوار ساڵەی رابردوودا، نزیکەی دوو ملیار دۆلاریان لەو دامەزراوەیە دەستکەوتووە جا داهاتی ناوخۆ، نەوتی بەتانکەر و سەفەقاتی دیکەش لەولا بوەستێ. بۆیە جاران دۆی دادە دەڕژا، بەڵام ئەمجارەیان دەبڕێ!



زریان رۆژهەڵاتی

# شۆکی دراو، شۆکی سیاسەت!

ئەمساڵ بۆ لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی ساڵێکی نەهات بوو. نرخیان لەبەرامبەر دۆلار هاڕەی کرد و ئەمەش تەنها پرسێکی ئابووری نییە، بەڵکوو سیاسیشە. چونکە، جگە لەو کاریگەرییانەی کە رەنگە گرانبوونی دۆلار لەسەر ئابووریی ئێران و تورکیا داینێت، شۆکی لیرە و تمەن، ماتەوزەی دروستکردنی شۆکێکی سیاسیشی تێدایە. ئەمەش هەم بە دیوە ئابوورییەکە و هەم بە دیوە سیاسییەکەیدا، پەیوەندییەکی راستەوانەی بە کوردەوە هەیە.

شۆکی دراو لە تورکیا و ئێران، دەتوانێت بایەخێکی ئابووری و سیاسیی بۆ کورد هەبێت. ئەگەر ئەو شۆکە ببێتە قەیرانێکی ئابووری، لەلایەک کاریگەری لەسەر کورد لەو دوو دەوڵەتە دادەنێ و لەلاکەی تریش، بایەخی ئابووریی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنکەرە و تاران زیاتر دەکات. خۆ ئەگەر رێگای بۆ گۆڕانکاریی سیاسیش خۆش کرد، ئەوسا دەبێ هەموو کورد خۆی بۆ قۆناخێکی گرنگ و هەستناک ئامادە بکات!

### شۆکی دراو

دەستەیەک لە دەوڵەتان، بە دەستی ئەنقەست دراوی خۆیان کەمنرخ دەکەن هەتا ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی زیاد و هاوردەی دەرەکیش کەم بکەنەوە. چین دیارترین نموونەی ئەم سیاسەتەیە کە بە کەمکردنی بەهای یوان بەرهەمی ناوخۆیی زیاد کردووە و لە دەرەوەش بە کاڵای هەرزان درێژەی بە رکابەریی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتان داوە. ئەم سیاسەتە دەنگی ئەمریکای دەرهێناوە و دۆناڵد ترەمپ، چین و رووسیای بە "گەمەی دابەزاندنی نرخی دراو" تۆمەتبارکردووە. تەنانەت وەزیری خەزێنەی ئەمریکاش جارێک گوتبووی رەنگە هەرزانبوونی دۆلار بە کەڵکی ئابووریی ئەمریکا بێت. ئەمجۆرە سیاسەتە دراوییە، وەک حیلە شەرعییەکە لە بازرگانی جیهانیدا و دەوڵەتان بەم سیاسەتەی خۆیان، نرخی کاڵاکانی خۆیان لە دەرەوە هەرزان دەکەن، بەڵام پەرژینێکیش بۆ هاتنی کاڵای دەرەکی دادەنێن و بەرهەمی ناوخۆ زیاتر دەکەن.

هەڵبەت دابەزینی نرخی دراو بۆ هەموو دەوڵەتێک خێری نییە و ئەو دەوڵەتانەی کە قەبارەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و ئابوورییەکی بەهێز و فرەڕەهەندیان نییە، لەمەدا زەرەری گەورە دەکەن. گۆڕانی نرخی دراوی هەر وڵاتێک دەتوانێت لە کۆمپانیا و کارگەکانەوە بگرە هەتا موشتەری، کاریگەری لەسەر ئەکتەرەکانی ئابووری ئەو وڵاتە دانێت. "دابەزینی بەهای دراو، کاریگەری لەسەر تێچووی کاڵا و خزمەتگوزارییە هاوردەکان دادەنێ و ئەمەش گرانیی لێدەکەوێتەوە. هەناردەی وڵاتیش تووشی رکابەرییەکی سەخت و دژوارتر لە جاران دەکا و بەشێوەی ناڕاستەوخۆش، بێکاری زیاتر دەکات."

دنیا نموونەی گەلێک دەوڵەتی تێدایە کە بەهۆی بێبەهابوونی دراوەکەیانەوە، تووشی کێشەی گەورەی ناوخۆیی بوون و قەرزاری دەوڵەتانی تر بوون.

کۆتایی ساڵی رابردوو، نرخی لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار لە خوار 3.8 بوو، بەڵام لە ماوەی کەمتر لە پێنج مانگدا ئەو نرخە خۆی لە سنووری 4.8 داوە. نرخی دۆلار لە ئێران لە ماوەی نزیکەی یەک ساڵی رابردوودا لە 3750 تمەنەوە بۆ 4200 تمەنی نرخی دەوڵەتی و نزیکەی 6000 تمەنی نرخی بازاڕ بەرز بووەتەوە. ئەوەی ئێستا لە تورکیا و ئێران روودەدەن، شۆکێکی دراوە کە دەتوانێت رێگا بۆ گرانی و زۆربوونی بێکاری لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا تەرجەمە بێتەوە.

بەرپرسانی ئەنکەرە و تاران پێیانوایە ئەو شۆکە دراوییەی تووشی وڵاتەکانیان بووە، دەستی دەرەکی لەپشتە و داوا لە خەڵک دەکەن پشتیوانیان بن تا رووبەڕووی ئەو شتە ببنەوە کە خۆیان بە "جەنگی دراو" ناوی دەبەن. ئەو نرخانەی ئێستای لیرە و تمەن بە دەستی "دوژمنێکی گریمانەیی" وای لێهاتبێت یان ئەنجامێکی لاوازی ئابووریی خودی ئەو دەوڵەتانە بێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە دەکرێ، دەرئەنجامی سیاسی گرنگی هەبێت.

### شۆکی لیرە دەبێتە شۆکی هەڵبژاردن؟

تورکیا هەڵبژاردنێکی هەستناکی لە پێشە. ئەوە روون نییە کە ئایا گۆڕانکارییەکانی سیستەمی سیاسی لەو وڵاتە لەڕێی ئەم هەڵبژاردنەوە بە تەواوی جێگیر دەبن یان لە ئەگەری بردنەوەی رکابەرێکی ئەردۆغاندا وەک بەزمی جارانیان لێدێتەوە. گەلێک دژوار نییە پێشبینی ئەوە بکەین کە تورکیا پێی ناوەتە قۆناخێکی ناسەقامگیری سیاسی و ئەستەمە هەروا بە ئاسانی لێی قورتار بێت. بۆیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی 24ی حوزەیران گەلێک گرنگە.

لە زۆربەی ئەو راپرسییانەدا کە لەسەر هەڵبژاردنەکەی تورکیا دەکرێن، بایەخی بابەتە ئابوورییەکان لە بابەتە سیاسییەکان زیاترە. رێژەی ئەمەش لە سەرووی 50% وەیە. دەکرێ بێژین، دەنگدەری تورکیا دەڵێت: من لە کاتی دەنگداندا بابەتە ئابوورییەکانی وەک گرانی، بێکاری و...تاد زیاتر لەبەرچاو دەگرم و بە گوێرەی ئەوە دەنگ دەدەم.

بۆیە دابەزینی بەهای لیرە و ئەو شۆکە دراوییەی کە تورکیای تێکەوتووە، دەتوانێت بۆ رەجەب تەیب ئەردۆغان هەواڵێکی ناخۆش بێت کە لە زۆربەی هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، کارنامەی ئابووری خۆی وەک قەڵغانێک لەبەرامبەر رکابەرەکانی بەرز دەکردەوە. دروستبوونی کێشەی ئابووری لە تورکیا، دەرفەتێک بۆ رکابەرەکانی ئاکپارتی و ئەردۆغانیش خۆش دەکات هەتا دەنگێکی زیاتر بە دەستبهێنن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا تورکیا دەتوانێت پەیوەندی لیرە و دۆلار ئارام بکاتەوە؟ ئەگەر ئەوەش روونەدا، ئایا شۆکی لیرە، شۆکێکی هەڵبژاردنیشی بەدواوە دەبێت یان نا؟

### شۆکی تمەن دەبێتە هۆی گۆڕانی سیاسی؟

ئەو شۆکەی کە تمەنی ئێرانی تووشی بووە، وەک مۆتەکەیەکی لێهاتووە لەسەر دەسەڵاتی حەسەن رۆحانی و دوای ئەویش کۆی رژێمی سیاسی لە ئێران! بەشێک لە موحافزکارەکانی ئێران، گەمارۆکانی ئەمریکا و هاڕەی نرخی تمەنیان کردووەتە پاساوێک تا حکوومەتەکەی رۆحانی بکوتن. لەو چوارچێوەیەشدا لە میدیاکانی خۆیانەوە، سەری چەندین سیناریۆی جیاواز دەدێرنەوە:

1 - هەڵبژاردنی پێشوەخت و سەرۆککۆمارێکی سەربازی- سوپایی

2- دەستکاریکردنی دەستوور و لابردنی پۆستی سەرۆککۆماری

بێشک، شەپۆلی ئەو گرانی و بێکارییەی کە ئێستا لە ئێران هەیە، زیاتر چینی ناوەڕاست و دەنگدەرانی رۆحانی دەگرێتەوە و موحافزکارەکانیش دەیانەوێ سواری ئەو شەپۆلە بن. بۆیە دەنگی رۆحانی زیاتر لە جاران کزە و ئەگەر ئەو کێشە ئابوورییانەش بەردەوام بن، ئەگەری گۆڕانکاری لە سیاسەتی ناوخۆی ئێراندا زیاتر دەبێت.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە چەندە گرفتە ئابوورییەکان کێشەیان بۆ رۆحانی دروستکردبێت، ئەوەندەش گرفتی بۆ کۆی رژێمە سیاسییەکە دروستکردووە. ناڕەزایی سیاسی لە ئێران لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا زیاتر گەشەی کردووە. خۆپیشاندانەکانی خەڵک سەرکوتکراوە، بەڵام ریشەی ناڕەزایی سیاسی بەهێزتر بووە و لە ساڵی رابردووشەوە، ناڕەزایی لە دۆخی ئابووری پێی ناوەتە قۆناغێکی تازە. ئەمەش پۆتانسیەلی تەقینەوەی ناڕەزایی و گۆڕانی بۆ خۆپیشاندانی فراوان تێدایە. وەک چۆن، هۆکارێکی سەرەکی شۆڕشی 1979ی گەلانی ئێران قەیرانی ئابووری بوو، دوور نییە قەیرانەکەی ئەمجارەش کاریگەری لەسەر مان و نەمانی سیستەمی سیاسی لە ئێران دابنێ.



د. نەوزاد هێتوتی

# قاسم سلێمانی و مەکگورک و چارەنووسی عێراق

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق لە زۆر رووەوە جیاواز بوو لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لەلایەک دابەشبوونێکی گەورە لە نێوان پێکهاتەکان و تەنانەت لەناو خودی یەک پێکهاتەدا روویداوە. لەلایەکیش هیچ قەوارە و هاوپەیمانییەک نەیتوانیوە هاوشێوەی جاران رێژەیەکی بەرچاوی کورسییەکان بباتەوە، بەشێوەیەک کە رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبێت لە پێکهێنانی حکومەتدا. لیستی عەبادی کە حکومەت و دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە و لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرا، بە پێچەوانەی زۆربەی پێشبینییەکان لە دوای لیستی سەدر و فەتحی هادی عامری لە ریزی سێیەم دێت. لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە، ئەم هەڵبژاردنە لە کاتێکدایە کە عێراق و ناوچەکە لەبەردەم تەحەدای گەورەدان. بەتایبەتی دوای شکستی داعش، ئێران و ئەمریکا کە دوو گەمەکەری هەرە سەرەکین لە عێراقدا، ململانێی نێوانیان توندتر و بەهێزتر بووە، بێگومان ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی ئایندە دەبێت.

ئێستا برێت مەکگورک و قاسم سلێمانی کە دوو ئەکتەری سیاسی بەهێزن و هەڵگری دوو پەیام و ئەجندای لێکجیاوازن، جموجوڵەکانیان بە ئاراستەی دروستکردنی کوتلەیەکی مەزنی پەرلەمانی بەشێوەیەک ببێتە هۆی لەدایکبوونی حکومەتێکی بەهێز، هاوپەیمان و نزیک لە خۆیان، چڕکردووەتەوە. لەم روانگەیەشەوە، ئێران و ئەمریکا بەهۆی شکستی ئەو لیستانەی لێیان نزیکن، ناچارن بە دوای دروستکردنی هاوپەیمانێتیدا بگەڕێن کە ئەمەش بێگومان بێ کێشە و گرفت نییە. بەهۆی ئەوەی بەرنامە و ئەجندای لیست و قەوارە سیاسییەکان زۆر لێکجیاوازن و ناکوکی مەزنی سیاسی، تایفی و نەتەوەیی باڵی بەسەر ئەم وڵاتەدا کێشاوە. لەلایەکی تریشەوە، لە دوای 2003 ، سەرەڕای ململانێ و هەڤرکیی بەردەوامی نێوان ئەمریکا و ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تارادەیەک لێکتێگەیشتنێکی رانەگەیەنراو هەبووە سەبارەت بە پۆستی سەرۆک وەزیران و دروستکردنی حکومەت.

بەڵام دوای هاتنی ترەمپ، پێدەچێت ئەگەری هەماهەنگی و تەوافوق لەنێوان ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیرانی ئایندە، ئەگەرێکی زۆر لاواز بێت. بەتایبەت ئیدارەی ئێستای ئەمریکا سیاسەتێکی زۆر توندی هەمبەر ئێران گرتووەتە بەر و بە فاکتەری سەرەکی تێکدان و ناسەقامگیری و پاڵپشتیکردنی تیرۆری دادەنێت. ترەمپ داوای خۆڤەکێشان لە رێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران لە 8ی ئایار و ئاشکراکردنی دواین ستراتیژی خۆی کە لەلایەن مایک پامپیۆ لە 21 ی ئایاری 2018 راگەیەنرا، جەخت لەسەر سنووردارکردن و رووبەڕووبوونەوەی هەژموون و فراوانخوازیی ئێران دەکات لە عێراق و تەواوی ناوچەکە و داواش لە ئێران دەکات رێز لە سەروەریی خاکی عێراق بگرێت و دەست لە کاروباری ناوخۆی وەرنەدات.

بۆیە ئێستا پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا و ئێران لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو رێکنەکەون و سازش نەکەن، ئایا دەتوانرێت حکومەتی داهاتوو پێکبهێنرێت؟ ئایا دەتوانرێت حکومەتێک لە بەغدا دروست بکرێت بە تەواوەتی لە دەرەوەی کاریگەری و کارتێکردنی ئێران یان ئەمریکادا بێت؟ بژارە و ئەگەرەکانی بەردەم ئەمریکا و ئێران چی دەبن سەبارەت بە حکومەتی ئایندە؟

بێگومان لەحاڵەتی نەبوونی سازانی دوو لایەنی، تارادەیەک سەختە پێشبینی ئەوە بکرێت کە کام لایەن بە کۆکردنەوەی زۆرینەیەکی سیاسی، سەرکەوتوو دەبێ لە پێکهێنانی حکومەت. بەڵام لە حاڵەتێکی وەهادا، بژارەی بەردەم ئێران بەوشێوەیە دەبێت کە هەوڵ دەدات هەموو ئەو لایەنانەی لێی نزیکن (فەتح، دەوڵەتی یاسا، بەشێک لە لیستی نەسر، یەکێتی و بەشێک لە سوننەکان) گەورەترین کوتلەی ناو پەرلەمان دروست بکەن. بێگومان ئەمە یەکێکە لەو بژارانەی ئێستا قاسم سلێمانی هەوڵی بۆ دەدات. بەڵام ئەم سیناریۆیە بێ کێشە نییە، لە لایەک لەوانەیە ئێران نەتوانێت قەناعەت بە بەشێک لە لیستی نەسری سەر بە عەبادی بکات بۆ چوونە ناو ئەم هاوپەیمانییە. لەلایەکی تریشەوە ئەم سیاسەتەی ئێران رووبەڕووی کاردانەوەی توندی رەوتی سەدر دەبێتەوە کە لیستی یەکەمی هەڵبژاردنەکانە. بەدەر لەوەی رێککەوتن لەسەر کاندیدی سەرۆک وەزیران ئەوەندە ئاسان نابێت.

بەپێچەوانەوە، ئەمریکا هەوڵ دەدات حکومەتێک دروست بکات کە کەمترین کاریگەریی ئێرانی بەسەرەوە بێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا مەبەستیەتی، لیستەکانی عەبادی، حەکیم، سەدر، عەللاوی، نوجەیفی و پارتی لە یەک بەرەدا کۆبکاتەوە. بەڵام دیسان ئەم بژارەیە بۆ ئەمریکا ئەوەندە ئاسان نییە. لەلایەک لەوانەیە پارتی ئەمجارە بە ئاسانی نەچێتە ژێر باری سیاسەتی ئەمریکا، بەتایبەتی بەهۆی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کە گەلەکۆمەیەکی گەورە لە کورد و پارتی کرا و ئەمریکا بێ هەڵوێست و دەستەوەستان بوو بەرامبەری و چاوی پۆشی لە هێرشی ئێران و میلیشیا شیعەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. بۆیە بۆ رازیکردنی پارتی، دەبێت ئەمریکا پێشوەختە هەندێک هەنگاوی پراکتیکی بهاوێژێت و بەشێک لەو غەدرەی کە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە کورد کراوە، راست بکاتەوە.

لەلایەکی تریشەوە، ئەمریکا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەدر نییە، لە دوای 2003 پێکدادانی خوێناوی لە نێوان هەردوو لا روویداوە و دەیان سەربازی ئەمریکی بەدەستی هێزەکانی سەدر کوژران. بۆیە ئەمریکا متمانەی زۆری بە سەدر نییە، بەتایبەتی هەڵوێستەکانی سەدر زۆر جێگیر نین و بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت و بە ئاسانی سەنگەری خۆی دەگۆڕێت. هەروەها ئەگەر چی سەدر دژی دەستێوەردانی ئێرانە لە عێراقدا ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دژی مانەوەی هێزی سەربازی ئەمریکایە لە عێراق.

بەڵام سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی سەدر بەرامبەر ئەمریکا، هەندێک ناوەندی واشنتن باس لەوە دەکەن کە دەکرێت کار لەگەڵ رەوتی سەدر بکرێت، بەهۆی بوونی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا. لەوانە هەردوو لایەن لەگەڵ ئەوەدان کە دەسەڵاتی ئێران لە عێراق کەم بکرێتەوە. میلیشیا شیعییەکان دەبێت هەڵبوەشێنەوە یان تێکەڵ بە سوپای عێراق بکرێن. سەدر تارادەیەک دروشمێکی عروبی و ناتایفی هەڵگرتووە و لەگەڵ ئەوەدایە کە کورد و سوننە بەشداریی کارا لە حکومەتدا بکەن. هەروەها داوا دەکات عێراق لەسەر ئاستی هەرێمی، پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ دراوسێکان هەبێت، بە تایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی سوننی. بۆیە ئەم خاڵانە دەکرێت ببنە بنەمایەک بۆ کار و پرۆژەی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر ئەمریکا و ئێران لە رێگەی سازان و لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش کار بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە نەکەن و لەسەر کاندیدی سەرۆک وەزیران رێکنەکەون، زۆر سەختە حکومەتێکی بەهێز لە بەغدا دروست بکرێت. تەنانەت ئەگەر دروستیش بکرێت، حکومەتێکی زۆر لاواز و لەرزۆک دەبێت. عێراق دووبارە دەبێتە مەیدانی ململانێی نێوان هێزەکانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. بێگومان ئەمەش دووبارە وڵاتەکە دەخاتەوە ناو قەیرانێکی سیاسی و ئەمنیی گەورە و دەرگا بە رووی شەڕی بە وەکالەت دەکاتەوە کە دوور نییە بەرەو دابەشبوونی یەکجارەکی ببات.

***پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەمبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی کورد.**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# گولاڤ شەیدای شێخۆیە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel ا: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

Ford Go Further | AL-KASID

## فۆرد گەڕایەوە بۆ عێراق... لەگەڵ ئەلقاصد

ئۆتۆمبیلەکەت بە بێ بەرامبەر تۆمار بکە
بۆ بەدەستهێنانی

پشکنینی بێبەرامبەر بەپێی لیستی فۆرد

پشکنینی کۆمپیوتەری بێبەرامبەر

داشکاندنی لە 10%ی خزمەتگوزاری
هەڵبژێردراوی چاککردنەوە

*جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنمایەکان



Ford@al-kasid.ae
www.fordiraq.com
07716 500 500
Ford Go Further | AL-KASID

بنکەی چاککردنەوە - هەولێر: کۆمپانیای ئەلقاصد لە سەرەتای ڕێگای موسڵ    بنکەی چاککردنەوە - بەغداد: کەمپی سارە- لە بەرامبەر یانەی المشرق

Adiabin
Agency

بۆ ڕیکلامکردن لە تۆڕی میدیایی رووداو پەیوەندی بکەن بە:

RÛDAW

For advertise and media Production
www.adiabin.com - info@adiabin.com
Iraq - Kurdistan - Erbil - Ankawa St

+9647508334433
+9647508332233
+9647702521111